


# لە ڕۆژنامەی "کوردستان"
# و "کوردستان میدیا"وە

## خەزەڵوەری ٢٧٢٣

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ڕحمان نەقشی

# پێڕست

١- وێنەیەک و چەند سەرنجێک ............................................................. عەلی بداغی .......... ٤

٢- چەک بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد کەرەسەیە نەک ستراتیژی ......................... عومەر باڵەکی ........ ٩

٣- هۆکارەکانی هاندانی حەماس بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل ............................... ناسر ساڵحیئەسڵ ........ ١٣

٤- کورد و شەڕی حەماس و ئیسرائیل ........................................................ ڕەزا دانشجوو ......... ١٨

٥- هێرشی زەمینی بۆ سەر غەززە لە نێوان بەرژەوەندیی ئێران و ئەمریکادا ..................... سمایل شەرەفی ........ ٢٢

٦- کوردستان قوربانییەکی دیکەی شەڕی ئیسرائیل و حەماس .................................. ئارمان حوسێنی ........ ٢٥

٧- مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا ............................ مستەفا مەولوودی ..... ٢٧

٨- جینایەت و مرۆڤکوژی وەک شوناس و هەویەتیی کۆماری ئیسلامی .............................. عەلی بداغی .......... ٣٤

"٩- هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی ئیمانوێل ماکرۆن بۆ ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: کلیلی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی

١٠- پەیوەست بە حەماس"................................................................ حەسەن قارەمانی ...... ٣٨

١١- ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات: مەرگی ئارمیتا بەڵگەی زیندووی مناڵکوژی و ....... کوردستان ............ ٤١

١٢- کوشتنی ئارمیتا و ترسی ڕێژیم لە هێزی خەڵک ............................................ سمایل شەرەفی ........ ٤٣

١٣- نیشتمانی دزراوی نەتەوەیەک ............................................................... فەرزانە حەبیبی ...... ٤٦

١٤- ڕێژیمی ئێران و تۆتالیتاریزم ............................................................... موحسێن خەلیلی ....... ٥٢

١٥- نارەزایەتییەکانی خەڵک دژی ڕێژیم و شەڕی حەماس و ئیسرائیل .......................... سمایل شەرەفی ........ ٥٧

١٦- دۆڕانی کۆماری ئیسلامی لە وتەکانی حەسەن نەسروڵڵادا ................................... سمایل شەرەفی ........ ٦٠

١٧- ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و ئەخلاقی جیهانی دەرەوە ..................................... حەسەن قارەمانی ...... ٦٣

١٨- شەڕی مەزنگوتارەکان ........................................................ شاڕوخ حەسەن زادە ...... ٦٥

١٩- کۆماری ئیسلامی "ڕێژێمی سەهیۆنیست"ی بەڕەسمی دەناسێت .................................... دارسمە .............. ٧١

٢٠- ئەدەبیاتی بەرگری و بەرگری لە ئەدەبیات ................................................ جەماڵ فەتحی ...... ٧٤

٢١- ڕەمزی ناوت بووە ڕوونیی هەرچی پەیمانە (شەهید هادی شامرادی) ........................ برایم چووکەڵی ...... ٧٩

٢٢- ئاپارتایدی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی دژی نەتەوەی کورد ................................ د. مەجید حەقی ...... ٨٢

٢٣- کاتی هاتووە بایدن ستراتێژییە لاوازەکەی بەرانبەر بە ئێران بە باڵادەستیی دەسەڵاتدارانە بگۆڕێتەوە ................

.............................................................. و: کەماڵ حەسەنپوور - فێدراڵیست - چاک دەڤۆر ....... ٩٠

٢٤- ئوتووبانی دزی و گەندەڵی، وەپێشکەوتن ڕێگەپێدراو ............................................ ڕەزا دانشجوو ....... ٩٤

٢٥- عومەر باڵەکی: خەباتی پێشمەرگانەی کورد هەمووکات لە خزمەت ئامانجە سیاسییەکانی نەتەوەیەکی ڕزگاریخوازدا

بووە ...................................................................................... دیمانە: "کوردستان" ....... ٩٩

٢٦- لێیان تێک چووە! ................................................................... ئاسۆ مێنبەری ........... ١٠٨

٢٧- فڕین بە ونبووندا هەتا مەیدانی شۆڕش ................................................ سۆما ناسری ............. ١١١

٢٨- ئایا وڵاتانی ڕۆژئاوا جێبەجێکاری پیلانەکەی کۆماری ئیسلامین؟ ........................ ئەلبورز ڕوویینتەن ....... ١١٥

٢٩- واقعبینیی سیاسی و گرینگیی بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کورد ........................... مەنسوور مروەتی ......... ١١٧

٣٠- مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا (شۆڕشی مەشرووتە ١٩٠٦ی زایینی) ..........

.................................................................................. مستەفا مەولوودی ........ ١٢١

٣١- خێروبێری شەڕی غەززە بۆ کۆماری ئیسلامی ............................................ عەلی بداغی ........... ١٢٥


٣٢- خەڵکی ئێران و کۆماری ئیسلامی، دوو ئامانج و دوو ڕێباز .............................. سمایل شەرەفی ........... ١٢٨

٣٣- بەردەوامیی تێرۆرەکانی ڕێژیم لەسایەی بێهەڵویستیی کۆمەڵگەی جیهانیدا ........... عەلی بداغی ............. ١٣١

٣٤- ڕاگەیەندراو لەبارەی تیرۆری ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر .....................

..................................................................................... کوردستان میدیا ......... ١٣٤

# وێنەیەک و چەند سەرنجێک



عەلی بداغی

**جاناتان ڕەندالْ:**

**قاسملوو تەنیا ڕێبەری سیاسی بوو کە دەیتوانی لەگەڵ هەر دەوڵەت و لایەنێکی سیاسی دابنیشێ، قسەی خۆی بکا و ئازادیی سیاسیی خۆشی نەدۆڕێنێ ".**

**ئاماژە:**

لەو ڕۆژانەدا بڵاوبوونەوەی وێنەیەکی شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ سەدام حوسێن، سەرکۆماری پێشووتری عێراق لە بەرنامەیەکی تۆڕی مێدیایی "ڕووداو"دا دەنگدانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. باسی نە هێندە تازە بەڵام گرینگی دوای بڵاوبوونەوەی ئەو وێنەیە پرسی چەندی و چۆنیی پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی بەعس بوو. ئەم نووسینە بەکورتی ئاوڕ لەو بابەتە دەداتەوە.

## مێژووی ئەو وێنەیە:

ئەو وێنەیەی لەو ماوەیەدا بڵاو کرایەوە خۆی بەرهەمی ڕووداوێکی مێژوویی پرسی کوردە. لە ماوەی زستانی ١٩٨٢ هەتا هاوینی ١٩٨٤دا چەند گەڕ وتووێژ لەنێوان حکوومەتی بەعسی عێراق و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا بەڕێوە چوون کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شەخسی د. قاسملوو وەک نێوبژیوان دەوری گرینگ و بنەڕەتییان لەو نێوەدا گێڕا. ئەم وتووێژانە بە هێندێ هۆکاری نێوخۆیی و لە سۆنگەی دەست تێوەردانی دەرەکییشەوە بەئاکام نەگەیشتن، بەڵام هەرلەوحاڵەدا بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد و خەبات و تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگانەی باشووری کوردستان دەسکەوتێک بوون.

ئەم وێنەیە لە یەکێک لەو کۆبوونەوانەی وتووێژی یەکیەتیی نیشتمانی و حکوومەتی عێراقدا گیراوە کە شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو وەک شاهید و لایەنێکی سێیەم تێیاندا ئامادە بوو. شاندی یەکیەتیی نیشتمانیی بۆ ئەم وتووێژانە لە نەمر مام جەلال تاڵەبانی و چەند ئەندامی ڕێبەریی یەکیەتی بۆ وێنە کاک نەوشیرەوان مستەفا پێکهاتبوو. لە قۆناغەکانی پێشتر و دواتریشدا شەهید دوکتور قاسملوو و بەگشتی حیزبی دێموکرات لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانیاندا ئەوەندەی لە توانایاندا بووە تێکۆشاون سەرنجی حیزب و دەوڵەت و کەسایەتییە بیانییەکانیان بۆ لای پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان ڕابکێشن و بەشێک لە پرۆژەی چارەسەر بن. بنەمای پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق لەسەر ئەو بنەڕەتە بووە کە ئەو پێوەندییانە نەک هەر لەسەر حسێبی خەڵک و بزووتنەوەی ئەو بەشەی کوردستان نەبن، بەڵکوو ئەوەندەی بکرێ کۆمەگ بە پاراستنی بەرژەوەندی و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کورد لە باشوور و هەموو بەشەکانی کوردستان بکەن.

## پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و حکوومەتی عێراق

دابەشبوونی مێژوویی کوردستان بە سەر چوار وڵات لە یەک سەدەی ڕابردوودا و سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی لەو وڵاتانە کە ئامادە نەبوون دان بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورددا بنێن، بزووتنەوەی کورد لە هەر بەشێکی کوردستانی ناچار کردوە کە بۆ کۆمەگ بە بەردەوامبوونی خۆی و دەستڕاگەیشتن بە دنیای دەرەوە پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی حاکم بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش دوای نسکۆی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) و پەڕیوەبوونی بەشێک لە کادری ڕێبەری و تێکۆشەرەکانی بۆ باشووری کوردستان پێویستیی بە دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی عێراق هەبووە.

لە نیوسەدەی ئەم دواییەدا یەکەم گەراکانی پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و حکوومەتی ناوەندیی عێراق دوای بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بە ئاگاداری و هاوکاریی پارتی دێموکراتی کوردستان دانران. تەنانەت شەخسی مەرحووم مەلامستەفا بارزانی و خوالێخۆشبوو سامی عەبدولرەحمان کە ئەوکات وەزیری کاروباری باکوور لە کابینەی ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، لە گرێدانی ئەو پێوەندییەدا رۆڵی بنیاتنەریان هەبوو. دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزب کە دواتر زۆرترین نەخشی لە پەرەسەندنی ئەو پێوەندییانەدا هەبوو، بە پێداگری لە سەر خاڵە هاوبەشەکان کۆمەڵێک بنەمای ئوسوولیی بۆ ئەو پێوەندییە پێناسە کردبوو، واتە پێوەندییەکە بەرەسمی و بەراشکاوی لەسەر چەند بنەما دامەزرا. وەک:

هەردوو لا باوەریان بە پرەنسیپەکانی سۆسیالیزم هەیە، هەردوو لا لە بەرەی دژی ئیستیعماریدان و هەردوو لا باوەریان بە چارەسەری کێشەی کورد بە شێوەی خودموختاری هەیە. هەر لەو پێوەندییەدا و لەو کاتدا کە بەهۆی رێککەوتنی ئادارەوە شەر راگیرابوو، و پێوەندییەکانی نێوان رێبەرایەتیی شۆرشی ئەیلوول و حکوومەتی عێراق بەباشی دەچوونە پێش؛ د. قاسملوو بەسەراحەت رایگەیاند: "ئێمە هەم دۆستی ئێوەین، هەم دۆستی پارتی دێموکراتی کوردستانین. بۆ ئێمە زۆر جێگای خۆشحاڵییە کە هەردوو دۆستەکەشمان پێکەوە دۆستن. بەڵام ئەگەر رۆژێک خودا نەخواستە ئەو دۆستایەتییە تێک بچێ، ئێمە نە دۆستایەتیی ئێوە بۆ پارتی وەلا دەنێین، نە دۆستایەتیی پارتی بۆ ئێوە وەلا دەنێین."(١) واتە هەر لەسەرەتاوە بە حکوومەتی عێراقی راگەیاند کە ئەگەر رۆژێک لەنێوان دۆستەکانیدا شەر روو بداتەوە، حکوومەتی عێراق نابێ ئەو چاوەروانییەی هەبێ حیزبی دێموکرات لایەنی ئەو بگرێ و لە دژی کوردی عێراق هەڵوێستی هەبێ و بەم جۆرە بناخەی سەربەخۆیی سیاسیی خۆی لە لای دەوڵەتی عێراق جێگیر کرد.

ئەمە هەر لەجێدا دەرکەوتنی "سەربەخۆیی سیاسی" وەک پرەنسیپی نەگۆری حیزب بوو کە لە هەموو مێژووی حیزبی دێموکراتدا بەشێک لە ویژمانی رەسمیی حیزب بووە کە ئێمە بە خاتری دۆستایەتی قەت واز لە سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ناهێنین. بەڵام لەبەر خاتری سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ئەگەر پێویست بوو، واز لە دۆستایەتی دەهێنین. کەوابوو پێوانە بۆ حیزبی ئێمە سەربەخۆیی بریاردان و قازانجی میللەتەکەمانە. نەمر دوکتور قاسملوو هەروەها لە زۆر بەڵگە و دێکیۆمێنتی حیزبیدا پێداگریی لەسەر ئەوە کردووە کە حیزبی دێموکرات، حیزبێکی سەربەخۆیە و سەربەخۆیی خۆی لە هەموو شتێکی دیکە بەلاوە گرنگترە. ئەوەی بە قازانجی خەڵکی کوردستانی بزانێ جێبەجێی دەکات و هیچ کەس و لایەنێکیش ناتوانێ نەزەری خۆی بەسەردا بسەپێنێ.

تەنانەت دوای شۆرشی گەلانی ئێران و پاش سەپێندرانی شەر بەسەر کوردستان لەلایەن حکوومەتی تارانەوە و هەڵگیرسانی شەر لەنێوان عێراق و ئێراندا و لە کاتێکدا حیزبی دێموکرات و حکوومەتی عێراق ئێستا ئیدی یەک دوژمنی هاوبەشیان هەبوو و بەرواڵەت دەبوو لە بەرەیەکدا بووایەن، حیزبی دێموکرات نەک هەر ئامادە نەبوو بچێتە بەرەی دەوڵەتی عێراقەوە

بەڵکوو بە دەرکردنی بەیاننامەیەک ڕایگەیاند ئەگەر کۆماری ئیسلامی وەک پرەنسیپ وەڵامی ئەرێنی بە داخوازییەکانی کورد بداتەوە و مافی خودموختاری بۆ کوردستان بەڕەسمی بناسێ؛ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان شانبەشانی سوپای ئێران دەچنە بەرەی شەڕەوە. هەڵوێست لەسەر بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتوو کە حیزبی دێموکرات بە عەمەلیاتی فاشیستیی ناو برد، بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە، هاوکاریی‌نەکردنی نیزامی و هەوالگریی حکوومەتی عێراق لە شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا و، نێوەندگیری و یارمەتیدانی خەباتی سیاسیی کورد لە باشووریش تەنیا چەند بەڵگەیەکی بچووکی دیکە بۆ دەرخستنی بایەخەکان و چەندوچۆنیی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حکوومەتی عێراقن. بۆیە مێژووی چەند دەیە پێوەندیی حیزبی دێموکرات و حکوومەتی ناوەندیی عێراق و وردەکاری و چەندوچۆنیی ئەو پێوەندییانە بەڵگەی ڕووسووری بۆ حیزبی دێموکراتە کە لە هەموو قۆناغ و پێچوگەوەکانی ئەو پێوەندییانە بە سەربڵندی هاتە دەر. "حاشای لێناکرێ کە دەوڵەتی عێراق ئەو دەوڵەتە بووە کە حیزبی دێموکرات پێوەندییەکی بەردرێژی لەگەڵیدا هەبووە. لەگەڵ ئەوە کە هاوکاریی ماددی و کارئاسانیی لۆجیستیکیی بەغدا بۆ حیزبی دێموکرات شتێکی حاشاهەڵنەگرە، یەکێک لە خاڵە هەرە درەوشاوەکانی کارنامەی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە هەرگیز حازر نەبووە بەهۆی پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی عیراق کەمترین زیان (تەنانەت بە هەست برینداركردنیش) بە بزووتنەوە و خەڵکی باشووری کوردستان و سەرانسەری عێراق بگەیەنێ. تەنانەت لەسەر ئاستی نیزامییش، لەحاڵێکدا کە شەڕی ئێران و عیراق و خۆڕاگریی چەکدارانەی کوردی ڕۆژهەلات هاوکات بوون، حیزبی دێموکرات نەک هەر قەت حازر نەبوو هێز و بەرەی شەڕی خۆی دژی ڕێژیم لەگەڵ سوپای عیراق یەک بخا. (٢)

پاش ڕووخانی حکوومەتی بەعس (٢٠٠٣) تەواوی بەڵگە نهێنییەکانی عێراق کەوتنە دەست ئەمریکایی، عێراقی و کوردەکان. زۆر کەس لە نەیارانی کوردی ڕۆژهەلات و حیزبەکانی بەتایبەت کۆماری ئیسلامی، بەدوای بەڵگەیەکدا دەگەڕان کە بتوانن لەدژی حیزبی دێموکرات بەکاری بێنن، بەڵگە لەسەر هێندێ کەس و لایەن دەرکەوتن، بەڵام لەسەر کوردی ڕۆژهەلات و حیزبی دێموکرات هیچیان دەست نەکەوت. یانی نەک هەر یەک بەڵگەش نەدیتراوە کە حیزبی ئێمە بڕیارێکی لەدژی بزووتنەوەی کوردی باشوور یان هیچ شوێنێکی دیکە دابێ، یان لەسەر حسێبی بەرژەوەندیی ئەوان کارێکی کردبێ. د. مەحموود عوسمان، پارلمانتاری پێشووی عێراق و کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی باشووری کوردستان لەو سەروبەندەدا لە کۆڕێکی سیاسیدا بە گێڕانەوەی مێژووی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و حکوومەتی ناوەندیی عێراق ڕایگەیاند حیزبی دێموکرات ڕووسوورە لە مێژووی کورددا و بۆ ئەم ڕووسوورییەش تێچووی زۆری داوە: "کوردی عێراق وەکوو نەتەوە هەمیشە دۆست و پشتیوانیی حیزبی دێموکرات بوون و خەڵکی کوردستانی ئێرانیش هەمیشە لەکاتی پێویستدا بە هاواری کوردی عێراقەوە هاتوون و لەو پێوەندییەشدا حیزبی دێموکرات نەخشی سەرەکیی هەبووە. هەروەها حیزبی دێموکرات لە پێوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی عێراقیشدا هیچکات زەرەری لە کوردی عێراق نەداوە، بۆخۆی زەرەری کردوە و ئامادە بووە قازانج و بەرژەوەندیی خۆی وەلا بنێ، بەلام هیچ زیانێک لە کوردەکانی عێراق نەکەوێ. ئەو هەمووە فایلەی کە دوای

ڕووخانی حکوومەتی عێراق لە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و (موخابرات)ی عێراق دەستی حکوومەتی نوێ، خەڵک و هێزە سیاسییەکان کەوتوون، نەک هەر هیچ شتێکی نەرێنییان لەسەر حیزبی دێموکرات تێدا نەبوو، بەڵکوو زۆر شتی ئەرێنیشیان بۆ حیزبی دێموکرات تێدابوو کە جێی شانازیین. "(٣)

## ئاکامگیری:

پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق لە هەموو قۆناغ و برگە مێژووییەکاندا پێوەندییەکی سەربەرزانە بوو. ئەم ڕابردووە ئەوەندە خاوێنە کە نە بۆ حاشالێکردن، بەڵکوو بۆ لێفێربوون دەبێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەردەوامیی خەباتی سیاسیی خۆیدا و بە پێی سروشتی خەبات و تێکۆشانەکەی هەمیشە فاکتەری پێوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی بۆ گرینگ بووە، بەڵام لە هەموو کاتوساتێکدا ئەگە بە زیانیشی شکابێتەوە پرەنسیپەکانی خۆی ڕەچاو کردوون و پرسی کورد و بەرژەوەندییەکانی و پێویستیی پاراستنی لە تەواوەتیی خۆیدا یەکێک لەو پرەنسیپە نەگۆڕانەی حیزبی دێموکراتن. پرەنسیپێکی نەگۆڕی دیکەی ئەم حیزبە ڕاگرتنی سنووری نێوان دۆستایەتی و بەستراویی سیاسی لە پێوەندییە هەرێمی و نێونەتەوەییەکاندایە کە لەم نووسینەدا بە پوختی باسی کرا. دوو دەیە پاش ڕووخانی حکوومەتی بەعس، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای شانازیکردن بە مێژووی هەڵوێست و بایەخە ئوسوولییەکانی لە پێوەندییە دوولایەنەکانیدا، بۆ بەردەوامیی پێوەندییەکانی لەگەڵ خەڵک و حکوومەتی عێراق پشت بە ئەزموونی دەوڵەمەند و پاشخانی بەهێزی لە بنەما دروستەکانی پێوەندییەکانی لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتوودا دەبەستێ.

١- ئەزموونی خەبات"، ئاورێک لە ژیان و خەباتی عەبدوڵڵا حەسەنزادە، لاپەڕەی ٧٣.

٢- د. ئاسۆ حەسەنزادە، پارا-دیپلۆماسیی کورد: ئاورێک لە سێ چارەگە سەدە پێوەندیی نێونەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کتێبی حیزبی دێموکراتی کوردستان، قەڵای خۆڕاگری ناسنامەی نەتەوەیی، کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب، گەلاوێژی ١٣٩٩.

٣- کوردستان"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە ٣٦٩، ٢٢٧ ژووئیەی ٢٠٠٣ (٣١ی پووشپەڕی ١٣٨٢).

١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# چەک بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد کەرەسەیە نەک ستراتیژی




**عومەر باڵەکی**

ماوەیەکە کۆمەڵێک دەزگای ڕاگەیاندن لە دەرەوەی وڵات هاوشان لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی و پەیجە سێبەرەکانی لە گەڕێکی دیکەی هەوڵەکانیاندا دەیانەوێ خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لە جووڵەیەکی چەکداریدا پێناسە بکەن. ئەو لایەنانە بەبێ گەڕانەوەی بۆ مێژووی حیزب و بێ سەرنجدان بە فەلسەفەی دامەزرانی حیزب، هەموو فیداکاری و بەربەرەکانی هێزی پێشمەرگە لە بەرانبەر هێزی شەڕفرۆش و کۆکوپۆشتەی کۆماری ئیسلامیدا لەو چوارچێوەیەدا قەتیس بکەنەوە. هەروەها بە هەوڵی نەزۆکی خۆیان دەیانەوێ ئەوە بە بیروڕای گشتیی ئێران و جیهانیش پێشان بدەن کە کورد و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو شتێک لە لولەی تفەنگدا دەبینن و چەک و جووڵەی چەکداری وەک ستراتیژیی خەبات چاو لێ دەکەن.

ئەو جۆرە دەربڕین و لێکدانەوانە هەمان بۆچوونی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە دەرحەق بە جووڵانەوەی نەتەوەیی و مافویستیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە پێی وایە ئەگەر هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەکیان پێ نەبێ، جووڵانەوەکە لە نێوخۆی کوردستان لە پێی دەکەوێ. بەڵام هەمووان دەزانن کە خەباتی نەتەوایەتی و مافخوازانەی

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی دووردرێژی هەیە و لانیکەم مێژووی نزیک بە سەد ساڵی ڕابردوو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە کورد و ڕێبەرانی سیاسیی بزووتنەوەی سیاسیی کورد خەباتێکی سیاسی و شوناسخوازانەیان بەڕێوە بردووە لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ حکوومەتە ناوەندییەکانیشدا قەت دەستپێشخەری شەڕ نەبوون و بەڵکوو هەموو کات ئەوە دەسەڵاتدارانی تاران بوون شەڕیان بە گەلی کورد وجووڵانەوەکەی فرۆشتووە و ویستوویانە لە ڕێگەی شەڕێکی نابەرامبەر چۆک بە داواکانی کورد دابدەن کە قەت تێیدا سەرکەوتوو نەبوون.

کاتێک ئاوڕ لە مێژووی ئەو بزووتنەوەیە و ساتەوەختی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەیەوە، دەبینین کە ئەم حیزبە بنەڕەتی دامەزرانی خۆی بۆ ئیدارەدانی نیشتمانی خۆی و دەستەبەری مافە سیاسی و مەدەنییەکانی داناوە و بەکردەوەش لە چوارچێوەی کۆماری کوردستاندا توانی لەو ماوە کورتەدا بەرنامەکانی خۆی وەدی بێنێ. بۆیە هیچ سەند و بەڵگەیەک نییە کە گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەییان لە چەک و چەکداریدا وێنا کردبێ. لە هەمان کاتدا دامەزراندنی سپای میللی و پێدانی نازناوی پێشمەرگە بە تاکەکانی ئەو سپایە ئەو ئامانجەی لە پشت بووە کە لە کاتی دەستدرێژیی نەیارانی کورد بۆ سەر خاک و هەرێمی کوردستان پارێزگاری لەو خاکە و نەتەوە بکا و هاوکات ئەمنییەتی نێوخۆی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماریش دابین بکا.

دوای نسکۆی کۆماری کوردستانیش بەکردەوە هەتا ساڵانێکی دوور جووڵانەوەی سیاسیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هێزی پێشمەرگە بێبەش بووە و ئەو خەباتە لە ڕێگای ڕێکخراو و تەشکیلاتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەردەوام بووە. بەو شێوەیە کە کادرە دڵسۆزکانی حیزب سەرەرای تەوژمی توندی سازمانی ئەمنییەتی ڕێژیمی پاشایەتی توانیویانە بە دروستکردنی ڕێکخراویکی بەربەرین لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا جووڵانەوەی شوناسخوازی و مافویستی گەلی کورد لەسەر پێ ڕابگرن وبەرەو پێشی بەرن و هاوکات پێگەی حیزب لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا بەهێزتر بکەن. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە هەر ئەوەندە بەسە ئاماژە بە دوای ڕوخانی ڕێژیمی پاشایەتی بکەین کە چۆن کۆمەڵانی هەراوی خەلکی کوردستان لە هەموو چین و توێژێک و بە هەزار هەزار لە دەوری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆ بوونەوە.

لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و بە دەسەڵاتگەیشتنی خومەینی و داردەستەکەی و دامەزراندنی سیستمێکی دەوڵەتداری لەژێر ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئەو نیزامە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە لەگەڵ هەموو دونیای پێشکەوتوو لە شەڕ و ناتەباییدا بوو، و گەلی کوردیش لەو شەڕەنگیزی و دوژمنکارییە کۆماری ئیسلامی بێبەری نەبوو. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵ و تێکۆشانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانە و سەردەمیانەی پرسی کورد لە ئێران پشتگوێ خست و بە فیتوای جیهادی خومەینی -ڕێبەری ئەو نیزامە- شەر بەسەر

کوردستاندا سەپێندرا و هەتا ئێستاش ئەو شەڕە لە فۆڕمی جۆراوجۆردا بەدژی گەلی کورد و جووڵانەوەکەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بەردەوامە.

لەو هەلومەرجەدا کە شەر بەسەر کوردستاندا سەپا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک گەورەترین حیزب لە بواری پێگەی جەماوەرییەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبوایە بۆ بەرگری لە بوونی گەلی کورد شان وەبەر شەڕێکی داسەپاو بدا.

لە مێژە گوتراوە کە ئاستی توندوتیژی لە خەباتدا، دوژمن دیاریی دەکا، مادام شەڕ بە سەر کوردستاندا سەپاوە، حیزبی دێموکراتیش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو توندوتیژییە و بەرگری لە خەڵکی کوردستان دەبوایە وەک حیزبێکی بەرپرس لەگەڵ گەلەکەی خۆی بۆ هەر ئەگەرێک ئامادە بکا و هێزی پێشمەرگە سازمان بدا، کە خەڵکی کوردستان و مێژوو شایەتی بۆ ڕادەی فیداکاری و لەخۆبوردوویی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب دەدەن. بەڵام لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی هێزی پێشمەرگە بووە لە هیچ بەڵگە و نوسراوەیەکی حیزبی دێموکراتدا چ نێوخۆیی و چ دەرەکی بابەتێکی وا بەرچاو ناکەوی کە پێشان بدا خەباتی چەکداری بۆ حیزبی دێموکرات ستراتیژی بووبێ. پێچەوانەی ئەوە هەموو کات چ بە نووسین و چ بە دەربڕین پێداگری لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە چەک کەرەسەیە نەک ئامانج و ئەوە بەڕوونی لە دروشمەکانی حیزبدا دیار و بەرچاوە. ئەو دوو دروشمە "ڕێکخراو چەکی گرینگی ئێمەیە" و "پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە" هەموو کات لە بنکە و شوێنی کاری حیزبیدا بە بەرچاوی هەمووانە بووە و چەک بۆ حیزبی دێموکرات هەمیشە کەرەسە بووە نەک ئامانج. کە دەشگوتری چەک کەرەسەیە بەو مانایە کەرەسەیەکە بۆ بەرگری لە بەرانبەر هێرشی دوژمن و لە هەمان کاتدا کەرەسەیە لە خزمەت ئامانجە سیاسییەکانی حیزب و ئەوە لە ساختاری ئۆرگانیزم و تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە وکاری پێ کراوە.

بەڵام لەگەڵ ئەم کورتە ڕوونکردنەوەی سەرەوە واباشە بە کورتییش بێ باسێک لەسەر پێویستی بوونی هێزی پێشمەرگە لە خەباتی نەتەوایەتی و مافویستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکەین. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ وەبیرخۆمان بێنینەوە نەتەوەی کورد بە گشتی لە سەدەی بیستویەکدا گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتە و خاک و گەلەکەی بەبێ پرس و گەڕانەوە بۆ ئیرادەی نەتەوەی کورد بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە. هەروەها پتر لە سەد ساڵە دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستان بە هەموو کەرەسەیەکی بەردەستیان هەوڵیان داوە پرسی شوناسخوازیی کلورد لەبن بێنن و زمان و کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەی کورد لە زمان و کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەستدا بتوێننەوە. ئەو سیاسەتەش لەگەڵ پەرچەکرداری نەتەوەی کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بەرەوڕوو بووە و بە چەندین جووڵانەوەی نەتەوەیی و مافخوازیی لێ کەوتۆتەوە و گەلی کورد بۆ ئەوەی بتوانی لە گەردەلولی شەرەنگیزیی دوژمنەکانیدا خاک و شوناسی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ، بەناچار دەستی بۆ چەک بردووە و هێزی نیزامیی ڕێک خستووە و ئەوە وای کردووە هەتا ڕادەیەکی باش

توانیویەتی پارێزگاری لە خاک و زمان و کولتووری خۆی بکا و پرسی کورد لە چەقی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا بەزیندوویی ڕابگرێ.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لەسەردەمی پاشایەتی وچ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەبات بۆ وەدەستخستنی مافەکانی گەلی کورد بە خاوندارەتی لە هێزی پێشمەرگە پشکی شێری بەر کەوتووە. بەلام بۆ ڕوونبوونەوەی پتری ئەو بابەتە کە حیزبی دێموکرات و بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هیچ کاتدا ئازادییان لە لولەی تفەنگدا بەدی نەکردووە، پێویستە ئەو بابەتە بخەینە ڕوو کە پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەروەردەیەکی سیاسیی و نەتەوەیی بووە و هەرواش دەمێنیتەوە. بە واتەیەکی دی هەر پێشمەرگەیەک لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وەک ئەندامی حیزب بە پەروەردەیەکی سیاسیی و نەتەوەیی پەروەردە دەبێ و باوەڕی بەو دروشمە قایم دەبێ کە ئەوە ڕێکخراوە چەکی دەستی هەر ئەندام و تاکێکی کوردە. ئەوەش دوای ٤٤ ساڵ تەبلیغاتی بێبنەمای دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە گوایە حیزبی دێموکراتی لە مەیدان بەدەر کردووە و ئاسەواری نەهێشتووە، لە ڕاپەرینی ژینادا سەلمێندرا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بێئەوەی تاقە فیشەکێک ڕوو بە دوژمن بتەقێنێ، بوون و هێزی بەهێزی لەنێو خەڵک و لەسەر شەقامەکانی کوردستان هەبێ. لەو حاڵەتەدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و نەیارانی ئازادی وسەربەستی کورد کاتێک بە زەقی و بەڕوونی ئەو ڕاستییە دەبینن، هەموو هەوڵی سیاسی و دیپلۆماسی و ئەمنیەتی و ئابووری و تەبلیغیی خۆیان دەخەنە گەڕ کە بەربەست بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکەن و بە خەیاڵی خۆیان حیزب و خەڵک لێک دابپڕێنن. هەروەها لە هەمان کاتدا وا بنێنن خەباتی کورد و حیزبەکان و هێزی پێشمەرگە وا پێناسە بکەن کە تەنیا لە چەکدا خۆ دەبیننێتەوە کە ئەوە خەیاڵێکی خاوە، چونکە جووڵانەوەی شوناسخوازی و مافویستیی گەلی کورد لە ناخی کۆمەڵگەی کوردستاندایە و لەسەر شەقامەکانی کوردستان خۆدەنوێنی .

ئەو نووسینە بە وتەیەکی نەمر شەهید د. قاسملوو کۆتایی پێ دینم. شەهید د. قاسملوو لە دوا وتووێژی خۆیدا لەگەڵ بی بی سیی فارسی دەڵێ هۆکاری دۆخی ئێستای ئێران و خەباتی چەکداریی ئێمە نەبوونی دێموکراسی لە وڵات و بوونی سیستمە دیکتاتۆرەکانە: " ئەگەر سەرنجتان دابێ ئێمە «دێموکڕاسی بۆ ئێران»مان وەپێش «خودموختاری بۆ کوردستان» خستبوو، نەک لەبەر ئەوەی بە باوەڕی ئێمە دێموکڕاسی هەموویە و خودموختاری بەشێکە لە دێموکڕاسی، بەڵکوو لەبەر ئەوەی باوەڕمان وایە بەبێ دێموکڕاسییەکی سەقامگیر لە ئێران، ئەگەر خودموختاری بەدەستیش بێنین ئەم خودموختارییە دەکەوێتە مەترسییەوە. ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا چەکەکانمان دەستەبەری پاراستنمانن. بەڵام ناکرێ هەتاهەتایە چەکمان پێبێ، دەبێ شتی دیکە لەجێی چەک دابنێین. ئەو شتەی دەتوانێ جێی چەک بگرێتەوە تەنیا دێموکڕاسییە".

٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# هۆکارەکانی هاندانی حەماس بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل



**ناسر ساڵحیئەسڵ**

هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و بەدوای ئەودا کاردانەوەی بەرین و بەربڵاوی ئیسرائیل بۆ هێرشکردنە سەر کەرتی غەززە، بۆ جاریکی دیکە کێشەی فەلەستین- ئیسرائیلی کردەوە بە سەرتیتری هەواڵدەرییەکانی جیهان.

بۆ هەر شەڕ و کێشەیەک دەتوانین هۆکار و ئەنگیزە و ئامانجگەلێک لە بەرچاو بگرین. هەربۆیە ڕەنگە بۆ زۆر کەس و لایەن ئەو پرسیارە ساز بێ کە چ هۆکارگەلێک حەماسی لەو کات و ساتەدا بۆ دەستپێشخەری بۆ ئەو شەڕە هان دا؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ لەسەر سێ هۆکاری سەرەکی ورد بینەوە:

**یەکەم**، دوا پێکداداانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان دوو ساڵ لەوە پێش بوو کە لە کەرتی ڕۆژئاوای فەلەستین ڕووی دا. بەشێک لەو پێکدادانە لەسەر زەوی و چوڵکردنی خانووەکانی عەرەبەکانی ڕۆژهەڵاتی بەیتولموقەدەس (ئورشەلیم) بوو. بەپێی یاسای پەسەندکراوی ئیسرائیل سەبارەت بە زەوی و خانووکانی ڕۆژهەڵاتی ئورشەلیم، ئەو زەوی و خانوویانەی پیش ساڵی ١٩٤٨ی زایینی، ئەگەر جوولەکەیەک ئیدعا و داوای خاوەندارەتیی بکا، دەبێ بە جولەکەکان بدرێتەوە! بەڵام ئەگەر عەرەبیک داوای ئەو زەوی و خانوویانە بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر بەڵگە و سەندیشی هەبێ پێیان نادرێتەوە! ئەوە و زۆر

بابەتی دیکە لەسەر پرسی خاک و زەوی یەک لە کێشە و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکانە کە چارەسەرکردنی زۆر دژوارە. هەروەها هێرشی ئیسرائیل لە مانگی ڕەمەزان بۆ سەر مزگەوتی ئەلئەقسا، هۆکاریکی دیکە بوو بۆ هێرشی حەماس بۆ توڵەکردنەوە. هەر ئەوەش بوو کە حەماس هێرشی ١٥ی ڕەزبەری ناو ناوە "گەردەلوولی ئەلئەقسا."

**دووهەم**. پرسی پرۆسەی ئاسایی‌کردنەوەی پێوەندییەکان لە نیوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی و بە تایبەت ئاسایی‌بوونەوەی پێوەندییەکان لە نێوان عەرەبستان و ئیسرائیل بوو. پرۆسەی ئاسایی‌کردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ عەرەبستان بۆ ئیسرائیل و تەنانەت بۆ ئامریکاش زۆر گرینگە؛ بەشێکی ئەو گرینگییە بۆ جێگە و پێگەی وڵاتی عەرەبستان لە نێو وڵاتانی عەرەبی و موسوڵماندا دەگەڕێتەوە. ئیدارەی بایدن پێشتر ڕایگەیاندبوو کە ئاسایی‌کردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان عەرەبستان و ئیسرائیل لە کۆتاییەکانی ٢٠٢٣ و سەرەتای ٢٠٢٤ بەئاکام دەگات. ئاسایی‌کردنەوەی پێوەندییەکان لە نیوان عەرەبستان و ئیسرائیل بووە هۆی نیگەرانی فەلەستینیەکان، چونکی بەمجۆرە ئەوان خۆیان لە پەراوێزی کێشەکانی ناوچەدا دەدیتەوە و حەماس لەپێناو مەرامە ئیدۆلۆژیکییەکانیدا ئەوەی قۆستەوە.

لێرەدا پێویستە بۆ ڕوونبوونەوەی بیروباوەڕی حەماس، ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ بکەین و ئەویش ئەوەیە گرووپی حەماس لە ڕوانگەی بیر و باوەڕەوە نزیک لە میحوەری ئیخوانولموسلمینە. واتا لە قەتەر و تورکیە نزیکترە تا عەرەبستان! پاش ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی، کێبەرکێی لە نیوان ڕوانگە و میحورەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین سەری هەڵدا کە بریتی بوون لە:

ئا: ڕوانگەی ئیخوانولموسلمین بە ڕێبەریی قەتەر و تورکیە.
ب: ڕوانگەی بەرەی مێحوەری موقاوەمەت، بە ڕێبەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران.
پ: ڕوانگەی بەرەی نەریتخوازەکان، بە ڕێبەریی عەرەبستان و ئیمارەتی یەکگرتووی عەرەبی.

لە کەرتی غەززە گرووپی حەماس لە بواری بیروباوەڕەوە لە بەری ئیخوانییەکان نزیکە و گرووپی جیهادی ئیسلامی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نزیکتر بووە. هەربۆیە ئەو دوو گرووپە هەرگیز نەیانتوانی لە کەرتی غەززە هەڵبژاردن بۆ شووراکان و پارلمان بکەن! دیتمان و بیستمان کە لە کاتی موشەکبارانکردنی نەخوشخانەی ئەهلی غەززە، قامکی تاوان بۆ جهادی ئیسلامی درێژ کرا نەک بۆ حەماس! چونکە وڵاتانی ڕۆژئاوا باش دەزانن و ئاگادارن کە لە کاتی شکان و دۆڕاندا ئەو جنایەتانە هەر لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەوەشێتەوە کە خەڵکی بێتاوان دەکاتە قوربانیی سیاسەتی چەوت و مرۆڤکوژییەکانی خۆی.

لەبەر ئەوەش کە وڵاتی قەتەر لەلایەک ڕکابەری ناوچەیی عەرەبستانە و لەلایەکی دیکەوە لەسەر کێشەی فەلەستین و لیبی و لەسەر دەریای سووریش ڕوانگەی جیاوازی هەیە، کەوابوو ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی عەرەبستان و ئیسرائیل هەم بۆ حەماس و هەم بۆ قەتەر شتێکی گرینگ و خاڵێکی وەرچەرخان دەبێ لە سیاسەت و هەڵوێستیان. لە واقیعدا دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەو ئاساییکردنەوە و دروستبوونی پێوەندییەکانی ئیسرائیل و عەرەبستان سەر بگرێ، جۆریک بڕیارنامەی ٢٤٢ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان سڕ دەکرێ و ئەگەری وەدیهاتن و دامەزراندنی دوو دەوڵەتی ئیسرائیل و فەلەستین کاڵ دەبێتەوە. بە مانایەکی دی هاوکێشە نوێیەکانی پێوەندیی نێوان عەرەبستان و وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل دەبێتە جێگرەوەی بڕیارنامەی ٢٤٢ کە پشتیوانی لە دروستبوونی دوو دەوڵەتی ئیسرائیل و فەلەستین لە دراوسێیەتیی یەکتردا دەکا. بۆیە ئەو دۆخە نوێیە و پرسی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان هەم زۆر گرینگ و جێگای تێڕامانە هەم بەرەی ئیخوانەکان و مقاومەتی بەتەواوی تووڕە کردبوو.

دیارە پڕۆسەی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی هەر لە مەراکێش تا بەحرەین و سوودان و بە عەرەبستانیشەوە بەرهەمی پرۆسەیەکی درێژخایەنی پێوەندییە بازرگانی و گشتیارییەکانی ئەو وڵاتانە لەگەڵ ئیسرائیل بووە. بۆیە ئەم پڕۆسەیە بەهۆی ئەم شەڕەوە کە حەماس هەڵیگیرساندووە ڕەنگبێ لە کورتماوەدا ڕابگیرێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە دیسان ڕەوتی خۆی دەست پێ دەکاتەوە. چونکە عەرەبستان و بە تایبەت محەممەد بن سلمان، شازادەی جێنیشینی عەرەبستان لەسەر ئەو باوەڕەیە ئاساییکردنەوەی پیوەندییەکان دەسکەوتێکی گەورەی بازرگانیی بۆ وڵاتەکەی دەبێ و دەیکاتە میحوەری سەرەکی بۆ وڵاتانی عەرەبی و ناوچە و ڕۆژهەڵاتی ناڤین. هەروەها هەلومەرجێکی لەبار و سەقامگیریی ئابووری بۆ بەدیهێنانی دوورەدیمەنی ٢٠٣٠ بۆ شانیشینی عەربستان دەرەخسێنێ. لەم ڕووەوە ئەگەرچی شەڕی ئیسرائیل و حەماس لە کورتماوەدا ئەگەری کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ئەو دۆخە بووە، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا کاریگەریی لەسەر ڕەوشی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی عەرەبستان و ئیسرائیل نامێنێ.

هاندەری سێهەم بۆ هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، کێشە نێوخۆییەکانی ئیسرائیل بوو. وەک دەزانین چەند مانگێکە کێشە و ململانە سەبارەت بە گەڵاڵەی دەزگای دادوەری بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵات و سەڵاحییەتەکانی دادگای باڵای ئیسرائیل لە مەڕ ڕەتکردنەوەی پەسەندکراوەکانی پارلمان لە وڵاتی ئیسرائیل لە ئارادایە. لەلایەکی دیکەوەی ئۆپۆزیسیونی دەوڵەتی نەتانیاهوو بەتوندی لە دژی ئەو گەڵاڵەیەن و بە خۆپێشاندان، مانگرتن و هەڕەشەی ئیفلیجکردنی دەوڵەت، لە هەمبەر ئەو گەڵالەیە وەستاونەوە، واتە سیاسەتەکانی نەتانیاهوو بەکردەوە خەڵکی ئیسرائیلی دوو کەرت کردبوو. خوپێشاندانی بەردەوام، دروستبوونی کەلێن لە نێوان خەڵک و دەوڵەت، لاوازبوونی دەوڵەتی نتانیاهوو، هاوکات کەلێنی گەورەی لە نێو ناوەندە ئەمنیەتییەکان و هێزە نیزامییەکاندا دروست کردبوو و تەنانەت فەرماندەکانی هێزی هەوایی و هێزە زەخیرەکان هەڕەشەی خزمەتنەکردن و کشانەوەیان لە ئەگەری پەسەندکردنی ڕیفورمی دەزگاری دادوەری لە دەوڵەتی نتانیاهوو دەکرد.

بۆیە بەپێی ئەو هەلومەرج و هۆکارانە ڕێکخراوی حەماس بەو کۆبەندە گەیشتبوو کە بە هۆی بارودۆخی نێوخۆیی ئیسرائیلەوە، ئیستا باشترین کات بۆ هێرشێکی نەکاوە، چوونکە ئیسرائیل ناتوانی دژکردەوەیەکی توند و یەکگرتووانەی هەبێ. بەڵام پێچەوانەی ئەو لێکدانەوەیە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل نەک نەیتوانی کەلێن و قەڵەشتەکان لە نێو ئوپوزیسیون و دەوڵەتی نتانیاهوودا بەرین و هەراوتر بکا، بەڵکوو لانیکەم بۆ کاتییش بووبێ یەکیەتی و یەکگرتوویی زیاتری دەوڵەت و ئوپوزیسیونی لە وڵاتی ئیسرائیلی لێ کەوتەوە و ئیسرائیل بە توندترین شێوە وڵامی هێرشی حەماس دایەوە.

ڕای زۆربەی چاودێرانی سیاسی ئەوەیە کە حەماس تووشی هەڵەیەکی ستراتیژیک و مێژوویی بوو، یان تووش کرا. هەڵەیەک کە لەو سۆنگەیەوە هەم گەلی فەلەستینی لە بوون بە کیان و دەوڵەتیکی سەربەخۆ دوور خستەوە، هەم مەترسیی لەسەر نەمان و فەوتانی خۆی لە کەرتی غەززەدا دروست کردوە. هەڵەیەکی دیکەی حەماس ئەوە بوو کە پێی وابوو ڕووسیە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو شەڕە تێوەدەگلێن! بەڵام سیاسەتی ڕوسیە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەسەر هاوسەنگی هێز لە نیوان وڵاتانی ناوچەکە بنیات نراوە. واتا ڕوسیە هەم دۆستی ئیسرائیل و هەم دوستی فەلەستینە! وەک چون ڕووسیە لە سووریە هرگز وەڵامی هێرشەکانی ئیسرائیلی بۆ سەر گرووپە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئێرانی دوستی، نەداوەتەوە و تەنانەت مەحکوومیشی نەکردوە. بۆیە لە ئاستی هەڵەی حەماسیشدا جووڵەیەکی ئەوتۆی نابێ و بگرە ئەو شەڕە دەرفەتێک بۆ هەناسەدان بۆ ئەو بوو، و لەو سۆنگەیەوە شەڕی ئۆکڕاین خراوەتە پەراوێزەوە و سەرنجەکانی لەسەر لاچووە.

حەماس لەبارەی ئێرانیشەوە هەڵەی کرد، چونکی ئامانجێکی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لەو شەڕەی بە حەماس کردی، تۆڵەکردنەوە لە ئیسرائیل بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستە ئەمنیەتییەکانی چەند ساڵی ڕابردووی لە دەستی مووساد بوو. کۆماری ئیسلامیی پێویستیی زۆری بە شکاندنی هەیمەنەی نیزامی و هەوالگریی ئیسڕائیل بوو و ئەو ئامانجەی بە حەماس پێکا. بۆشی گرینگ نییە زیان و خەسارەکانی ئەو شەڕە بۆ حەماس و خەڵکی فەلەستین چی و چەند دەبێ، لەڕاستیدا ئەوەی لەو نێوەدا جارێکی دیکەش بۆوە قوربانیی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی مەدەنی و بزووتنەوەی بەرحەقی گەلی فەلەستینە کە لە نێو دوو بەرداشی توندڕۆیی حەماس و سیاسەتی هێژمۆنیخوازیی کۆماری ئیسلامیدا ورد و خاش دەبن.

لە بارودۆخی ئێستاشدا دوو ئەگەر هەیە. ئەگەر ئیسڕائیل لەسۆنگەی ئەو گوشارانەوە لەسەری دروست بوون ئاگربڕ قبووڵ بکا ئەوا ئێران ئەمە بە گەورەترین سەرکەوتن دەبینێ و تۆڵەیەکی گەورەی لە ئیسڕائیل کردۆتەوە و خامنەیی گوتەنی شکستێکی تووشی ئیسڕائیل کردووە کە قەت ناتوانێ لە بەری هەستێتەوە. بەڵام ئەگەر ئیسرائیل لە هێرشەکانی بەردەوام بێت و بەتایبەت هێرشی زەمینییش بکاتە سەر غەززە، کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگرتن بە تێداچوونی نیزامیی حەماس یان

لاوازبوونی هاوپەیمانیی بەناو مقاومەت ناچار بە دەستێوەردانی زیاتر دەبێت. بەوەش ئەگەری تێوەگلانی وڵاتانی ناوچەیی و بەو پێیە دەستوەردانی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانی ئیسرائیلیش زیاتر دەبێت. ڕۆژ و حەوتووەکانی داهاتوو بەرچاوڕوونیی زیاتر لە یەکلابوونەوەی ئەو دۆخە بەدەستەوە دەدەن.

٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# کورد و شەڕی حەماس و ئیسرائیل



ڕەزا دانشجوو

دەگێڕنەوە دوو لەو گۆرانیبێژە بیانیانە بە نایاسایی بەنیازبوون بچنە نێو ئێرانەوە، بریکارەکانی ڕێژیم بە جۆرێک لە جۆرەکان بە هاتنی ئەوانیان زانیوە و ویستوویانە دەستبەسەریان بکەن. هەواڵی هاتنی ئەو گۆرانیبێژانە و دانانی بریکار بۆ دەستگیرکردنیان بەخێرایی لە شارەکەدا بڵاوبووەوە. خەڵک کە هەمیشە کونجکۆڵ بوون، زۆر زوو گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و بە مۆبایلەکانیان دەستیان کرد بە تۆمارکردنی ئەم ڕووداوە مێژووییە. دوای ماوەیەکی کەم ئەفسەرەکان ئەو دوو گۆرانیبێژەیان دەستگیرکرد و بەناو خەڵکەکەدا تێپەڕین و ویستیان سواری ئۆتۆمبێلەکەیان بن. دیمەنێکی سەرنجڕاکێش بوو، خەڵک لە دوو لاوە وەستابوون و هەریەکەیان بە پشتبەستن بە شێوازی بیرکردنەوەی خۆیان لە بەرژەوەندیی کەسێکدا چەپڵەیان لێدەدا و دروشمیان دەدا. هەندێک کەس هانی گۆرانیبێژانی ئەودیویان دەدا و بەشێک لە گۆرانییەکانیان دەخوێندەوە بۆ ئەوەی هاوسۆزییان لەگەڵدا بێت. وەک هەمیشە هەندێک کەس پشتیوانی و سوپاسی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامییان دەکرد. لەنێو دروشمی بژی و مردن، کەسێک خۆی فڕێ دایە نێوەڕاست و دەستی کرد بە هاوارکردن: ئێمە سێ کەسەکە بۆ کوێ دەبەن، بۆچی ئێمە سێ کەستان گرتووە، چیتان دەوێت لە ژیانی ئەو سێ کەسەمان!

لە ئێستادا حەماس وەک هێزێکی نیابەتیی کۆماری ئیسلامی ئەرکی خراوەتە سەر شان کە شەڕێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵگیرسێنێ. ئەمەش لە چلوچوار ساڵی شەرمەزاریدا، گرینگترین سیمای ڕێژیم بووە. بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان تاکە کلیلە بۆ تێپەڕاندنی بارودۆخە نەخوازراوەکان. لە ڕاستیدا ڕێبەرانی ڕێژیم ناتوانن کاریگەرییان لەسەر خەڵکی ئێران هەبێ و پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی ئازاد دابمەزرێنن، هەمیشە کاتێک کێشەی نێوخۆیی و ناوچەیی هەیە، تەنیا بژاردەیان ئەوەیە کە نائەمنی لە جوغرافیای دەوروبەریاندا دروست بکەن. عێراق، سووریە، یەمەن، لوبنان، فەلەستین و هتد هیچ جیاوازییەک دروست ناکەن. گرنگ ئەوەیە بۆ ماوەیەک سەرنجەکان بۆ شوێنێکی تر ڕابکێشیت. ئەوەی کە ئەم قەیرانە بە نرخی گیانی هەزاران کەسی بێتاوان و ئاوارەبوونی سەدان هەزار کەس کۆتایی دێت، بۆ ڕێژێم هیچ بایەخێکی نییە.

خامنەیی بە نیگەرانی لە ئەگەری ئاشتی نێوان سعودیە و ئیسرائیل کە دەتوانێت هاوکێشەکانی ناوچەکە بەتەواوی بگۆڕێت، شەڕی غەززەی دەست پێ کرد. کۆماری ئیسلامی و ئاسایش و ئاشتی هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نییە. لە بنەڕەتدا ئاشتی و دۆستایەتی هیچ لێکنزیکبوونەوەیەکیان لەگەڵ پێوەرەکانی دیکتاتۆرەکاندا نییە.

ڕێژیم لە دەیەی پێنجەمی حوکمڕانیدا بە دەست چەندین قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە دەناڵێنێت و هیچ بەدیلێکی بۆ دەربازبوون لەو دۆخەش نییە. پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری و دابڕانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی کۆماری ئیسلامیی گەیاندووەتە لێواری دارمان. لە کاتی ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینادا ئەم لاوازییە بەباشی خۆی نیشان دا و ئەم بۆشاییە قووڵەی نێوان حکوومەت و خەڵک بەڕوونی دیار بوو.

لە بواری دەرەکیشدا کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مشتێک دۆلار دانوستان دەکات و هەموو نۆرمەکانی دەبەزێنێت، بۆ ئەوەی لانیکەم لە کورتخایەندا بتوانێت کەمێک بارودۆخی ئابووریی پشێوی خۆی چاک بکاتەوە.

نزیکبوونەوەی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی بە مانای کۆتاییهاتنی تیۆری ئیسرائیل-فۆبیا و دوژمنی خەیاڵی دێت. کۆماری ئیسلامی کە ساڵانێکە لە پشت دروشمی ڕزگارکردنی ئەلقودسەوە خۆی بە بەرگریکاری دۆزی فەلەستین وێنا کردووە، ئێستا ئەم دۆخە لەرزۆک دەبینێت. لە ڕاستیدا ئەو دەسەڵاتەی ساڵانێکە لە پشت کۆمەڵێک نۆرمی ساختەوە شاردراوەتەوە، ئێستا کە پەردەکان لابراون، وەک چیرۆکی بەناوبانگی هانس کریستیان ئەندەرسۆن، ڕووتی و ڕووتییەکەی زیاتر لە جاران ئاشکرا بووە.

هەر لە سەرەتای شەڕی غەززەوە حیزب و گروپە ئیسلامییەکان کە بەداخەوە زۆرینەیان لەژێر کاریگەریی کۆماری ئیسلامی و

دۆستانی و ڕێژیمی تورکیەدان، وەک ئەوەی بەشێک لە خاکەکەیان داگیرکرابێت، چوونەتە نێو هەڵمەتەکەوە. ئەو لایەنانەی کە لە کاتی هێرشی داعشدا نیشانیان دا کە چەندە کلکەی دوژمنانی سوێندخواردووی کوردن، هەر ئەوانەی تا دوا ڕۆژیش ئامادە نەبوون داعش بە دەستدرێژکار ناو ببەن.

هەرچەند نابێ چاوەڕوانیی زیاترمان لەو گرووپانە هەبێ کە ساڵانێکە لە ڕووی داراییەوە لەلایەن ڕێژیمەوە دابین دەکرێن و هیچ گومانێک لە دڵسۆزییان بۆ کۆماری ئیسلامی و دۆستایەتیان لەگەڵ ڕێژیمی تورکیەدا نییە، بەڵام بەداخەوە کە لەژێر کاریگەری ئەم ڕەوتانەدا زۆر کەس سەریان لێ شێواوە و هەروەها شوێنیان کەوتوون.

هاوشانی لایەنگرانی بزووتنەوەی حەماس، بەداخەوە ڕەوتی دووەمیش هەیە کە هەر لە سەرەتاوە بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکانی ئیسرائیل دەکات و پێبەپێی هێرشە نیزامییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانی شەڕ هاواری سەرکەوتن دەڵێت!

ئێستا پرسیاری بنچینەیی ئەوەیە کورد لەم ململانێ مێژووییە لەکوێیە؟ کەی و لە کوێ حەماس یان عەرەبی موسڵمان و ئیسرائیل لەگەڵ گەلی کورد بوون؟ لە کاتی هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان، هێرشەکانی تورکیە بۆ سەر کوردەکانی سووریە، تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و هەڕەشەکانی لایەنە کوردییەکان، عەرەب و ئیسرائیل جگە لە تەماشاکەرێکی سادە چ ڕۆڵێکیان هەبوو؟ لەبیرمان نەچێت لە زۆر حاڵەتیشدا پشتگیرییان لە دەستدرێژکار کردووە! بێدەنگ بوون یان لە باشترین حاڵەتدا خۆیان لە لێدوانێکی چەند دێڕی ئیدانەکردندا سنووردار کردووە.

ئەم نەخۆشییە کوشندەیە چییە کە کورد هەمیشە خۆی بە بەشێکی هاوکێشە سیاسییەکان دەزانێت؟ هەر لە هەڵبژاردنی کۆماری و دیموکراتەکانی ئەمریکاوە تا شەڕی غەززە!

ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەم زیادەڕەوییە جگە لە بێزاری و قووڵبوونەوەی دووبەرەکیی سیاسی لە کوردستاندا هیچی دیکەی بەدەست نەهێناوە. حەماس گرووپێکی نیابەتیی سەر بە ڕێژیمە و ئێستاش بە فەرمانی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی چۆتە نێو شەڕێکەوە و تەنیا شتێک کە بیری لێ ناکاتەوە ئارامیی خەڵکی غەززەیە.

مێژووش باس لەوە دەکات کە ئیسرائیل لانیکەم بەشێکی فەلەستینی داگیر کردووە و ئامادە نییە مافەکانی گەلی فەلەستین بدات. بۆیە پشتگیریکردنی ئیسرائیل لەلایەن گەلی کوردەوە وەک گەورەترین قوربانی داگیرکاری چی دەگەیەنێت؟ ئەوەی جێی ئازار و بەرگرییە، مردن و ئاوارەبوونی هەزاران کەسی بێتاوان، چ ئیسرائیلی و چ فەلەستینی، کە لە سەردەمی

**ئەم شەڕەدا قوربانیی سیاسەت بوون. پشتیوانی کردن لە گەلی ستەملێکراو و بێ دیفاع، شانازی گەلی کورد بووە و هەرواش دەمێنێتەوە، بەڵام هەڵەیەکی کوشندەیە کە بەو ڕوونکردنەوانەی کە وتراوە بچینە ناو پرسەکانی دیکەوە. لە کۆتاییدا نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە داگیرکەرانی کوردستان هەوڵ دەدەن کەڵک لەم جۆرە هەلومەرجانە بۆ هێرشکردنە سەر گەلی کورد وەربگرن و هێرشەکانی تورکیە بۆ سەر ڕۆژئاوا و جموجۆڵەکانی ئەم دواییەی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا دەتوانرێت هەڵسەنگێندرێت.**

**٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣**

# هێرشی زەمینی بۆ سەر غەززە لە نێوان بەرژەوەندیی ئێران و ئەمریکادا



سمایل شەرەفی

وێدەچێ بیرۆکەی هێرشی زەمینیی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بە خێرایی هەڕەشەی بەرپرسانی ئیسرائیلی لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای ٧ی ئۆکتۆبر نەچێتە پێش. بەرپرسانی سیاسی و سەربازیی ئیسرائیل کە لەلایەن حەماسەوە هێرشێکی خوێناوی کرابووە سەر خەڵکی وڵاتەکەیان لەو فەزایەدا هاوکات لەگەڵ وڵامدانەوەیەکی توندی سەربازی بە حەماس، ناچاربوون لە فازی هەڕەشە و تۆڵەکردنەوەدا قسە لە پلانەکانیان بکەن و ناتانیاهۆ دەستبەجێ بە مەرامی هێرش بۆ سەر غەززە داوای چۆڵکردنی کرد. بەڵام وردەوردە کۆمەڵێک فاکتەری وەک؛ چارەنووسی دیلەکانی بەردەستی حەماس، هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی و عەرەبی و ناکۆکییە نێوخۆییەکانی دەوڵەت ناتانیاهۆ لەگەڵ ئەرتەش و بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و پەرەسەندنی نارەزایەتییەکانی بیروڕای گشتیی خەڵکی ناوچەکە و جیهان لەسەر شەڕەکە و بێگومان کۆمەڵێک هۆکاری دیکەی تا ئێستا باس نەکراو، ئەولەویەتی بیرۆکەی هێرشی زەمینی بۆ سەر غەززەیان کەمڕەنگ کردەوە.

ئێستا بەرپرسانی ئیسرائیلی لەگەڵ دواخستنی ڕۆژی دەستپێکی هێرشەکەیان بۆ سەر غەززە بە بیانووی جۆراوجۆر، باس لەوە دەکەن کە ئەم شەڕە سێ مانگ دەخایەنێ. ئیسرائیلییەکان بە خەڵک و دەوڵەتەوە چارەنووسی دیلەکانیان بۆ گرینگە، بەتایبەت کە زۆرێک لە دیلەکانی بەردەستی حەماس هەر بەتەنیا ئیسرائیلی نین و خەڵکی نزیک بە ٣٠ نەتەوەی دیکەیان

تێدایە. لەوە گرینگتر شوێنی ڕاگرتنی دیلەکانە کە وەک تا ئێستا باس دەکرێ، ئەگەری زۆرە دیلەکان لە تونێل و دالانە قووڵ و درێژەکانی حەماس لە غەززە ڕاگیرابێتن کە لە ئەگەری هێرش بۆ سەر غەززە چارەنووسیان بەتەواوەتی دەکەوێتە مەترسییەوە و ئەمەش بۆ ئیسرائیلییەکان زۆر گران تەواو دەبێت.

کێشە نێوخۆییەکانی ئیسرائیل وەک فاکتەرێکی دیکەی شوێندانەر لەسەر بڕیارەکانی ئەم دەوڵەتە تا دێ زیاتر خۆی دەردەخات. لە ڕۆژانی سەرەتای شەڕەکەوە وا هەست پێدەکرا کە ناتانیاهۆ دەتوانێ بە پێکهێنانی کابینەی هاوبەش لەگەڵ بەرەی ئۆپۆزیسیۆن، تا ڕادەیەک وڵاتەکەی بەرانبەر بەو دۆخە یەکگرتوو نیشان بدات، کەچی وا دەرنەچوو. ئەرتەش و بەرەی ئۆپۆزیسیۆن لە هەڵوێست و سیاسەتەکانی ناتانیاهۆ ڕازی نین و ناوبرا لاواز و بەسەرچاوەی کێشەکان دەزانن و پێناچێ ئەم کابینە ئێئتلافییە زۆر دەوام بێنێ.

ئەمریکا و دەوڵەتی بایدن وەک هەمیشە پشتیوانی لە ئیسرائیل و پاراستنی لە هەر هەڕەشەیەک بە ئەرکی خۆیان دەزانن و لەم پێوەندییەشدا وێڕای پاراستنی مافی بەرگری لەخۆ، بەڵێنیی هەموو هاوکارییەکیان داوە. بەڵام نابێ ئەوە بە مانای دەستئاوەڵا هێشتنەوەی ئیسرائیل بۆ بەڕێوەبردنی هەر جووڵەیەکی سەربازی لەلایەن ئەمریکاوە لێک بدرێتەوە. لەم پێوەندییەدا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و پاراستنی پێگە سەربازییەکانی لە وڵاتانی ناوچەکە فاکتەرن بۆ جۆری ڕەفتاری ئەم وڵاتە بەرانبەر بە جووڵەکانی ئیسرائیل. لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بەشێک لە پێگە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق و سووریە هێرشی درۆنییان کراوەتە سەر و وتەبێژی کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە ئەگەری هەیە لە ڕۆژانی داهاتوودا ئەو هێرشانە بۆ سەر سەربازانی وڵاتەکەی لە ناوچەکە پەرە بستێنن. ئەم چالشانە ئەمریکا ناچار بە هێورکردنەوەی وەزعەکە دەکەن تا ئەو کاتەی بتوانێ یا بە هێمنی کۆنترۆڵیان بکات و یان بە فشار لە خۆیانی دوور بخاتەوە.

ئێران لایەنێکی بەرچاو و کاریگەری ئەم شەڕ و ئاڵۆزییانەیە؛ دوای هەڕەشەی بەرپرسانی ئیسرائیلی بۆ هێرشی زەمینی بۆسەر غەززە و کۆتاییهێنان بە حەماس، خامنەیی هاتە سەر خەت و ئەویش بە هەڕەشەوە وتی؛ "ئەگەر ئیسرائیل وەها کارێک بکات، بەرەی مقاومەت دێتە جواب و کەس ناتوانێ پێشیان بگرێ". بە دوای ئەم قسانەی خامنەییدا هەر لە وەزیری دەرەوە و فەرماندەی سپای پاسدارانەوە بگرە تا دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی کەوتنە خەت و نیشان کێشان بۆ ئیسرائیل و هاندانی لایەنە نیابەتییەکانی "بەرەی مقاومەت". بەدوای ئەودا و بەرانبەر بە هێرشێکی گوماناوی بۆ سەر نەخۆشخانەیەک لە غەززە، خۆپیشاندانەکان لە وڵاتانی ناوچەکە و ڕۆژاوا دژ بە ئیسرائیل دەستی پێکرد.

هەموو دنیا بە بەرپرسانی ئەمریکاشەوە کە لە ڕۆژانی یەکەمی شەڕ دەیانگوت "هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نییە کە ئێران دەستی لە هێرش بۆ سەر ئیسرائیلدا هەبووبێت"، دەزانن کە ئێران نەتەنیا دنەدەری حەماس بۆ هێرشکردنەسەر ئیسرائیلە،

بەڵکوو لە ئاستی ناوچەکەدا ڕۆڵی شەڕەنگێزانەی هەیە. وتەبێژی کۆشکی سپی لە پێوەندی لەگەڵ هێرشی درۆنی بۆسەر پێگە سەربازییەکانی وڵاتەکەی لە عێراق و سووریە وتی؛ "ئێران بە بەرپرسی ئەم هێرشانە دەزانین."

کەواتە کردەییکردنی بڕیاری هێرشی زەمینی بۆسەر غەززە دەبێ لە چوارچێوەی بازنەیەکی گەورەتردا خوێندنەوەی بۆ بکرێ کە ئەگەر ئیزنی جێبەجێکردنی بدرێت، هیچ گومانی تێدا نییە شەڕێکی ناوچەیی دێتە ئاراوە کە لەوەها حاڵەتێکدا نە ئەمریکا و ڕۆژاوا بەگشتی دەتوانێ بەرانبەر بە ئێران هێندە موحافزەکارانە هەڵوێست بگرن و نە ئێران دەتوانێ وەک ئەوەی لە "نێوەشەڕ"دا بۆی دەلوێ، لەشەڕی تەواودا ئاوای بۆ ناچێتە سەر.

٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

---

# کوردستان قوربانییەکی دیکەی شەڕی ئیسرائیل و حەماس



ئارمان حوسێنی

بەیانیی ڕۆژی شەممە ١٥ی ڕەزبەری ساڵی ١٤٠٢ی هەتاوی، حەماس بە چەند هەزار مووشەک ئیسرائیلی کردە ئامانج و بواری بۆ شەڕێکی وێرانکەری تر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خۆش کرد. هەر زوو بنیامین نەتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل لە پەیامێکی ویدیۆییدا ڕوو بە خەڵکی وڵاتەکەی ڕایگەیاند کە ئیسرائیل نە لە عەمەلیاتێکی نیزامی، بەڵکوو لە شەڕدایە. شەڕێک کە زۆر زوو لایەنی ئیسرائیلیی ناچار بە هەڵوێست کرد، هەڵوێست و دژکردەوەیەک کە خەریکە پریشکەکەی هەر هەموو غەززە و بگرە وڵاتانی ناوچەش بگرێتەوە.

لەم دوو حەوتوویەشدا کە شەڕ بەردەوام بووە، خەڵکی سڤیل بەداخەوە زۆرترین ئاوردووی ئەو شەڕە بوون و تاکوو ئێستا بە هەزاران مرۆڤ لە هەردوو لا خەڵتانی خوێن کراون.
هەوڵی ئەم نووسینە ئەوەیە کە زەین و بیری خوێنەر بۆ بابەتێکی دی ڕابکێشێت کە لەوانەیە قوربانییەکی تری ئەم شەڕە لە کۆتاییدا کوردستان بێ! بەڵام بۆ کوردستان؟
جوغرافیای کوردستان سەرەڕای ئەوەی بە سەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا و لەسەر ئەرزی واقع هێشتا


جوغرافیایەکی لێکگرێدراو و دانەبڕاوە. هەڵبەت نابێ لەبیرمان بچێ کە تاکوو ئێستا داگیرکەرانی کوردستان هەموو هەوڵ و پیلانێکیان بۆ ئەوە بووە بتوانن ئەم لێکگرێدراوی و بەستراوەییەی خاک و خەڵکی کوردستان لێک داببڕێنن و شەقی بکەن. نموونەی زۆر هەن کە دەرخەری ئەم ڕاستییە و بەڵگەن بۆ ئەم ئیدیعایە و کەرکووک نموونەی هەرە بەرچاو و دیارە کە ڕێژیمی بەعسی عیراق بە کوشتن و ئەنفالی کوردەکان و هاوردەکردن عەرەب لە ناوچەکانی تری عێراقەوە هەوڵی دا خاک و خەڵکی کوردستان لێک داببڕێنێت و بە گشتی ناسنامە و شوناس و دێموگرافیی شارەکە بگۆڕێ و بەتەواوی تەعریبی بکا.

لەو کاتەوەش کە پڕۆژەی دەوڵەت - نەتەوە لە ئێران دەستی پێکرد و هەوڵ درا ئەو ئایدیا سیاسییە دەسکردە بە زەبری چەک و سەرکوت بەسەر هەموو ئێراندا بسەپێنن، ئاوەها پڕۆژەیەکیش بۆ دابڕاندنی خاک و خەڵکی کوردستانی ئێرانی لە کرماشان دەستی پێکرد و بە هێنانی خەڵکی غەیری کورد هەوڵی گۆڕینی ناسنامەی ڕاستەقینەی کوردستانیان دا کە ئەو هەوڵانە لە فۆڕم و شکڵ و لە پلان و پیلانی جۆراوجۆردا ئێستاش بەردەوامە.

لە ئاکامی شەڕی حەماس و ئیسرائیل سەدان هەزار کەس لە خەڵکی غەززە ئاوارە و بێ پەنا بوون کە تا ئێستا نە ئوردن، نەمیسر و نە هیچ وڵاتێکی تری ناوچەکە ڕەزامەندیی خۆی بۆ پەنادانی ئاوارە فەلستینییەکان دەرنەبڕیوە. لەبەر ئەوەی پێشتر خەڵکی ئاوارەی فەلەستین لە ئوردن و میسر بە پشتیوانیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و بە دروستکردنی ڕێکخراوی توندئاژۆ لە نێوخۆی ئوردن و میسر و هەروەها هێرشبردن بۆ سەر خاک و خەڵکی ئیسرائیل ببوونە هۆی ئاژاوە و دروستبوونی گرژی لە نێوان پێوەندییەکانی ئەم وڵاتانە لەگەڵ ئیسرائیلدا. ئێستا چیدی ئوردن و میسر ئامادە نین تاکوو پێوەندییەکانیان بکەنە قوربانیی پشتیوانی و پەنادانی فەلەستینییەکان. لە لایەکی ترەوە تورکیە ئەم دۆخەی (شەڕی حەماس و ئیسرائیلی) بە دەرفەت زانیوە و پەنامەکی و لەسۆنگەی کۆبوونەوەی سەرنجەکان لەسەر شەڕی غەززە هێرشی کردووەتە سەر ڕۆژاوای کوردستان و بەداخەوە تاکوو ئێستا جیا کوشتنی دەیان کەس زەبری زۆر قورسی لە ژێرخانی ئابووریی ئەم بەشەی کوردستان داوە. بێدەنگی و بێهەڵویستی کۆمەڵگەی جیهان وای کردووە کە تورکیە جیا لە کاولکاری بیەوێ ئەم بەشە لە کوردستان هێدی هێدی داگیر بکات.

بەڵام هەڕەشەی سەرەکی ئەمەیە ئەردوغان دەیهەوێ ئاوارەکانی غەززە لەنێوان باکوور و ڕۆژاوای کوردستاندا جێگیر بکات! ئەویش بەڵنیاییەوە نە بۆ ماوەیەکی کورت بەڵکوو بەهۆی دۆخی ناجێگیری فەلەستین مەترسییەکە ئەمەیە ئەم خەڵکە ئاوارەیە بۆ هەمیشە لەو ناوچانە بمێننەوە و بەمجۆرە و بەکردەوە خاک و خەڵکی کوردستان لێک داببڕێنن. بەپێی ناسراوییەک کە لە خەڵکی فەلەستین و بەتایبەتی حەماس و بیروبۆچوونەکانیان و ڕوانگەیان هەمانە، ئەگەری نیشتەجێکردنی ئەم ئاوارانە کاریگەری زۆر نەرێنییان لەسەر چارەنووس و نەخشەی سیاسی و جوغرافیایی کوردستان دەبێت.

# مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا




مستەفا مەولوودی

(یاسای بنەڕەتیی مەشرووتە ١٩٠٦ - ١٩١١ز)

## پێشەکی

ناوچەی ئێرانی لە ساڵی ٧٠٠ی پێش زایینەوە یەکەم دەوڵەتی بە ناوی «مێدیا-ماد»ەکان لێ دامەزراوە و هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم مێژوویەکی دوورودرێژ لەو جوغرافیایەدا تۆمار کراوە. مێژوونووسان هەر لە دەستپێکدا لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی خۆیان لە سەر ئەم جوغرافیایە دابەش دەکەن بەسەر دوو قۆناغی ئێرانی پێش لە هاتنی ئیسلام کە دەوڵەتەکانی وەک میدیا، ئەخمینی، فرشی و ساسانی لەخۆ دەگرێ و ئێرانی پاش هاتنی ئیسلام. قۆناغی پاش هاتنی ئیسلام کاریگەریی چەند ڕووداوی زۆر گرنگی بەسەرەوەیە کە چارەنووسی ئەو وڵاتەیان بە ئاقارێکی دیکەدا برد، وەکوو هێرشی عەرەبە مسوڵمانەکان، مەغۆلەکان و تورکەکان کە شوێنەواری قووڵیان لەسەر کولتوور و سترۆکتۆری ئابووری-کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە دانا.

لە ڕاستیدا تا هاتنەسەرکاری «سەفەوی»یەکان لە سەرەتای سەدەی ١٦ی زایینی جوغرافیای ئێران دەسەڵاتێکی بەهێزی نێوخۆیی بەخۆیەوە نەبینی و لەم ماوەیەدا دەسەڵات بەسەر ئەمیر و فەرمانڕەوا خۆجێییەکان لە چوار قوژبنی ئەو وڵاتەدا دابەش کرابوو. هاوکات حکوومەتی سەفەوی لەگەڵ خۆی دیاردەیەکی نوێی هێنا، ئەویش بەفەرمیکردنی ئایینزای شیعە بوو کە ئەویش بە زەبری زۆر بەسەر خەڵکیدا داسەپاند بۆ ئەوەی لەلایەک ڕەوایی بداتە دەسەڵاتەکەی و لەلایەکی دیکەوە ناسنامەی خۆی لە بەرانبەر دەوڵەتی سوننەی عوسمانییەکاندا بپارێزێ.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا شەپۆلی شۆڕشی پیشەسازیی بریتانیا و شۆڕشی کۆمەڵایەتیی فەڕانسە وردەوردە گەیشتە لێواری سنوورەکانی ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ئێران و کێبەرکێی وڵاتانی کۆلۆنیالیست بۆ وەدەستهێنانی ناوچەی لەبەرچاوگرتووی خۆیان لە ئێران دەستی پێ کرد. هۆکاری ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ هەڵکەوتوویی ژئۆپۆلێتیکی ئەم وڵاتە و خستنە ناو چەقی ستراتیژی و دوابەدوا پلانی وڵاتە زلهێزەکان و لە ئاکامدا سەقامگیربوونیان لەم وڵاتە و قایمکردنی جێ‌پێ و وەرگرتنی پشک و ئیمتیازی ئابووری.

تێکشکانە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران لە ڕووسیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم ڕاچڵەکانێک بوو کە خەڵکی ئێرانی لە خەوی سەدەکانی نێوەڕاست ڕاپەڕاند، بە جۆرێک کە بیر و ئەندێشەی چاکسازی و ڕیفۆرم بوو بە مژاری سەرەکی و تێڕامانی هەندێک بژاردەی ئەو وڵاتە لەنێو دامودەزگای دەسەڵاتداریی ئێراندا. هەڵبەت ئەوەش لەبیر نەکەین کە بوورسیە و ناردنی قوتابی بۆ خوێندن لە ئورووپا و دیتنی پێشکەوتنەکانی شارستانیەتی ڕۆژئاوا کاریگەر بوو لەسەر ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە، هەرچەند ڕیفۆرمەکانی بژاردەی نێو دەسەڵاتی ئەم قۆناغە بەهۆی دژایەتی و سەرەڕۆیی سیاسیی ڕوحانییەتی شیعە بەئاکام نەگەیشت، بەڵام درزی لە قەڵای چەقبەستووی کۆمەڵگەی کلاسیکی ئەو سەردەمە خست و زەمینەی قۆناغێکی نوێی لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا پێکهێنا کە لە ئەنجامدا شۆڕشی مەشرووتەی لێ کەوتەوە.

شۆڕشی مەشرووتە بە هۆی پاشەکشەپێکردنی دەسەڵاتی ڕەهای پاشا ڕووداوێکی گرنگی مێژووی ئێرانە. ئەو شۆڕشە خاڵی وەرچەرخانێک بوو بۆ گواستنەوە لە کۆمەڵگەیەکی داخراو و کلاسیک و سەرەڕۆ بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد و مۆدێرن و دێموکرات. هەرچەند کە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو شۆڕشە وەدی نەهاتن و بە تایبەت چەمکی دێموکراسی نەهادینە نەکرا، بەڵام زۆر دەسکەوتی بەنرخ وەکوو: دەستوور، پارلەمان و یاسای پاڵپشتی کردەوەیی لەو دەستوورە بۆ کۆمەڵگەی ئێرانی ئەوکات کە نەبوون، پەیدا بوون.

ئێران یەکەیەکی جوغرافیی فرەچەشنی نەتەوەیی، زمانی و ئایینییە. دەستووری (١٩٠٦ز) وەکوو بنەمای یاسایی دەسەڵات لە

ئاستی ئەم پرسە گرینگە خۆی گێل کرد و حاشای لەو فرەچەشنییە کرد و لەسەر ناسنامەی یەکگرتووی ئێرانی (نەتەوەی ئێران) جەختی کردەوە، نەتەوەیەک کە لەسەر بنەمای زمانی فارسی، کولتووری فارسی و ئاینی شیعە دامەزرابوو.

یاسای بنەڕەتیی نوێ، یان هەر ئەو یاسا بنەڕەتییەی ساڵی ١٩٠٦ لە سەردەمی ڕەزاخان و محەممەد ڕەزاشای کوڕیدا لەشوێن خۆی مایەوە. ساڵی ١٩٧٩ هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بۆ جاری دووهەم لە ئێران یاسای بنەڕەتیی نوێی وڵات ئامادە کرا و ئەمجارە بەپێی سروشتی دەسەڵاتی نوێ کاریگەریی شەریعەتی ئیسلامی بەسەر دەستوورەوە دیار بوو.

یاسای بنەرەتیی ١٩٧٩ لە کاتێکدا ئامادە کرا کە ٧٣ ساڵ بەسەر نووسینی دەستووری یەکەمدا تێدەپەڕی و بێگومان لەم ماوەیەدا کۆمەڵگەی ئێران زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبوو، بەتایبەت بەهۆی چوونەسەرێی ڕادەی وشیاریی نەتەوەیی لەلایەن نەتەوەکانی نیشتەجێ لە ئێران دەستووری نوێ نەیدەتوانی چیتر حاشا لە بوونی نەتەوەکانی دیکە بکات. هەرچەندە ئەم دەستوورەش لەسەر ناسنامەی یەکگرتووی ئێرانی (نەتەوەی ئێران) جەختی دەکردەوە، بەڵام دانی بەوە دانا کە نەتەوەی ئێران لە «قەوم» و گەلانی جۆراوجۆر پێکهاتووە و ئێتنیکە جیاوازەکان مافی خوێندن و نووسین و بڵاوکردنەوەی کتێب و ڕۆژنامەیان بە زمانی زگماکی هەیە؛ ئەگەرچی مافی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماک لە مەیدانی کردەوەدا وەدی نەهاتوە.

ئەم باسە کە پشتی بە کۆمەڵێک سەرچاوەی هەمەچەشنی کوردی و فارسی لە کتێب، بەڵگەنامە، ڕۆژنامە و گۆڤار بەستوە؛ لە پێشەکییەک و دوو بەش و دەرەنجامێک پێکهاتووە و بە لیستی سەرچاوەکانی کۆتایی پێ دێت.

**بەشی یەکەم** بۆ قانوونی مەشرووتەی ١٩٠٦ تەرخان کراوە و سێ تەوەر لەخۆ دەگرێ. لە
**تەوەری یەکەمدا** باس لە بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێران لەو سەردەمەدا دەکرێ.
**تەوەری دووهەم** بۆ شۆڕشی مەشرووتە تەرخان کراوە و تێیدا باس لە چۆنیەتیی دەستپێکردنی ئەو شۆڕشە و ئەو قۆناغەی کە ئەم شۆڕشە بڕیویەتی دەکرێ و،
**تەوەری سێهەم** بۆ باس لە دەستووری ١٩٠٦ تەرخان کراوە.

**بەشی دووهەم** کە بۆ یاسای بنەرەتیی ساڵی ١٩٧٩ تەرخان کراوە، هەمیسان سێ تەوەر لەخۆ دەگرێ. لە تەوەری یەکەمدا باس لە هەلومەرجی سیاسی - ئابووری و کۆمەڵایەتیی پێش لە شۆڕشی ١٩٧٩ دەکرێ و ئەم قۆناغە مێژوویەکی نزیک بە ٥٧ ساڵ لەخۆ دەگرێ کە بە سەردەمی پەهلەوییەکان (باوک و کوڕ) ناسراوە. لە تەوەری دووهەمدا کە بۆ شۆڕشی ١٩٧٩

تەرخان کراوە باس لە چۆنیەتیی هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشە و ڕەوتی ڕووداوەکانی دەکرێ و تێیدا وردەکارییەکانی ڕووخانی بنەماڵەی پەهلەوی و بەدەستەوەگرتنی جڵەوی شۆڕش لەلایەن ڕووحانییەکانەوە تیشکیی خراوەتە سەر. سەرەنجام لە تەوەری سێهەمدا کە بۆ باس لەسەر یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران (١٩٧٩) تەرخان کراوە باس لەو خاڵانە دەکرێ کە ئەم دەستوورە بۆ مەسەلەی نەتەوەکانی نیشتەجێ لە ئێراندا تەرخانی کردوون. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا دەرەنجامی باسەکە خراوەتە ڕوو.

## بارودۆخی سیاسی - کۆمەڵایەتیی ئێران بەر لە مەشرووتە

لە سەرەتای سەدەی بیستەم، ئێران خاوەن ئابوورییەکی کشتوکاڵی بوو، و پتر لە نیوەی ٩ تا ١٠ میلیۆن کەسی دانیشتووانی لە گوندنشینان-جووتیاران پێک دەهات. نزیک بە یەک لە چوار بەشی ئەو حەشیمەتە بە شێوەی هۆزایەتی دەژیان و داهاتی ئابووری لە بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتەوە دابین دەکرا. شێوەی خاوەندارێتیی زەوی کشتوکاڵ بەم چەشنە بوو:

زەوی و زاری«شا» کە پێی دەگوترا «خالسە» یان دیوانی، ئەو زەوییانە کە وەک «تیول» داگیر کرابوون، زەویی «وەقف» و زەویی تایبەتی یان ئاغاوەت. حەشیمەتی شارنشین کە لە سەتای ١٠ تا ١٤ی هەمووی حەشیمەتی ئێران بوو، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم گەیشتە سەتا٢٠ هەتا سەتا ٢٥ لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا، واتە پەرەسەندنی حەشیمەتی شارنشین لە ٥٠٠-٨٠٠ هەزار کەسی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم گەیشتە ٢ تا ٢/٥ میلیۆن کەس لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا. بەمجۆرە لەلایەک شارە کۆنەکان بە شێوەیەکی هەمەلایەنە پەرەیان دەستاند و لەلایەکی دیکە زۆرێک لە دێهاتە گەورەکان وردە وردە دەبوون بە شار. چوار شاری تاران، تەورێز، ڕەشت و ئیسفەهان لە بواری ئابووری و هەڵدانی کولتووری و کۆمەڵایەتی بە نیسبەت شارەکانی دیکەی ئێران گەشەسەندووتر و پێشکەوتووتر بوون. بەستێنی ئابووریی نوێ و پێوەندیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و کولتووری تایبەت بەم گەشەسەندنە لە هەناوی ستراکتۆری کۆمەڵایەتی و ئابووری کلاسیکی ئەو چوار شارەدا، زەقتر دەبوو و پەرەی دەستاند.

بازرگانیی دەرەکی لە دەستی دەوڵەتانی ڕووس و ئینگلیزدا بوو، بەو مانایە کە پتر لە ٨٠٪ی بازرگانیی دەرەکیی ئێران بە چاوەدێریی ئەو دوو دەوڵەتە بەڕێوە دەچوو و هەموو هەنارده و هاوردەی کەلوپەلە پێویست و ناپێویستەکان لە دەستی ئەواندا بوو، هەربۆیە زۆر سرووشتییە دیاریکردن و داسەپاندنی نرخەکان بە سەر دانوستانە ئابوورییەکانی ئێران لە قازانجی ئەواندا بووبێت. هاوردەی کەلوپەلی ئەوان دەبووە هۆی لەنێوچوونی گەشەی پیشەگەری لە کارگە و کارخانە خۆماڵییە تازە دامەزراوەکانی ئێراندا.

یرواند ئابراهامیان لە کتێبی «ایران بین دو انقلاب»دا لە دەست چینی بازرگانەکان کە زۆرتر خەمیان لە بەرژەوەندیی خۆیان دەخوارد هەتا بەرژەوەندیی گشتی وڵات، بەم جۆرە گازندە دەکات: «ئەمانە کە ناویان تاجرە، بازرگان نین، بەکرێگیراوی ئەجنەبین و بگرە دوژمنانی نیشتمانی خۆیانن، چونکی هەموو ساڵێ پارەی وڵات بار دەکەن و دەینێرنە وڵاتانی دەرەوە و لەبەرانبەردا شتومەکی ئەوان بۆ وڵات ڕادەگوێزن. هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ڕووسیە و ئینگلیز لەگەڵ ئێران هاوشێوەی مامەڵەی دەوڵەتی ئاڵمانە لەگەڵ عوسمانی، واتە سەروەت و سامانی وڵاتی ئێرانیان بۆخۆیان پاوان کردوە، کانزاکانی ئاسن، قەڵایی، مس، خەڵووز و نەوتیان بە دەستەوە گرتوە و لەسەر وەدەستهێنانی سەرپشک و ئیمتیاز لە دەوڵەت کێبڕکێیان هەیە«.

هەرچەند ئێران بەفەرمی کۆلۆنیای هیچ زلهێزێک نەبوو، بەڵام لە زۆر لایەنەوە لەژێر گوشاری دەوڵەتانی ڕووسیە و ئینگلیزدا بوو، هەربۆیە ئێران لەڕاستیدا بە پێچەوانەی درووشمەکانی وڵاتێکی سەربەخۆ نەبوو. ڕێژیمی سیاسی لەژێر دەسەڵاتی سەرەڕۆ و فیوداڵی بنەماڵەی قاجاردا بوو. لەو سیستمە سیاسییەدا شا لە لووتکەی دەسەڵاتدایە و تەنیا کەسێکە کە مافی پێڕاگەیشتن بە هەموو کێشە و کاروباری وڵات و سوپای هەیە. فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە، ئەمری ئەو بێ ئەملا و ئەولا بەڕێوە دەچێ و فەرمانەکانی دەبێ پێڕەو بکرێ، ئەو سێبەری خودایە لەسەر زەوی. هەموو شتێک بە شا دەست پێ دەکا و بە ئەو کۆتایی دێت. گشت کۆمەڵانی خەڵک، تەنانەت سەدری ئەعزەم، وەزیر و کاربەدەستانی پایەبەرزی دەوڵەت بە نۆکەری شا دادەنرێن.(١) شا نەتەنیا خاوەنی گیان و ماڵی خەڵکە، بەڵکوو خاوەنی گیان و ماڵی شازادەکان و سەدری ئەعزەمەکانیش بوو. لە پاش دەسەڵاتی شا و دەربار‌دا دەسەڵاتێکی تری بەرچاو کە توانای شان لە شان دانی ئەوی هەبووایە ڕووحانییەتی بەتوانای شیعە بوو. عولەما، موجتەهیدان، مەلاکان و ئاخوندەکان، چ سەید و چ ئاسایی نەتەنیا بەڕێوەبردنی ئیداری کاروباری دینی و ڕێوڕەسمی عیبادەت بەڵکوو دادوەری (مەحکەمەی شەرع ) و کولتووریان (قووتابخانەو مەکتەب) لەبەردەستدا بوو(٢.(

وڵات لەبابەت دابەشکردنی ئیدارەی دەسەڵاتەوە بەسەر ئەیالات و ویلایەتدا دابەش دەبوو. ئێران لەو سەردەمەدا خاوەنی چوار ئەیالەت بە ناوەکانی ئازەربایجان، خوراسان، فارس و کرمان و پتر لە سی ویلایەت بوو.

ماڵیاتی ئەو ئەیاڵەتانە بە «مقاطعە» دادەنرا. ئەو کەسەی کە «مقاطعە» ی پێ دەبڕا، دەبوایە دیاری و پێشکەشی زۆر بۆ پادشا و تۆزێ کەمتر بۆ سەرۆک وەزیر بەڕێ بکات. هەربۆیە بەڕێوەبەری ئەم ئەیاڵەتانە بۆ ئەوەی داهاتی خۆی دابین بکا و بۆ دواڕۆژ پاشکەوتێکی هەبێ، زۆربەی کەرەستە و کاروبارەکانی دەوڵەتی دەفرۆشت. تا ئەوکاتەش کە دیاری و پێشکەشییەکان بە ڕێکوپێکی دەگەیشتنە دەرباری شا لێپرسینەوە نەبوو، هەربۆیە ئەمە دەبووە هۆی خوڵقانی کردەوەی زاڵمانە و بێڕەحمانە وەکوو جەریمەی قورس و زیندانیکردن و تەنانەت هەندێجار حاکم فەرمانی جینایەتی دەردەکرد؛ بۆ وێنە خاوەن زەویی خەتاباری جەریمە دەکرد و تەنانەت تۆمەتباری گوللەباران دەکرد. دادگاییکردن، کەم و زۆرکردنی

ماڵیات و دیاریکردنی، گیران و ئەشکەنجە مافی بێ ئەملاوئەولای خان یان موباشێرەکەی بوو.

خەڵکی ئێران لە نەتەوە و ئیتنیکی جیاواز کە بە زمانی تایبەت بە خۆیان قسە دەکەن و دین و ئایینی جۆراوجۆر پێڕەو دەکەن پێکدەهاتن. «کۆنت دو گوبینو» کە ماوەی سێ ساڵ وەک نوێنەری فەڕانسە لە تاران نیشتەجێ بوو، لە کتێبی بە ناوبانگی خۆیدا «نایەکسانیی ڕەگەزی مرۆڤایەتی»دا دەنووسێ: ئێران بەوردی بە شەش گرووپی «میللی» دابەش بووە: ئێرانییەکان، تورکەکان، عەرەبەکان، کوردەکان، جوولەکەکان و زەردەشتییەکان(٣).

شۆڕشی مەشرووتە بە سێ قۆناغی جیاوازدا تێدەپەڕێ. قۆناغی یەکەم بە ئیمزاکردنی فەرمانی مەشرووتە لەلایەن پادشای ئەوکاتی ئێران موزەفەرەدین شای قاجار لە ساڵی ١٢٨٥ی هەتاوی ( ١٩٠٦ز ) دەستی پێ کرد. ئەم قۆناغە تا ساڵی ١٢٨٧ی هەتاوی (١٩٠٨ز )، واتە نزیک ١٣ مانگی خایاند. لەو ماوەیەدا ئازادییە دێموکڕاتیکەکان بووژابوونەوە، چالاکییە چاپەمەنییەکان زۆر بەرچاوبوو و ئەنجوومەنەکان لەسەراسەری وڵاتدا کەم و زۆر دامەزرابوون. پارلەمان چەندین بڕیاری گرنگی پەسەند کردبوو کە بەپێچەوانەی ویست و ئارەزووی پادشا بوون.

یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی ئەم قۆناغە بریتی بوو لە قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکان لەنێوان مەشرووتەخوازەکانی لیبراڵ کە لەژێر کاریگەریی بیر و ئەندێشەی ڕووناکبیرانی سەردەمی ڕۆشەنگەری ئورووپا بوون لە لایەک و، ڕووحانییە موحافزەکارانی شیعە لەلایەکی دیکە. ئەم ناکۆکییە بەتایبەت لەنێو پارلەماندا گەیشتە لووتکەی خۆی و لە ئاکامی ئەم ململانێیەدا بەشێک لە ڕووحانییەتی تەقلیدی شیعە بە ڕێبەرایەتی شێخ فەزلوڵڵا نووری بوونە دژبەری مەشرووتەخوازەکان و لە بەرەی میردا خۆیان دۆزییەوە.

سەرەنجام شای قاجار (محەممەد عەلی شا) بە یارمەتیی ڕووسیە کەوتە پیلانگێڕان لە دژی پارلەمان و مەشرووتەخوازەکان. پارلەمان بە یارمەتیی بریگاردی قەزاق کە فەرماندەکەیان لیاخۆفی ڕووسی بوو کەوتە بەر هێرش و تۆپباران کرا. بەشێک لە نوێنەرانی پارلەمان کوژران و ئەوانی تریش ڕایان کرد، یان قۆڵبەست کران. پارلەمان داخرا و پاش ١٣ مانگ کۆتایی بە تەمەنی هات.

قۆناغی دووهەم بە هەستانەوەی مەشرووتە ناسراوە. خەڵکی تەورێز کە ناوەندی دووهەمی شۆڕشی مەشرووتە بوو، بە سانایی ملکەچی نەیارانی مەشرووتە نەبوون. لە تەورێز بەربەرەکانی و خۆڕاگرییان کرد. تەورێز لە لایەن سپای میری گەمارۆ درا و بەربەرەکانی و شەڕ ماوەی ١١ مانگ درێژەی کێشا. خۆڕاگریی تەورێز ورەی ئازادیخوازەکانی ناوچەکانی تری ئێرانیشی بەرز کردەوە. مەشرووتەخوازەکان لە ئیسفەهان و ڕەشت ڕاپەڕین و بەرەو تاران کەوتنە ڕێ. لە جۆزەردانی

١٢٨٨ی هەتاوی (١٩٠٩ز ) تاران کەوتە بەردەست مەشرووتەخوازەکان و سەرلەنوێ پارلەمان کرایەوە و شای قاجار ڕای کرد و پەنای بۆ ڕووسیە برد.

پارلەمانی دووهەم لە ساڵی ١٩٠٩ز دەستی بەکار کرد. لەم قۆناغەدا بوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئێراندا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان هاتنە ئاراوە و کورسییەکانی پارلەمانی دووهەم بەسەر حیزبەکاندا دابەش بوون. لە ساڵی ١٢٩٠ی هەتاوی (١٩١١ز) بەهۆی هەڕەشەی ڕووسیە پارلەمانی دووهەم بەناچاری داخرا و بەم جۆرە کۆتایی بە تەمەنی پارلەمانی دووهەمیش هات. چەند ڕۆژ پێش دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨ز) پارلەمانی سێهەم کرایەوە و قۆناغی سێهەمی مەشرووتە دەستی پێ کرد کە هەتا هاتنە سەرکاری ڕەزاشا بەدوای کودەتای ساڵی ١٢٩٩ی هەتاوی (١٩٢١ز) درێژەی کێشا. لەمەودوا شوێنەواری مەشرووتە بەهۆی ملهوڕی و دیکتاتۆریەتی ڕەزاشا سڕایەوە.

***

سەرچاوەکان:

١- ناسیۆنالیزمی ئێران (١٩٠٦-١٩١٤)، ئیسماعیل بازیار

٢- احسان طبری، ایران در دوران معاصر- جامعەی ایران در دوران ڕضاشاە، انتشارات حزب توده ایران، ١٣٥٦، ص ١٨

٣- باقر مومنی، دین و دولت در عصر مشروطیت، چاپ اول، سوئد، ١٩٩٢ ص ١٠٨

٣ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# جینایەت و مرۆڤکوژی وەک شوناس و هەویتیی کۆماری ئیسلامی




عەلی بداغی

دەزگای تەبلیغیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی سێ حەوتووی ڕابردوودا بە پێشاندانی بەردەوامی وێنەی کوژراوانی غەززە جۆرێک توندوتیژییەکانی شەڕی حەماس و ئیسرائیل لەلایەن ئیسرائیلەوە بە جینایەت دژی مرۆڤایەتی ناو دەبا، وەک بڵێی پەرێزی خۆی زۆر خاوێنە و هەتا ئێستا دەستی بە خوێنی هیچ بێتاوانێک سوور نەبووە! خۆ ئەگەرچی ئێستا هەمووان کۆماری ئیسلامی و بیرکردنەوە و سیاسەتەکانی زۆرباش دەناسن، بەڵام بیرهێنانەوە و ڕیزکردنی بەشێک لە تاوان و جینایەتەکانی ئەم ڕێژیمە لەجێی خۆیدایە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکەش بڵێین کە مناڵکوژی، تاوان و جینایەت دژی مرۆڤایەتی کاڵایەکی پڕ بە باڵای ڕێژیم و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییە کە هەر لە سەرەتاوە دەستنوێژیان بە خوێنی لاوان و خەڵکی بێتاوانی وڵات هەڵگرتوە.

هەر لەجێدا تاوان و جیناتەکانی کۆماری ئیسلامی پێش هاتنەسەر دەسەڵات دەستیان پێ کردبوو. لە تێرۆری کاربەدەستە سیاسییەکانی ڕێژیمی پاشایەتییەوە هەتا ئاگردانی سینەما ڕەکسی ئابادان کە لە نێوان ٤٠٠ هەتا ٦٠٠ کەسی تێدا کوژرا، تەنیا بۆوەی دواتر تاوانەکە بە سەر ڕێژیمی پەهلەوی دابێنن کە دواتر دەرکەوت کاری مەلاکان خۆیان بووە. تەنانەت

ئایەتوڵڵا لاهوتی ساڵی ١٣٥٨ لە وتووێژێکک لەگەڵ ڕۆژنامەی کەیهاندا نەیشاردەوە کە ئاگردانی سینەمای "قوم"یش بە بڕیاری خودی ئەحمەد خومەینی بووە، داننانێک کە بووە هۆی گیران و دواتر کوژرانی لە زینداندا!

کوشتارەکانی کوردستان، ئازەربایجان، تورکەمەنسەحرا و خوزستان دەسپێکی زنجیرە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بوون دوای هاتنەسەر کورسیی دەسەڵات بوون. بۆیە جینایەت و کوشتاری دژبەرانی سیاسی و ئەوانیدی نەک هەر گرینگترین بەش لە سیاسەتەکانی ڕێژیم، بەڵکوو بەشی سەرەکی و دانەبڕاو لە شوناس و هەویەتیی دەسەڵاتێک بووە کە ٤٥ ساڵە بە کوشتوبڕ و بە زەبری چەک و پەتی سێدارە تەختی خونکاریی خۆی پاراستوە.

لە ئاستی ئێراندا جینایەتەکانی ڕێژیم لە یەکەم ڕۆژەکانی سەرکەوتنی شۆڕش و هەر لە سەربانی قوتابخانەی ڕیفاه کە شوێنی کاتی مانەوەی خومەینی بوو، بە ئێعدامە سەحراییەکان دەستی پێ کرد، پاشان لە ماوەی دوو ساڵدا لەژێر ناوی شۆڕشی فەرهەنگیدا زیاتر لە ٣٠٠ خوێندکار و مامۆستای زانکۆی جیابیریان ئێعدام کرد.

دوای پێداگریی ڕێژیم لەسەر بەردەوامیی شەڕ لەگەڵ عێراق تەنیا لە ساڵی ١٣٦٠ دا زیاتر لە دە هزار چالاکی سیاسی ئێعدام کران کە ڕێکخراوی "ڕاستیاد" لەو ماوەیەدا توانیویەتی ناو و شوناسی ٣٥٠٠ کەس لەوان ئاشکرا بکا کە لە ٨٥ شاری ئێران گیانیان لێ ئەستێندراوە. هەڵبەت کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا هاوتەریب لەگەڵ سەرکوت و کوشتاری دژبەرانی سیاسیی خۆی هەوڵی داوە پێش بە کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەکان و بەدێکیۆمێنتکرانی جینایەتەکانی بگرێ و سیستماتیک بۆ سڕینەوە و نەهیشتنی بەڵگەی تاوان و جینایەتەکانی و دیزەبەدەرخۆنەکردنیان پلان و پیلانی زۆر و جۆراوجۆری جێبەجێ کردوە.

ئەگەر هەر لە دەیەی ٦٠ دا بمێنینەوە، تاوانی هەموو کوشتارەکانی شەڕی ٨ ساڵە کە بەهۆی پێداگریی ڕێژیم بۆ ماوەی ٧ ساڵ درێژ کرایەوە، لە ئەستۆی دەسەڵاتبەدەستانی تارانە زیاتر لە یەک میلیۆن کوژراو و برینداری لێ کەوتەوە.

بەپێی بەڵگەنامەکانی "ایران تریبونال" لە ساڵەکانی دوای ١٣٦٠ هەتا ١٣٦٤دا نیزیک بە ١١ هەزار کەس لە زیندانەکان یان ئێعدام کران یان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندرا. تەنیا لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧دا و بۆ چاوترسێنکردنی کۆمەڵگە و ڕاکردن لە بەرپرسایەتیی شکان لە شەڕی عێراق زیاتر لە ٢٠ هەزار زیندانیی سیاسییان لە ماوەی سێ مانگدا لە زیندانەکاندا ئێعدام کرد کە ٤ هەزار کەس لەوان تەنیا لە زیندانی ئێڤینی تاران گیانیان لێ ئەستێندرا. قەتڵە زنجیرەییەکان، جینایەتەکانی پووشپەڕی ١٣٧٨، تاوانەکانی سەرشەقام و زیندانی کەهریزەک دوای خۆپێشاندانەکانی ١٣٨٨، دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر زیندانیان، کۆمەڵکوژییەکان لە خۆپێشاندانەکانی بەفرانباری ١٣٩٦

و خەزەڵوەری ١٣٩٨ کە نیزیک بە ٢٠٠٠ کەس تەنیا بە تاوانی! ناڕەزایەتیدەربڕین بە گرانبوونی نان و بێنزین گیانیان لێ ئەستێندرا؛ بەردانەوەی بەئانقەستی فڕۆکە ئۆکراینییەکە لە ساڵی ١٣٩٨، کوشتنی بیرمەندە ئەتومییەکان لە ساڵانی ١٣٨٨ هەتا ١٣٩٠ بۆ شاردنەوە و ڕێگەگرتن لە دزەکردنی زانیارییە ئەمنیەتییەکان لەسەر پیشەسازیی مووشەکی و ئەتومیی ڕێژیم، جینایەتی ڕێگریکردن لە هاوردەی واکسەنی ئەمریکایی و ئینگلیسی لە سەردەمی پەتای کۆڕۆنا بە بڕیاری خودی خامنەیی و هتد تەنیا بەشێکی زۆر کەم لە تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی ئێرانن. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٣٥٧ەوە هەتاوییەوە هەتا ١٣٩٩ی هەتاوی زیاتر لە ٤٦ هەزار و ٦٠٠ چالاکی سیاسیی دژبەری ڕێژیم لە ئێران بەهۆی تیرۆر، ئێعدام، کوژران لە زیندان لەژێر ئەشکەنجە و کوژران لە خۆپێشاندانەکانی سەرشەقامدا بە دەستی کۆماری ئیسلامی گیانیان لێ ئەستێندراوە. هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ ڕا هەتا ساڵێ ١٣٩٥ی هەتاوی پتر لە ٦١ هەزار کەسی لەو وڵاتەدا لەدار داوە.

لە کوردستان، هێشتا شەش مانگ بە سەر ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ئازادیی گەلانی ئێران تێنەپەڕیبوو، خومەینی فتوای جیهاد دژی خەڵکی کوردستانی دەرکرد و لەشکرکێشیی ئەرتەش و سپای پاسداران بۆ سەرکوردستان بووە داسەپاندنی شەڕێکی خوێناوی بە سەر نەتەوەی کورددا. لە سۆنگەی ئەو شەڕە داسەپاوە هەتا ئێستا دەیان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان بوونەتە قوربانی و گیانیان لێ ئەستێندراوە. هەروەها کۆمەڵکوژییەکان لە ئاواییەکانی "قارنێ". "قەڵاتان"، "چەقەڵمستەفا"، "دیلانچەرخ"، "حەڵبی"، "کوێکان"،" کەرێزەی شکاکان"، :خەلیفەلیان"، "گۆڕخانە" لە نەغەدە؛ کۆمەڵکوژی لە ئاواییەکانی "ئیندرقاش"، "قەرەگۆل"، "وسووکەند"، سەوزی"، "دێمەسوور"، "جافرئاوا"، "مەرجانئاوا" و "تەپەڕەش" لەنێوان میاندواو و مەهاباد"؛ کۆمەڵکوژییەکان لە ئاواییەکانی "بایزاوێ"، "جبریلئاوێ"، "گوندەوێڵە"، "دووئاو" لە شنۆ؛ "هەڵەقووش" و گێچە" لە ورمێ و "سۆفییان" لە پیرانشار کە سەرجەم سەدان کەس ژن، منداڵ، پیر و تەنانەت مامۆستای ئایینیی قورئانلەسەر دەستی تێدا بوونە قوربانی و گیانیان لێ ئەستێندرا، و ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی بۆ نموونە ٥٩ لاوی مەهابادی، تەنیا بەشێکی بچوون کە تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژ بە کورد و دژ بە مرۆڤایەتین.

ڕێژیم جیا لەوانە لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ٢٢٨٠ زیندانیی سیاسیی کوردی بەهۆی خەباتی نەتەوایەتییان و لەژێر ناوی هەوڵدان دژی ئەمنییەتی ئەو ڕێژیمەدا ئێعدام کردوە. هەروەها دەزگای سەرکوت و تیرۆری ئەم ڕێژیمە هەروەها لانیکەم ٤٧٠ ئەندامی حیزبە کوردییەکانی لە نێوخۆ وڵات و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران تیرۆر کردوە، بە مووشەک و درۆن شوێنی ژیانی بنەماڵە و ژن و منداڵی ئەندامانی حیزب لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستانی بەئامانج گرتوە و ئەو جینایەتانە هەروا درێژەیان هەیە. لە دەسپێکی شۆڕشی "ژینا"شەوە ڕێژیم بە کوشتنی خۆپێشاندەران لە سەرشەقام و،

**گرتنگەکان لەژێر ئەشکەنجەدا و، بە دەرمانداوکردنی منداڵان قوتابیان سەدان تاوانی نوێی دیکەی لەسەر تاوانەکانی پێشووی کەڵەکە کردوە.**

**هاوکات هاوکاریکردنی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە بەهاری عەرەبیدا و کوشتاری دەیان هەزار کەس لە خەڵکی وڵاتی سووریە، دروستکردنی میلیشیا و ناردنیان بۆ شەڕی نیابەتی و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی لوبنان، عێراق، بەحرەین و یەمەن کە شەڕی نێوخۆیی و کوشتاری هەزاران مرۆڤی بێتاوانی لێ کەوتۆتەوە، و هەڵگیرساندنی شەڕی نوێی حەماس و ئیسرائیل بە بڕیاری کاربەدەستانی ڕێژیم کە تا ئێستا زیاتر لە ١٠ هەزار کوژراوی لێ کەوتۆتەوە؛ دەبێ بە لیستی ئەو تاوان و جینایەتە لەئەژمارنەهاتووانەی ڕێژیم زیاد بکرێن.**

**بۆیە، کۆماری ئیسلامی کە سەدان هەزار بەڵگەی تاوانی مرۆڤکوژی، منداڵکوژی و جینایەت دژی مرۆڤایەتیی لەسەر سەلمێندراوە، ڕێی ناکەوێ فرمیسکی تیمساح بۆ کوشتنی مرۆڤە بێتاوانەکانی غەززە هەڵوەرێنێ، بەتایبەت کە هەر لەجێدا بەرپرسایەتیی هەموو تاوانەکانی حەماس لە هێرش بۆ سەر ئیسرائیل و کردەوە تۆڵەستێنەکانی ئیسرائیل لە خەڵکی غەززە لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن.**

**٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣**

---

# "هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی ئیمانوێل ماکرۆن بۆ ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: کلیلی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە حەماس"



حەسەن قارەمانی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەرێمێکە کە دەیان ساڵە لە ناوەندی ململانێی ئاڵۆزی سیاسی و مێژوویی و ئایینیدایە. ئەم ململانێیانە نەک هەر کاریگەریی ناوچەییان هەبووە، بەڵکوو سەرنج و تێوەگلانی نێودەوڵەتیشیان بەدەست هێناوە. سەرۆکی فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن لەم دواییانەدا دەستپێشخەرییەکی پێشکەش کرد کە ئامانجی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە ڕێکخراوی حەماسی فەلەستینی.

ململانێی ئیسرائیل و فەلەستین یەکێکە لە ململانێ هەرە بەردەوام و چارەسەرنەکراوەکانی جیهان. ئەم کێشەیە لە ڕکابەرییە مێژووییەکان و ئیدیعای خاکی و هەستکردن بە ناسنامەی نەتەوەییەوە سەرچاوە دەگرێت. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ململانێیە پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە هۆکارە مێژووییەکانی بنچینەی ئەو ململانێیە و ئەو دینامیکە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزانەی کە لە ناوچەکەدا زاڵن، هەیە.

ئەم دەستپێشخەرییە ئامانجی چارەسەرکردنی چەندین تەحەددایە لە ناوچەکەدا، لەوانە توندوتیژییە بەردەوامەکانی نێوان ئیسرائیل و حەماس، قەیرانە مرۆییەکان لە غەززە و کەرتی رۆژئاوا و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانەی بەردەوام لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین. ماکرۆن پێشنیاری کردووە کە هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی کە لە ئەکتەر و لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان پێکهاتبێت، دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ لە کەمکردنەوەی گرژییەکان و بەرەوپێشبردنی گفتوگۆ و کارکردن بۆ چارەسەرێکی بەردەوام بگێڕێت.

ئیمانوێل ماکرۆن جەختی لەسەر گرنگیی بەشداریکردنی زۆرترین لایەن لەم پرۆسەیەدا کردووەتەوە و پێشنیاری کردووە کە وڵاتانی وەک فەرەنسا، ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی بەرژەوەندخواز، لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ئەکتەرە ناوچەییەکان، پێکەوە کار بکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان. گرنگە بزانین ئەم دەستپێشخەرییە بە لەبەرچاوگرتنی ململانێ و گرژییە مێژووییەکانی ناوچەکە سادە نییە.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەرێمێکە بە ئاڵۆزی و ناسەقامگیریی سیاسی ناسراوە. هەر لە ململانێی ئیسرائیل و فەلەستینەوە تا شەڕی ناوخۆی سووریا و گرژییەکانی نێوان ئێران و دراوسێکانی، ناوچەکە بە هەمەڕەنگی کێشە دەناسرێتەوە کە پێویستی بە هەوڵی دیپلۆماسیی ئاڵۆز هەیە. پێشنیازی ماکرۆن بریتییە لە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە تایبەتەکانی حەماس.

ئەم پێشنیازەی ماکرۆن ئامانجی کەمکردنەوەی توندوتیژی و باشترکردنی دۆخی هاوڵاتییانی یمەدەنی لە غەززە و بەرەوپێشبردنی ئاشتیی درێژخایەن لە ناوچەکەدایە.

بۆ تێگەیشتن لە پێشنیارەکەی ماکرۆن و دەرئەنجامە ئەگەرییەکانی، پێویستە دان بەو ئاڵۆزییەدا بنرێت کە تایبەتمەندی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ناوچەکە شوێنی ئەکتەرە جۆراوجۆرەکانە کە ئەجێندا و بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە. ئیسرائیل، فەلەستین، ئێران، سعوودیە، ئەمریکا و چەند ئەکتەرێکی دیکە لە ململانێ و شەڕی سیاسیدا تێوەگلاون کە دەیان ساڵە بەردەوامە.

ململانێی ئیسرائیل و فەلەستین یەکێکە لە ململانێ هەرە بەردەوام و چارەسەرنەکراوەکانی جیهان. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ململانێیە پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵ هەیە لە هۆکارە مێژووییەکانی بنچینەی ئەو ململانێیە و ئەو دینامیکە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزانەی کە لە ناوچەکەدا زاڵن.

پێشنیاری ماکرۆن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست بە حەماس، کاردانەوەی تێکەڵاوی بەدوای خۆیدا هێناوە. دەرەنجامەکە ئەوەیە کە ململانێی ئاڵۆزی سیاسی و مێژوویی و ئایینیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە ڕێوشوێنی داهێنەرانە و ئامانجدار هەیە. دەستپێشخەرییەکەی ئیمانوێل ماکرۆن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە حەماس، نوێنەرایەتیی هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بە شێوەیەکی هاوبەشی نێودەوڵەتی. هێشتا بابەتی مشتومڕ و گفتوگۆیە و ماوەتەوە بزانین ئایا دەتوانێت ببێتە هۆی پێشکەوتنی کۆنکرێتی لە بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا؟

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا چەندین هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی پرۆسەی ئاشتی و دانوستانەوە دراوە. ڕێککەوتننامەکانی ئۆسلۆ لە ساڵانی نەوەدەکاندا هەوڵی دامەزراندنی چارەسەری دوو دەوڵەتی درا، بەڵام ئەم دانوستانانە زۆرجار بەهۆی هەڵوێستی دژ بە یەک و کردەوەی توندوتیژی تێک چووە.

مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێی ئیسرائیل و فەلەستین پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵ هەیە لە ئاڵۆزییەکان و ئەو هۆکارە مێژووییانەی کە بنەمای ئەو ململانێیەن. جگە لەوەش پابەندبوونێک پێویستە بۆ پێشخستنی گفتوگۆ و دانوستان و چارەسەری ئاشتییانە. ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان هەوڵیان داوە نێوەندگیری و ئاسانکاری بۆ دانوستانەکانی نێوان لایەنەکان بکەن، بەڵام پرۆسەیەکی قورس و درێژخایەنە. کارکردن بۆ چارەسەرێکی دادپەروەرانە و بەردەوام پێویستی بە ڕەچاوکردنی هەردوو پێداویستییە ئەمنییەکانی ئیسرائیل و داواکاری دادپەروەرانە بۆ دەوڵەتی فەلەستین هەیە. یەکێکە لە ململانێ هەرە بەردەوام و چارەسەرنەکراوەکانی جیهان و بەردەوامە لە یەکێک لە پرسە هەرە زەقەکان لە سیاسەتی جیهانیدا.

٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

**ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات: مەرگی ئارمیتا بەڵگەی زیندووی مناڵکوژی و بەردەوامیی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامییە**



**خەڵکی مافخوازی کوردستان و ئێران!**
**وڵاتان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ!**

**مخابن ئارمیتا گەڕاوەند، کیژۆڵەی تازەلاوی کوردی خەڵکی کرماشان کە مانگی ڕابردوو بەهۆی زەبروزەنگ و توندوتیژییەکانی هێزەکانی گەشتی ئیرشادی کۆماری ئیسلامییەوە لەهۆش چووبوو، پاش ٢٨ ڕۆژ مانەوە لە کۆمادا دڵە پڕ لە هیواکەی لە لێدان کەوت.**

**ئارمیتا گەڕاوەند قوربانییەکی دیکەی دەستی جینایەتی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی مرۆڤکوژی و مناڵکوژیی ئەو ڕێژیمەیە کە بە چارەنووسی ژینا ئەمینی و سەدان و هەزاران لاوی دیکەی ئەم وڵاتە چوو، و مەرگی بوو بە بەڵگەیەکی دیی مافویستی و خەباتکاری لەدژی کۆنەپەرستی و سیاسەتی دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.**

**ئارمیتا ڕۆژی ٩ی ڕەزبەر لە وێستگەی مێترۆی شوهەدای تاران کەوتە بەر پەلاماری مەئموورێکی هێزە ئینتیزامییەکان کە بە "حیجاببان" دەناسرێن، دواتر ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە نەخۆشخانەی نیزامیی فەجری تاران خەواندیان و بە سەپاندنی**

دۆخی ئەمنیەتیی هەستیار ڕێگەیان لە بڵاوبوونەوەی هەرچەشنە هەواڵ و زانیارییەک لەسەر دۆخی ناوبراو گرت. ناوەندە ئەمنیەتییەکان هەروەها بە خستنەژێر گوشاری بنەماڵەی ئارمیتا کە دواتر دەسبەسەرکرانی دایکی ئارمیتاشی بەدوودا هات، لە یەک مانگی ڕابردوودا بەبەردەوامی هەوڵیان داوە گێڕانەوەیەکی دروستکراو و پێچەوانەی ڕاستییەکان دەرخواردی بیروڕای گشتیی ئێران و جیهان بدەن و بەمجۆرە چەندی بۆیان دەکرێ ئەو جیناتەشیان پووشبەسەر بکەن. ئێستاش دوای ئەستاندنی گیانی ئارمیتا دەستیان بەسەر تەرمەکەی داگرتوە و بنەماڵەکەیان خستووەتە ژێر گوشارەوە و ڕێگە نادەن لە کرماشانی زێدیان بە خاکی بسپێردرێ و، هەڕەشەیان ئەوەشیان لێ کردوون کە نابێ لەگەڵ مێدیاکان قسە بکەن و زانیاریی دروست لەو ڕووداوە لە زمان ئەوانەوە بڵاو بێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی ئارمیتا گەراوەند جینایەتی نوێی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و ئێران مەحکووم دەکا. هاوکات لەگەڵ ئەوەی دڵنیایە کۆمەڵگەی مافخوازی کوردستان جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بێوەڵام ناهێڵنەوە، داوا لە وڵاتان و کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ دەکا چاو و سەرنجیان لەسەر ئێران و جینایەت و سیاسەتە دژەمرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی کۆ بکەنەوە. هەروەها بە گوشار خستنەسەر ڕێژیم ناچار بە درکاندنی ڕاستییەکان و وەرگرتنی بەرپرسایەتیی تاوانەکانی بکەن.

حیزبی دێموکرات باوەڕی وایە هەتا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر تەختی خونکاری بێ منداڵکوژی و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی هەر درێژەیان دەبێت و هاوکات توندوتیژی و بەردەوامیی تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش خەڵکی مافخوازی کوردستان و ئێران لە خەبات بۆ مافەکانیان و ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە ستەمکارە سارد ناکەنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی بەڕێوەبەری

٦ی خەزەڵوەری ١٤٠٢

٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# کوشتنی ئارمیتا و ترسی ڕێژیم لە هێزی خەڵک



**سمایل شەرەفی**

وەک باس دەکرێ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئەزموون لە چۆنیەتیی بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوشتنی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی و لێکەوتە و هەزینەکانی ئەم ڕووداوە بۆ ڕێژیم، بە جۆرێک هەوڵی مودیریەتکردنی چۆنیەتیی بڵاوکردنەوەی هەواڵی کوشتنی ئارمیتا گراوەند و ناشتنەکەی داوە. هەر لە نیشاندانی ویدیۆکانی نێو مێترۆکەوە بگرە تا دیاریکردنی نەخۆشخانەیەکی سەربازی و خستنەژێرفشاری بنەماڵە و هاوڕێکانی ئارمیتا بۆ قسەکردن لە چۆنیەتیی ڕووداوەکە و لە کۆتاییدا دوای نزیک بە یەک مانگ ڕاگەیاندنی هەواڵی مەرگی ناوبراو و ناشتنی تەرمەکەی لە "بهشت زهرا" لە تاران و ڕێگریکردن لە ناردنەوەی تەرمی ئارمیتا بۆ زێدەکەی، کرماشان.

ئەوەی کارناسان و شارەزایان لەسەر جۆری چنین و بڵاوکردنەوەی ویدیۆکانی تایبەت بە ڕەوتی هاتن و چوونی ئارمیتا لە مێترۆکە باسی لێوە دەکەن، پرسیاری زۆری لەسەرە و هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئارمیتا دەستی لێوەشێنراوە و ئەوەی کاربەدەستانی ڕێژیم لەسەر تێکچوونی باری دەروونیی ناوبراوی باس دەکەن دوورە لە ڕاستی. گومانەکە لەوەڕا زیاتر خۆی دەردەخات کە تەرمی نیوەگیانی ئارمیتا دەستبەجێ بۆ "نەخۆشخانەی فەجر" دەگوازرێتەوە کە تایبەتە بە ئەرتەش و

هاتوچۆ بەتەواوەتی تیایدا قەدەغەیە. هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕووداوەکەوە هەڕەشە دەخرێتە سەر بنەماڵە و هاوڕێکانی و پێیان دیکتە دەکرێ کە وەک یەک، یەک قسە بکەن؛ "ئارمیتا لەناکاو باری دەروونی تێکدەچێ و هیچ مەئموورێکی ئەمنییەتی لە شوێنی ڕووداوەکە نەبووە و دەستبەجێ پێڕاگەیشتنی پزیشکی کراوە و لەژێر چاوەدێریی چڕی دوکتورەکاندایە و تا ئێستا بێهۆشە.!!"

لە ماوەی ئەو نزیک بە یەک مانگەدا کە گوایا ئارمیتا لە کۆمادا بووە جیا لە هێندێک هەواڵی ناڕاستی مودیرییەتکراو، ئیزنی چاوپێکەوتن و بڵاوکردنەوەی هەواڵی دروستی لەسەر نەدرا. فشارەکان بۆسەر دایک و باوکی ئارمیتا زیاتر بوو و دەستبەسەر کران و هەڕەشەیان لێکرا. هێشتا بە ڕەسمی هەواڵی مەرگی ئارمیتا بڵاو نەکرابۆوە کە کاناڵ و پەیجەکانی نزیک بە ڕێژیم بە پێخۆر و تەواو مودیرییەتکراو، هەواڵی ئەوەیان بڵاو کردەوە کە لەوانەیە تەرمی ئارمیتا لە "بهشت زهرا" بنێژرێ و لەگەڵ ناردنەوەی تەرمەکەی بۆ کرماشان دژایەتی کراوە!!. لە کۆتاییدا کە دوای نزیک بە مانگێک و ئەمجارەیان بە ڕەسمی هەواڵی کۆچی ئارمیتایان بڵاو کردەوە، ڕێگری لە بردنەوەی تەرمەکە بۆ کرماشان کرا و لە فەزایەکی تەواو ئەمنییەتی و کۆنترۆڵکراودا تەرمی ئارمیتای جوانەمەرگ لە "بهشت زهرا"ی تاران تەسلیم بەخاک کرا.

ئەوەی ژوور و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئاگاداریی ڕاستەوخۆی زۆر سەرەوەتر لە خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ کوشتنی ئارمیتادا کردیان، جیا لە بێڕێزی بە بنەماڵە و کەسوکاری ئارمیتا و خەڵکی ئێران بەگشتی، نیشانەی ترسێکی گەورە بوو لە ژیلەمۆی نارەزایەتیی خەڵک و گەلانی ئێران کە لە ئەگەری گەشانەوەی بە هەر ڕووداوێک، تەخت و بەختی کۆماری ئیسلامی لە تەواوییەتی خۆیدا تێکەوە دەپێچێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مودیرییەتکردنی مەسەلەی کوشتنی ئارمیتا و پێشگرتن لە بردنەوەی تەرمی ناوبراو بۆ کرماشان، نیشانی دا کە چەندە لە کوردستان و ئیرادەی ڕاپەڕیوەی خەڵکی ئەم دیار و نیشتمانە زوڵملێکراوە دەترسێ.

ئەوان بە هەموو شێوەیەک ویستیان پێش بە دووبارەبوونەوەی ئەزموونی مەرگی ژینا ئەمینی بگرن کە بەدوای خۆیدا شۆڕشێکی جەماوەریی گەورەی سەرانسەریی لێ درووست بوو. ترس لە دووبارەبوونەوەی ئەم ڕووداوە و ترس لە ئیرادەی ڕاپەڕیوەی خەڵکی کوردستان و سەرجەم گەلانی ئێران، ڕێژیمی ناچار کرد کە مودیرییەتی چۆنیەتیی بڵاوکردنەوەی هەواڵی کوشتنی ئارمیتا بکەن و بەخەیاڵی خۆیان فوو لە ژیلەمۆی ڕق و بێزاریی خەڵک نەکەن. بەڵام هەر لەو دەرفەتە کەمەشدا کە لەسەر گۆڕی ئارمیتا بۆ بەشداران هاتە ئاراوە، ئەو پەیامە بە کۆماری ئیسلامی درا کە نارەزایەتییەکان هەروا لەجێی خۆیانن و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم نیزامە منداڵکوژ و دیکتاتۆرە هەر لەئارادایە.

ترسی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران و نارەزایەتییەکانی خەڵک ئەوەندە گەورە و

جیـددی بـۆتەوە کە چـووکەترین ڕەخـنە و پرسـیـارکردن لەسـەر ڕەفتـارێکی دژەئینسـانیی خـۆی پـێ تەحەمـول نـاکرێ. لە بڵاوبوونەوەی پۆستێک لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان تۆقیوە و هەر لەو چەند ڕۆژەدا بە دەیان کەسیان بە تـاوانی پرسیارکردن و نارەزایەتیـدەربڕین لە شێوەی قەتڵی ئارمیتـا ڕاپێچی ناوەنـدە ئەمنییەتییەکـان کـردووە، لە خـاتوو نەسرین ستوودە لە تارانەوە بگرە تا کەسوکاری ئارمیتا لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان.

کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاستی بۆ چووە؛ وەک چۆن دەترسێ، دەبێ بترسێ لەو نـارەزایەتییە قـووڵ و بەربەرینەی کە لەنێو گشت کۆمەڵگەی ئێران و نەتەوەکانی ئێراندا هەیە، دەبێ بترسێ لەو بـزووتنەوەی بەریـن و جەمـاوەرییە مـافخوازانەیەی کە بڕیاری داوە چیدیکە کۆماری ئیسلامی نـاتوانێ ئیرادەی دیکتـاتۆرانەی خـۆی بەسـەردیدا بسـەپێنێ، دەبێ بترسێ لەو نەسڵە خوێندەوار و لاوەی کە بەدەر لە فەلسەفە کۆن و سواوەکەی کۆماری ئیسلامی و ئیدئۆلۆژییە داخراو و وڵامنەدەرەکەی، بیـر لە شێوازێکی دیکە لە ژیان و ئازادی دەکاتەوە، دەبێ بترسێ لە ئیرادەی قـایمی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکـانی دیکەی ئەم وڵاتە کە لانیکەم لە یەکساڵی ڕابردوودا تەواوی پیلان و هەوڵە دەیان ساڵەییەکانی ئەم ڕێژیمەیان لەسەر ناکۆکینـانەوە و تۆمەتی نارەوا لە خەڵک و نەتەوەکان، کردە بڵقی سەرئاو. کۆماری ئیسلامیی ئێران نابێ بێترس لە خەڵکی وڵات پاڵی لێ بداتەوە و درێژە بە جینایەتەکانی بدات!

٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

---

# نیشتمانی دزراوی نەتەوەیەک



فەرزانە حەبیبی

خوولگەی (چەرخە) مێژوویی نێوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پێش زایین، کە لە زەردەشتی ئێرانی و کۆنفیسیۆسی چینی و بوودای هیندی و فیلسووفە یونانییەکان و ئەشعیا و ئەرمیا، پەیامبەرە یەهودییەکان و جێگیربوونی ئاشوور، وەکو مەزنترین و بەهێزترین ئیمپراتۆری و زلهێزی جیهانی کەونار دەست پێدەکات، بۆ مادە کوردەکان دوو چارەنووسی جیاواز دەهۆنێتەوە. گەرچی لە کۆتاییەکانی سەدەی ٧ی پێش زایین یان بە بۆچوونی هەندێک زانا و مێژووناسی دیکە، لە چارەگی یەکەمی سەدەی ٦ی پێش زایین، هەستانە سەرپێی دەوڵەتی یەکگرتوو و بەهێزی ماد، دەبێتە ڕۆژەڤی هەواڵەکانی ئاسیای پێشەنگ، تەنیا دوای نزیک بە سەدەیەک و نیو، دوای ئەو ڕێکەوتە، لە نووسینەوە و یادداشتکردنی یەکەمین دێڕەکانی مێژوو، واتە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی وەکوو زانستێک، بە کۆتاییهاتنی سەروەری و سەربەخۆیی مادەکان و سەرکەوتن و دیارکەوتنی پارسە ئێرانییەکان دەست پێدەکات. سەرکەوتنی پارسە کۆچەرەکان، بەسەر پاشایەتیی ماددا، کە ژیانی خۆیان و مەڕ و ماڵاتیان، قەرزداری مرۆڤدۆستی و میوانپەروەری مادەکان بوون، لەلایەن یونانییەکانەوە، بە سەرەتای نووسینەوەی ئەلفبێی مێژووی سەرزەمینی میدیا و گەلانی ماد، هەژمار دەکرێت. ئیدی لەوە بەدواوە، ئەوە

ئیمپراتۆری نوێ بنیاتنراوی پارس، لەسەر سینگی دەوڵەت و خاکی مادە، کە هەنگاو دەهاوێژێتە ناو مێژوو و ئەوی دیکەش مادە خانەخۆکانن، کە دەبنە کوێلە و دەخرێنە سیاچاڵی ڕەش و کارەساتباری مێژووەوە. هیرۆدۆت، کە بەهێزترین سەرچاوە و بنیاتنەری پرۆژەی نووسینەوەی مێژووی مادە دەڵێت: من ئەرکم ئەوەیە، کە ئەوەی بیستوومە بە تەواوی بیگێڕمەوە، بەڵام ئەرکدار نیم لەوەی، باوەڕ بە هەمووی بکەم . کەواتە ئێمەش نابێت بڕوا بە هەمووی بکەین، بەڵکوو دەبێ بڕوا بەوە بێنین، کە لۆژیک و بەڵگەی سەلمێنراوی مێژوویی ڕێگامان پێ دەدات، هەروەک دەبێت بڕواش بە میتۆدی دژە مادی ئێرانییەکان بهێنین، لەوەی فێر بین هێزی مێژوو بە قازانجی نەتەوەکەمان بەکار بهێنین و نۆژەنی بکەینەوە . ئەوەی نەیاران ئاوەژوویان کردبێتەوە، بە پێنووس و دید و ئەندێشەی ناسیۆنالیستیی کوردی، هەڵسەنگاندن و شرۆڤە و داڕشتنەوەی بۆ بکەین. تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بۆشایی و ناڕوونییەکی مەزن لەناو کۆمەڵگەی کوردی، بەرابەر بە مێژووی ماد بوونی هەیە.

بەشی هەرەزۆری ئەو سەرچاوانەی باس لە مێژووی ماد دەکەن، ئەوانەی نووسەرە ئێرانییەکان، کاریان لەسەر کردووە، ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری و هەژموونیی گەلی سەردەست و ئیدیۆلۆژیی داگیرکاری پانئێرانی نووسراونەتەوە، یان ئەوانەی بەشێک لە ڕۆژهەڵاتناس و پسپۆڕانی ڕۆژئاوایی بواری مێژوو و زمان، بە ناوی مێژووی ماد، لە چوارچێوەی مێژووی ئێرانی کەونار تۆماریان کردووە، بە ئاشکرا سۆزداری و دەمارگیری ئاریاییگەری پێوە دیارە. لە نیوەڕاستی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست بەرەو سەرەوە، تا دەگاتە ئەم دەمەی ئەو دێرانەی کە ژمارەیەکی باش لە لێکۆڵینەوەی زانستی، پشتئەستور بە گشت بوارەکانی زانستی، زمانناسی و دیرۆکناسی و تەنانەت ناو و نیشانناسی تا ڕادەیەکی زۆر بێلایەن، لە بەرژەوەندی سەلماندنی مێژووی ماد بڵاو بوونەتەوە، بەڵام ئەو پەرتووک و لێکۆڵینەوە و نووسینانە لەو ڕوانگەوە، کە بەشی هەرە زۆریان لێتۆژینەوەی زانستی و تێزی دکتۆرا و سەرچاوەی ئاکادیمین، زیاتر لەلایەن ئاکادیمیست و دەستەبژێری سەرووی کایەی زانست و ڕۆشنبیری سوودیان لێ وەردەگیرێ و بۆ ئەو توێژە جێگەی فام و تێگەیشتنن. بۆیە بە هەموو مانایەک، نووسراوێک لەبارەی ماد پێویست بوو، تاکوو ئەم مەسەلەیە لە ڕۆشنبیریی گشتیی کۆمەڵگە نزیک بکاتەوە و ئەو دەزووە شوومە ژەهراوییە هەڵپسێنێ، کە پەیکەر و قەوارەی مێژووی نەتەوەی ماد، وەکوو نەتەوە و شارستانی و سەرزەمینێک، بە زۆرەملێ و فریوکارییەوە، بە مێژوو و ڕابردووی پڕ داگیرکاریی ئێرانی زمانەکان بەستووەتەوە. کێشەی هەرە مەزنی کورد ئەوەیە، کە بەتەواوی و لە ڕێگەی سەرچاوەی مێژوویی باوەڕپێکراوەوە، ئاگاداری ڕەسەن و پێگەی مێژوویی خۆی نییە، چونکە خوێندەواری کورد نە دەرفەت و نە تاقەتی خوێندنەوە و بەدواداچوونی فراوانی بۆ سەرچاوی جۆراجۆری مێژوویی هەیە، بەتایبەتیش کە ئەو سەرچاوانە زۆربەی هەرەزۆری (تێز)باسی ئاکادیمی و زانستی وشک و ماندووکەر و تاقەتپرۆکێنن. بۆ ناسینەوە و ساخکردنەوەی مێژووی مادی دێرین، دەبێ گشت سەرچاوە مێژووییەکانی کەونارناسی، ئاسەوارناسی و زمانناسی،

لە بەردەنووس و تابلێتی قوڕین و کەلوپەلە دۆزراوەکانی ناو گۆڕستان و هەڵدانەوەی تەپۆڵکە و شوێنەواری کەوناری مێژوویی بنکۆڵ و شەنوکەو بکەین، بە تایبەتیش بێجگە لە گێڕانەوەکانی هێرۆدۆتی باوکی مێژوو، دەبێت لە ماڵپەڕەکانی مێژووی سۆمەر و ئەکەد و ئاشووری و ئیلامی و بابل و ئێرانییەکان دەستپێبکەین و لە پەرتۆکی پیرۆز و ئاڤێستا و پەرتۆکی هەر دوو پەیامبەری یەهوودی، ئەرمیا و ئەشعیا، تا دەگەینە مێژوونووسە ئیسلامییەکان و ئارییاییەکان و شوێنەوارناس و شرۆڤەکارانی ئاکادیمی بواری زمان و مێژوو، و...هتد لە سەدەکانی نوێدا بەردەوام بین. کۆمەڵگەی کوردی بە پێوەر لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی گەلانی خاوەن شارستانییەت و ژیار، هەتا ئێستاش لە بۆشایی ناتێگەیشتوویی مێژووی دێرینی خۆی و بێمێژووییدا دەژی. ئاڵۆزییە تێکدەرەکە ئەوەیە، کە تاکی کورد ناتوانێ لەسەر بۆتەی مێژوو و کولتووری ئێرانی و توورانی و سامی هەستێتە سەر پێ و لەنێو تەپوتۆزی ئەو فەرهەنگە ژێردەستکەرانەدا، ڕێگا و پێشینە و هەقیقەتی خۆی بدۆزێتەوە و ڕێگای لێ ون نەبێت. هۆشیاری نەتەوەیی بەپێی ئیدۆلۆژی و فەلسەفەی ڕاست و چەپ، مادیگەری و تەنانەت ئیلاهیش، کامڵ نابێ و لەگەڵ داب و ڕەسەنایەتی و کولتووری نەتەوایەتییان، بەتەواوی یەک ناگرێتەوە و هاوهەڵوێست و هاوئاواز نابێت. پێویستیی هەرە بنەڕەتی بۆ هۆشیاری نەتەوەیی و سیاسی، شارەزایی و قاڵبوونە لە هۆشیاری مێژوویيدا. دەبێت بەخوێندنەوەی مێژوو و دووبارە ناسینەوەی، ڕێگامان بۆ ناو دڵی مێژوو بکەینەوە و لە خوارەوەی چینەکانی بارستایی مێژووی ئێرانپەرەستی و عەرەبپەرەستی و تورکدۆستی و کرنۆشە ئایینییەکان، ڕاستینەی مێژووی خۆمان بدۆزینەوە و دووبارە بنگە و ڕیشەکانمان، لەگەڵ سەرچاوە کەونارەکانی ڕەگەزیان، واتە مادەکان گرێ بدەینەوە، ئەوسا لە سەرهەڵدان و خەباتی سیاسی و ڕزگاریخوازییان، ئەنجامێکی دڵخوازتر دەستدەکەوێت. وەیشومەی هیند و ئورووپییەکان لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین، مەزنترین کۆچیان بۆ وشکاییەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆن دەست پێکردووە. ڕەگەزی قەومی ئێرانی زمان، لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی پێش زایین، وەکو لافاوێکی وێرانکەر بە ڕژدی، دزەی کردووەتە ناو ژینگە و ناوچەکانی وڵاتی ماد و بەرەبەرە شێوازی ژیان و فەرهەنگ و زمانی مادە خۆجێیەکانیان بە شێوەیەکی مەترسیدار، تووشی شێوان و لەبەریەک هەڵتەکاندن کردووەتەوە و باڵانسی دانیشتووان و ئەتنیکییان بەقازانجی کۆچەرە دواکەوتووە تازە هاتووەکان گۆڕیوە و تێکداوە. ئێرانییەکان میوانێکی نەمەکناس نەبوون، ئەوان کە لە دۆزەخی بیابانگەردی و دەوارنشینی چۆڵەوانییەکان، گەیشتبوونە بەهەشتی وڵاتی ماد، لە تاو شار و تەلار و گوند و کشتوکاڵ و زانستی پێشەسازی مادەکان، گریان گرتووە و بیریان لە داگیرکردنی ئەو سەرزەمینە کردووەتەوە، تا کار گەیشتووەتە ئەوەی (کورش)ی خزمەتکاری دەرباری ئاستیاگی پاشای ماد، گەڵەکۆمەیەکی فراوان، لە سێکوچکەیەک لە سەرۆک هۆز و فەرماندە خۆفرۆشەکان و مۆغە زەردەشتییەکانی ناوخۆی ماد و ئەرمەنییەکان و هۆزە پارسەکان، پێکبێنێ و پاشایەتی ماد بڕووخێنێ و نەتەوەی ماد، بکاتە کۆیلەی کۆچەرە پەزدارە ئێرانییەکان و خۆی لە (ئێکباتان)هیگمەتانەی پایتەختی دەوڵەتی ماد، لەسەر تەختی پاشایی پاڵ

بداتەوە و نەتەوەی ماد و سەرزەمین و زمان و مێژووەکەی، بکاتە نەتەوەی فارس و سەرزەمینی ئێران و شارستانییەت و مێژووی ئێران. ئێستاشی لەگەڵ بێت گیانی ئێرانی و فارسی، گیانێکی هێرشبەر و داگیرکارە، چونکە ئەوەیان لە مێژووی داگیرکاری پاشاکان و جینۆمی باوک و باپیرە کۆچەرە داگیرکارەکانیانەوە بۆ ماوەتەوە.گیانی تورک و عەرەبیش بە هەمان چەشن گیانێکی داگیرکاری هێرشبەری سنوورنەناسە، چونکە بە داگیرکردن و تالانکردنی سەرزەمین و شارستانییەت و زمان و سامانی، ماکی و مینۆیی گەل و نەتەوەکانی دیکە، بوونەتە دەسەڵات و گەلی سەردەست و دەوڵەت_نەتەوە. ئەو خسڵەت و نەریتە وێرانکەرە، وەچە بە وەچە و قۆناغ بە قۆناغ، گواستراوەتەوە و چووەتە ناو فەرهەنگ و خوێنی ئەوانەوە و هەتا ئێستاش هەر بەکارە. ڕۆحی کوردی هەر لەوساوە، تا دەگاتە ڕۆژگاری ژێردەستیی ئەمڕۆ، ڕۆحێکی بەرگریکارانەیە، چونکە تا مێژوو لەیادی بێت، نیشتەجێی وڵاتی خۆی بووە و وەکو داری بەڕوو بە چیا و بە ڕیشەکانی خۆیەوە نووساوە. ئەم نەتەوەیە لە هەموو ژیانی خۆیدا ناچار بووە، لە بەرامبەر هێرش و تالان و هەژموونی گەلانی دیکە، بەرگری لە خاک و زمان و فەرهەنگی خۆی بکات. چاو لە ڕەز و پەز و خانووچکەی خۆبوون، بە هەمان شێوە بووەتە خسڵەتێکی ژێنێتیکی و چووەتە ناو خوێنی کورد و فراوانخوازی و داگیرکاری ناناسێت . ئەوەی بەناو شارستانییەت و فەرهەنگی دوو هەزار ساڵەی ئێرانی هەیە و باسی لێوە دەکرێ، جۆرێک لە نادادپەروەری مەترسیدار و ستەمکارییەکی مەزنی زانستی داڕشتنەوەی مێژووی کەونارە. لەو سۆنگەوە کە هۆزە ئێرانییەکان، بە تایبەتیش پارسەکان، هۆزگەلێکی کۆچەری و ڕەوەندی پەزچەڕێن بوون، کە بە دوای لە وەڕگەی مەڕ و ماڵاتیان، گەیشتوونەتە وڵاتی ماد و بار و بنەیان لێ داناوە، لەو سەرزەمینە بەتەواوی بێگانە بوون. پێش ئەوەی پارسە ئێرانییەکان بگەنە ئەم ناوچەیە، گەلانی مادی سەدان و هەزاران ساڵ بوو، ژیانی کۆمەڵایەتی و یەکجێنشینییان دەست پێکردبوو، بە دەیان شار و گوند و قەڵا و دامودەزگای بوروکراسی(دیوانسالاری) و دەوڵەتیان پێکهێنابوو . مادەکان خاوەنی شارستانییەتێکی جێکەوتوو و فەرهەنگ و نەریتی ڕەگداکوتاوی خۆیان بوون. کۆچەرە ئێرانییە مەڕدارەکان، کە تا ئەو دەمە ئەزموونێکیان لەبارەی شار و گوندنشینیی خۆماڵیی خۆیان نەبووە، دەبێت بەتوندی کەوتبنە ژێر کاریگەریی شێوازی ژیان و کولتووری مادەکان و خۆیان لەگەڵ دابونەریت و شێوازی لەبەرکردنی جلوبەرگ و شارستانییەتی ماد گونجاندبێت، بە سیستەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری گوندی و پێشەسازی پێشکەوتووی مادەکان، شاگەشکە و سەرسام بووبن، بۆیە تێکەڵاوی و خۆ نزیککردنەوەیەکی زۆریان لەگەڵ دەربار و ناوەندی دەسەڵاتی مادەکان، دروست کردووە و بۆ قایمکردنی ڕیشە و پێگەیان لە سەرزەمینی نوێ، لە ڕێگای ژن و ژنخوازییەوە، خزمایەتیی خوێنیان پێک هێناوە . ڕەنگە یەکێک لەو هۆکارانەی کە کوورش دەتوانێ، ئەوەندە نزیکی دەرباری پاشای ماد بێت و شارەزای قووڵ لەبارەی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان مادەکان پەیدا بکا و دواتر بەهۆی دۆزینەوەی ئەو درز و کەلێنانەوە، بەشێک لە ئەشرافە مادەکان و مۆغەکان و بەشێک لە سپای ماد، بکاتە هاوکاری خۆی و شەڕێکی ڕەش و پیس دژی دەوڵەتی ماد دەست پێبکات و

پاشایەتیی ماد بڕووخێنێ، هەمان تێکەڵاوی دروستکردن بێت، کە پارسەکان ئەنجامیان دەدا. ئەوەی لە ئێران بەناوی مێژوو و شارستانیی هەزاران ساڵە هەیە و ناو دەبردرێ، تا دوای ڕووخانی ساسانییەکان و جێگیربوونی کولتوور و زانستی عەرەبی ئیسلامی، سامانی حەڵاڵی مادەکانە، کە تاڵان کراوە و حەرامخۆریی پێ دەکرێت. ئەو شکاندن و پاڵپێوەنان و گلۆرکردنەوەی تۆپەڵەی قەدەری کوردان، لەلایەن پارسە ئێرانییەکانەوە، گەرچی لە چەند قۆناغدا، ڕاوەستانێکی کاتی بەخۆوە بینیبێ و هەناسەیەکیشی وەبەر هاتبێتەوە، تا سەرەتای سەدەی بیستەم و سەرهەڵدانی گەلی بارزان و ئاوەژۆکردنەوەی سیاسەتی شکان و بێ ئیرادەکردن، دووبارە هەڵکشاندنەوەی ڕووبە سەرەوە، بەردەوام لە گلۆربوونەوە و وردبوونەوە و داکشان و سەرەولێژیدا بووە. بە گوێرەی خوێندنەوە و لێگەڕانی خۆم، لە سەرچاوە مێژوویی و زمانناسی و ئاسەوارناسییەکان، هەموو ئەو تیۆری و بیرگە یان ئێرانیستی و ئارییاییگەرانە، ڕەت دەکەمەوە و بە بۆچوون و لێدوانی ڕەگەزپەرەستانەیان دەزانم، کە پارسە ئێرانییە ڕەوەندەکان و مادەکان بە یەک نەتەوە و گەل و زمان دەزانن، گەرچی سەدان کەس لەو نووسەر و مێژوونووسە ڕاسپێردراوانەش هاوهەڵوێستیان لەسەر پێکهێنابێت وەک (پژمان قانعی فرد).

لەسەر بنەڕەتی بەراوردکردن و لەبەریەکگرتنی ڕای چەندین زانای بواری مێژووی کەونار، کورد نە وەکوو نەتەوە بەشێکە لە ڕەگەز و خوێنی ئێرانی، نە زمان و فەرهەنگ و شارستانییەکەشی بەشێکە لە بازنەی زمان و فەرهەنگ و شارستانییەتی ئێرانییەکان.

ئەگەر داگیرکاری هۆزە پارسە ئێرانییەکان و کوورشی هەخامەنشی لەو چوارچێوەیەدا، بە خاوەنداریەتی ئێرانی زمانەکان، بەسەر زمان و فەرهەنگ و شارستانییەتی دێرینی خۆمان بناسێنین، ئەو کاتە لە ڕووی مێژوویی و ویژدانییەوە، ستەمێکی گەورەمان لە مێژوو و ڕەسەنایەتیی خۆمان کردووە. زۆر بەداخەوە لە ڕابردوودا، بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی جۆراوجۆر، یان ناشارەزایی لە زمانەکانی دیکە، تەنیا کەڵک لەو سەرچاوە مێژووییە بەردەستانە وەگیراوە کە زۆربەیان بەرهەمی هزر و سیاسەتی دەوڵەتی ئێرانی بوون، بەو پێیە زۆر لە ڕۆشنبیران و نووسەران و کەڵە شاعێرانی کورد، لە تێگەیشتنی ڕاستییەکان، تووشی ئەم کەموکۆڕییە مەترسیدارە بوونەتەوە، کە مێژووی دەسەڵاتی زۆر لە پاشاکانی داگیرکاری ئێرانییان، بە مێژووی خۆمان زانیوە و سەدان شیعر و داستان و حیماسەیان، لەسەر نووسیوە و پەسەنیان داون و مێشکی ڕۆڵەکانی گەلی کوردیان پێ پڕ کردوون . ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەپێی ڕۆژژمێری مێژوو، هەر لەد وای کوودەتای کوورشی پارسی و دەرکەوتنی ئێمپراتۆری چەوسێنەری پارس، تا ئەو سەردەمەی ئێمەی تێیدا دەژین، دەسەڵات و دەوڵەتە یەک لەدوای یەکە ئێرانییەکان، هەر لەسەر دابی دژایەتیی پارس بۆ مادەکان، دەرفەتی سەرهەڵدان و پێکهاتنی یەک تاکە قەوارەی زمانی و نەتەوەیی کوردی سەربەخۆیان نەداوە. لەم ڕوانگەیەوە، مێژووەکەمان وەک ڕیشەی ئەو دارەیە

کـه ئەگـەر نەبـێ، خـودی دارەکەشـان نییـه و ئەگەریـش هەبـێ خوڵقێنـەری ئـەو تابلۆیەیـه، کـه هەمـوو ئـەو ڕاسـتییانه نیشـان دەدات . دەمـەوێ ئەوەتـان بەبیـر بهێنمـەوە، کـه لەمێـژووی نەتـەوەی کـوردداا، کـه بەرهەمـی پێگەیشـتووی توێژینـەوەکان کـەم نیـن، کـه بە خواسـتی خۆمـان خراونەتـه ژێـرپێـی و ئامانـج و ئەندێشـەی کـرچوکاڵـی ناحـەزان و بـه نـاوی نۆبـەرە هـاوردە کـراوە. پێویسـتە بـۆ لەمەوبـەدوا، ڕۆشـنبیر و بەفامەکانـی ئـەم گەلـه، گـەڵا و لقوپـۆی ئـەو دارە بـن، ئێسـتا ترسـی ئەوەمانە کـه میوەمـان هەبـێ، لـێ ڕیشـەمان نەبـێ تـا پشـتی پـێ ببەسـتین. بەڕوونـی، کارەسـات ئەوەیـه کـه میـوە و ڕیشـەمان هەیـە، بـەڵام هێنـدە گەڵامـان نییـە تـا لـەم دۆخە ناهەمـوارەدا، لە بەرامبـەر لێزمـەی ڕووداوە کارەسـاتبارەکان، نەتەوەکەمـان پەنـای بـۆ بـەرن و بپارێزرێـن.

----------

**سەرچاوەکان:**


پاشـایەتیی مـاد، نووسـینی ئێقـرار عەلـی یێـف

میدیـا، لـه نووسـینی، ئـی. م. دیاکۆنـۆف

ئـاوەزی سیاسـیی ئێرانـی و پێناسـەخوازی کوردەکان)عقـل

سیاسـی ایرانـی و هویـت خواهـی کردهـا( نووسـینی دکتـۆر

زەکەریـا ) مێـژووی هێـرۆدۆت

مێژووی ئایینەکان، عەلی شەریعەتی


٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# ڕێژیمی ئێران و تۆتالیتاریزم



**موحسێن خەلیلی**

تۆتالیتاریزم ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە سیستەمی حکوومەتی کە تێیدا حکوومەت کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵک و کۆمەڵگادا هەیە. لەم سیستەمەدا حکوومەت بە قووڵی لە لایەنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و تەنانەت تایبەتمەندییە کەسییەکانی مرۆڤەوە تێوەدەگلێ و هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

## تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزم

لە سیستەمی تۆتالیتردا، حکوومەت کۆنترۆڵ و هەژموونیی تەواوی بەسەر کاروباری وڵات و هاوڵاتییاندا هەیە و ماکەی ستەمکاری و دیکتاتۆریی دەسەڵات و بڕیارەکان، لەلایەن تاکێک یان چەند کەسێک یان گروپێکەوە دیاری دەکرێن.

سیستەمی تۆتالیتر، کۆمەڵگە ناچار بە پابەندبوون دەکات؛ وا دەکات کە تاک و هاووڵاتییان بە ناچاری پابەندی بڕیار و بنەما و فەرمانەکانی ئەم حکوومەتە بن.

تۆتالیتاریزم بە کۆنترۆڵکردنی میدیا واتە دەستداگرتن بەسەر میدیادا، زانیارییەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەبات کە لەگەڵ بەرژەوەندیی خۆیدا بگونجێت.

لەو سیستمەدا بایەخێکی زۆر بە کۆنترۆڵکردنی میدیا و سەرچاوەکانی زانیاری دەدرێت بە جۆرێک کە هەواڵ و زانیاری تەنیا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی حکوومەت بڵاو دەکرێتەوە، حکوومەت هاوکات دەکەوێتە بواری چاودێریی کۆمەڵگاوە، واتە مرۆڤ و لایەنە جیاوازەکانی ژیان لەلایەن حکوومەت و بەپێی سیاسەتەکانی، چاودێری دەکرێن.

دیارە ئەو سیستمە بەوەش ڕاناوەستێت و زیاتر دەپەرژێتە سەر ئەو جومگانەی کۆمەڵگا کە ئەکتیڤی یان ڕۆحی بووژانەوەی مەدەنیان تێدایە، هەر بۆیەش دەکەوێتە کار بۆ کۆنترۆڵی لایەنی ڕۆشنبیری و هونەر، تاکوو هونەر و ڕۆشنبیری بخاتە خزمەت ئامانجەکانی خۆیەوە.

لەو ڕووەوە کە جومگە ڕۆشنبیرییەکان بوونەتە سەرچاوە بۆ وشیاربوونەوەی خەڵک، سیستەمەکە دەست بۆ ترس و تۆقاندن و تێرۆر دەبات، بەو مانایە کە ترس و تیرۆر و ڕێوشوێنی ئەمنی بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا بەکار دەهێنێ تاکوو خەڵک واز لە دژایەتیی حکوومەت بێنن.

ئەساسی بەرژەوەندیی تۆتالیتار لێرەدا سڕینەوە و سەرکوتکردنی نەیاران و کەسانێکە کە ڕەنگە ببنە مێکانیزم بۆ ڕاوەستان لە بەرابەر ئامانجی نگریسی ئەو مودێل حکوومەتە.

مەسەلەی ئابووری هەموو کات ڕۆڵی گێڕاوە، واتە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی تۆتالتاریزمدا، ئەساس و کۆڵەکەی سەقامگیرییە، هاوکات کە کۆڵەکەی سەقامگیرییە، پایەی گرینگی پەلهاویشتن بۆ ئامانجەکانی توتالیتاریزمیشە، بۆیە کۆنترۆڵی ئابووری مکانیزمێکی گرینگە، حکوومەت زۆرترین کۆنترۆڵی بەسەر ئابووری و سەرچاوەکاندا هەیە و بە زۆری هەموو پیشەسازی و بازرگانییەکان بەدەست حکوومەتەوەیە.

لەم برگەیەشدا بە زۆری کۆنترۆڵی ئابووریی وڵات دەکات و بڕیارە ئابوورییە گرینگەکان لە ناوەندا دەدات.

**کاریگەرییەکانی ڕێژیمی تۆتالیتر و ئیدۆلۆژییەکەی لەسەر دژبەرانی خۆی:**

شەڕی دەروونی ئاماژەیە بۆ هەوڵەکانی حکوومەت یان دامەزراوەیەک بۆ گۆڕینی هەڵوێست و بیر و باوەڕ و ڕەفتارەکانی

خەڵـک لە ڕێـگەی کـاریگەری لەسـەر کولتـوور و میـدیا و پەروەردە و زانیـارییەوە. لە بەرامـبەر هێـزە دژبەرەکـان و ئۆپۆزسیۆندا، حکوومەتێکی ئایـدیۆلۆژیکی تۆتـالیتر دەتوانێت تەکنیکەکـانی شـەڕی دەروونیـی نەرم بـۆ کـۆنترۆڵکردنی ئەو هێـزانە بەکـار بهێنێت. کاریگەرییەکـانی ئەم ڕێبـازە لەسـەر هێـزی بەرامـبەر دەتوانێت بە شـێوەگەلێکی جۆراوجـۆر بێـت بـۆ نمـوونە: لاوازبـوونی متمـانە و تەسـلیمبوونی دەروونـی؛ حکـوومەت هەوڵ دەدات لە ڕێـگەی پەیـام و زانیـاریی جۆراوجـۆرەوە متمانەی خەڵک بە هێزی دژبەری خۆی لاواز بکات و وایان لێ بکات باوەڕیان بە حکوومەت هەبێت.

حکوومەت بۆ بەرەوپێشبردنی ئایدۆلۆژیای خۆی، دەس بۆ کەڵکوەرگرتن لە میدیا و پەروەردە و ڕۆشـنبیری دەبـات تـاکوو لەم ڕێگایانەوە ئایدۆلۆژیا و تێڕوانینەکانی خۆی بەرەوپێش ببات و بتوانێ خەڵک بە قەنـاعەت بگەیێنێ کە هێـزی ئۆپۆزسیۆن بۆ سەر ئاسایش و بەهێزیی وڵات، هەڕەشەیە.

حکوومەت بە بڵاوکـردنەوەی زانیـاریی نەرێنـی دەیهەوێ خەڵـک بـۆ گۆشـەگیری هـان بـدات و بـۆ لاوازکـردن و سنووردارکردنی کاریگەریی هێزی بەرامبەر، تێکەڵەیەک لە هەڕەشە و تۆقاندن بەکار بهێنێت.

لە هەمان کاتدا بە پەرەپێدانی مانـدوویەتی و بێـزاری و بە بڵاوکـردنەوەی زانیـاریی نەرێنـی و زیـادکردنی فشـار دەیهەوێت ببێتە هۆی ماندوویەتی و بێزاری لە هێزی ئۆپۆزسیۆن و کەمکردنەوەی کاریگەرییان بۆ بەردەوامبوون لە چالاکییەکانیان.

چەکی زانیـاریی زیـانبەخش بەکـار دێنێت بـۆ ئەوەی سـەبارەت بە هێـزی بەرامبەر زانیـاریی زیـانبەخش یـان نەرێنـی بـڵاو بکاتەوە، مەبەستی لەم کارەش زیانگەیاندن بە وێنەی ئەوان و دوورخستنەوەی خەڵک لە هاوکاریکردن لەگەڵیانە.

لە زۆر قۆناغدا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئۆپۆزیسیۆن دەدات، بەو واتـایە کە حکوومەت بە پەکخستنی کەنـاڵەکـانی پەیوەنـدیی هێزی دژبەر، پەیوەندییەکانیان تووشی کێشە دەکات تـاکوو بتوانێ ڕێگری لە بڵاوکـردنەوەی زانیـاری و پەیـامی ئۆپۆزسیۆن بکات.

بەکارهێنـانی تـرس و هەڕەشـە؛ حکـوومەت بە هەڕەشـەکردن و گـرتنەبەری ڕێوشـوێنی ئەمنیـی تونـد، ئەیەوێ خەڵـک لە چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆن بێهیوا بکات.

شەڕی دەروونیی نەرم کاریگەریی لەسەر کاردانەوە و ڕەفتار و هەڵوێستی خەڵک دەبێت و دەتوانێت ببێتە هـۆی کەمکـردنەوەی کاریگەریی هێزە دژبەرەکان و بەهێزکردنی پێگەی حکوومەتی ئایدیۆلۆژیکی تۆتـالیتر.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی تەمەنی خۆیدا بە بەردەوامی دژی شێوازەکانی دیکتاتۆری و تۆتالیتاریزم خەباتی کردووە و بە گرتنەبەری تاکیک و ستراتێژیی دروست و واقعبینانە بۆتە هۆی پووچەڵکردنەوەی پلانەکانی تۆتالێتاریزمی کۆماری ئیسلامی.

حیزبی دیموکرات بە وشیارکردنەوە و بەخشینی زانیاریی ورد سەبارەت بە تکنیکەکانی ڕێژیم، بە کەڵکوەرگرتن لە میدیای ئازاد و پێکهێنانی کۆڕ و بەرزکردنەوەی ئاستی هێزی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ شەڕی دەروونی، وەکوو گەورەترین دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بەئەژمار دێت.

**ئەگەر نموونەشی بۆ بێنینەوە:**

بە ڕوونی دیتمان کە چۆن وێژمان و سیاسەتەکانی حیزب لە بزووتنەوەی ژینادا ڕەنگی دایەوە، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نە وەک حیزب، بەڵکوو لە قاڵبی حکوومەتێکی دێموکراتدا لە بەرابەر حکوومەتێکی تۆتالیتردا دەبینرێت.

بۆ نموونە کاتێک لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە پەیام یان ڕاگەیەندراوێک دەر دەکرێ، سەرانی ڕێژیم بەخێرایی دێنە جواب و دەست بە هەڕەشە دەکەن، ئەم وڵامدانەوە خێرایە و ئەم ترسەی ڕێژیم ڕێک وەک ئەوەیە کە بیهەوێ وڵامی حکوومەتێک بداتەوە، نەک حیزبێک! ئەگینا لەکەس شاراوە نییە کە ئەو هەموو ئیمکاناتە نیزامییەی کە لەدەستی ڕێژیمدایە، لەدەست حیزبی دێموکراتدا نییە و ئەو حیزبە بە ئیرادەیەکی لەگیراننەهاتووی شۆڕشگێرانەوە، جەخت لەسەر داواکارییە ڕەواکانی خۆی دەکاتەوە!

ڕێژیم لە کاتی هێرشکردنە سەر بنکە و بارەگاکانی ئێمە، کەڵک لە مووشەکگەلێک وەردەگرێ کە لە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل وەکوو زلهێزێکی ناوچەکەدا دەیەوێ بەکاری دێنێت، کە ئەمەش خۆی نیشاندەری ترسی لەڕادەبەدەری ڕێژیم لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و بەتایبەتیش حیزبی دێموکراتە!

لە کوتاییدا ئەگەر بمانەوێ ئاماژە بە نموونەی دەسەڵاتە تۆتالیترەکان لە مێژوودا بکەین، دەتوانین ئاوا ناویان لێ ببەین: هیتلێر لە ئاڵمانی نازی، ستالین لە یەکیەتیی سۆڤییەت و ماوتسێ تۆنگ لە چینی شیوعی. ئەم جۆرە سیستەمانە بە زۆری پەیوەستن بە سەرکوتکردنی مافەکانی مرۆڤ، هەڵپەساردنی بنەما دێموکراتیکەکان و ئازادییە تاکەکەسییەکان.

**هانا ئارێنت لە کتێبی تۆتالیتاریزمدا دەڵێ:**

گرینگترین تایبەتمەندی کە دەتوانرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ بزووتنەوە تۆتالیتارییەکان ئەوەیە کە ئەو بزووتنەوانە خێرا لەبیر دەکرێن و بە ئاسانی شتێکی دیکە لە شوێنی ئەوان دادەمەزرێت. ئەم کەیسە زیاتر پەیوەندی بە کوالیێتی ناوبانگی سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوانەوە هەیە. ئەمە بۆ هیتلێریش ڕاستە کە لە ژیانیدا هێندە ڕاکێشانێکی خستەگەڕ کە کەس بەرگری لێ نەدەکرد. بەڵام ئەمڕۆ لە دوای شکست و مەرگی هیتلێر ئەوەندە لەبیر کراوە کە تەنانەت لەنێو گروپە نیوفاشیست و نیونازییەکانی دوای شەڕیشدا ناتوانێت ڕۆڵێکی گرینگ بگێڕێت.

ئەم ناسەقامگیرییە پەیوەندیی بە ناسەقامگیرییە ناسراوەکەی جەماوەرەوە نییە. ئەم ناسەقامگیرییە لە ڕادەبەدەرە، پشتڕاستکردنەوەیەکی دڵخۆشکەر بۆ ئەم سەرکردە مردووانەیە کە توانیویانە ڕەعیەتەکانیان بە ڤایرۆسێکی تایبەتی تۆتالیتاری تووش بکەن. بۆیە هەڵەیە ئەگەر وابزانین ناسەقامگیری و لەبیرچوونەوەی جەماوەر ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە وەهمی تۆتالیتاری هاتوونەتە دەرەوە. هەڵەیەکی جددیتر ئەوەیە کە لەبیرمان بچێت، بەهۆی ئەم ناسەقامگیرییەوەیە، کە دەسەڵاتە تۆتالیتارییەکان تا ئەو کاتەی لە دەسەڵاتدا بن، پشتیوانیی جەماوەرییان هەیە و سەرکردە تۆتالیتارییەکان لە ژیاندان.

١٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# ناڕەزایەتییەکانی خەڵک دژی ڕێژیم و شەڕی حەماس و ئیسرائیل




سمایل شەرەفی

ساڵێک پێش ئێستا و ڕاست لەوەها ڕۆژانێکدا شەقامەکانی ئێران تەژی لە ناڕەزایەتی و شۆڕشێکی جەماوەری دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەواویەتی خۆیدا بوون. شۆڕشی ژینا بە دروشمی سەرەکیی "ژن، ژیان، ئازادی"یەوە هەڵقوڵا و لە ناخی کۆمەڵگەی کوردستانەوە دەستبەجێ سەرانسەری ئێرانی گرتەوە و پشتیوانیی شەقامەکانی ئورووپای بەدوادا هات و کۆماری ئیسلامیی ئێران چ لەنێوخۆی وڵات و چ لە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا تووشی گەورەترین چالشی تەمەنی دەسەڵاتداریی خۆی کرد.

ڕێژیم جیا لە وەڕێخستنی سەرکوتێکی سیستماتێک؛ کوشتن و بریندارکردنی هەزاران کەس لە خۆپێشاندەران و دەستبەسەرکردنی دەیان هەزار کەسی دیکە بۆ کپکردنی شۆڕشەکە، زۆری هەوڵ دا لە ڕێگای جۆراوجۆرە، بیروڕای گشتیی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی لەسەر ئەم شۆڕشە بەلاڕێدا بەرێت. لەسەرەتاوە ویستی وەک هەمیشە خۆپێشاندەران و ناڕەزایەتییەکان بە دەسکرد و دنەدەری دەرەکی و بێگانە بناسێنێ. خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم لەیەکەم دەرکەوتنیدا وتی؛ دەستی ئیستکباری جیهانی لە پشت ڕووداوەکانەوەن و ئەوانەی لەسەر شەقامن، "اغتشاشگر" و ئاژاوەگێڕن و بەم ناساندنە

ڕاستەوخۆ فەرمانی سەرکوتی شۆڕشەکەی دەرکرد. دواتر کە لە درێژەی خۆپێشاندانەکاندا خەڵکی شارەکانی دەیکەی ئێران پشتیوانییان لە خەڵکی کوردستان دەربڕی، کاربەدەستانی ڕێژیم زیاتریان ترس لێنیشت و ئەمجارەیان بە گوتارێکی کۆنی ژەنگاوییەوە هاتنە مەیدان و بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی ناسیۆنالیستیی خەڵک، باسیان لە مەترسیی "پارچەپارچەبوونی ئێران" کرد. بۆ ئەم مەبەستە وەک هەمیشە کوردستان و حیزبە سیاسییەکانیان کردە ئامانج و تۆمەتی "جیاییخوازی" و "جیابوونەوە"یان دایە پاڵ حیزبەکانی کوردستان و خۆپێشاندەران لە شەقامەکانی کوردستان. لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا بوو کە سپای پاسدارانی ڕێژیم هێرشی کردە سەر بنکە و بارەگای حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە باشووری کوردستان. لەم پێوەندییەدا ڕێژیم هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو کە بە نانەوەی شەڕێکی دیکە لە کوردستان و پەلکێشکردنی حیزبەکان بۆ ئەم مەیدانە، مەرامەکانی خۆی بە ڕاکێشانی بیروڕای خەڵک بۆ سیناریۆیەک کە خۆی پلانی بۆ دانابوو بەجێ بێنێ و شەقامی شارەکانی ئێران دامرکێنێ. بەڵام وەک دیتمان ئەم پیلانەی ژوورە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لەلایەن هەڵوێستی ژیر و ئاگاهانەی حیزبەکان و خەڵکی کوردستانەوە پووچەڵ کرایەوە.

لە مەرحەلەیەکی دیکەی شۆڕشەکەدا کە کارکردن بۆ سازکردنی ئاڵترناتیڤ بوو، ڕێژیم لە ڕێگای هێزی سایبێری و ئاراستەکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەڵگرانی بیری شۆڤێنیزمی ئێرانییەوە، هەوڵی بەلارێدابردنی پرسەکە و نانەوەی ناکۆکی لەنێوان لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دا کە دەکرێ بڵێین تا ڕادەیەکیش تیایدا سەرکەوتوو بوو.

سەرەڕای هەموو ئەم پیلانانە و خۆکردنەوەیەکی کاتی و ڕواڵەتی بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ ئورووپا و ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵک لە نێوخۆی وڵات – نەک بە گروتینی چەند مانگی سەرەتای شۆڕشی ژینا – درێژەی بە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەم ڕێژیمە داوە و تا ئێستاش ناوەناوە بە بیانووی جۆراوجۆر و لە دەرفەتی گونجاودا خۆی دەردەخات و بەردەوامە.

دوای ڕێکەوتی ٧ی ئۆکتۆر و هێرشی حەماس بۆسەر ئیسرائیل کە سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی و گشت میدیاکان خراوەتە سەر ئەم شەڕە و تەوەرێکی ئەساسیی ئەم ڕووداوانە، قسەکردن لە ڕۆڵی ئێران و گرووپە نیابەتییەکانییەتی لەم ئالۆزییانەدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدات وەک دەرفەتێک بۆ کۆنترۆڵکردنی نارەزایەتییەکان و لەبیربردنەوەیان لە بیروڕای جیهانیدا لەم شەڕە کەڵک وەربگرێت. بەڵام ئەوەی ڕێژیم ناتوانێ نادیدەی بگرێ و خۆی لێ غافڵ بکات، بوونی نارەزایەتییەکان و قوڵبوونەوەیانە کە جارێ بە هێندێک هۆکار، لە قۆناغی خۆخوێندنەوە و خۆڕێکخستنەوەیە. ڕێبەران و کاربەدەستانی ڕێژیم ئەمە باش دەزانن هەر ئەم ترسەیە کە بەبێئەوەی دانی پێدا بنێن لە سیاسەت و هەڵوێستەکانیان بەرانبەر بە شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیل، بە وردبینی و تێبینییەوە دەجووڵێنەوە.

ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران توانیویەتی لەسەر سەروەت و سامانی خەڵکی برسیی وڵات، هێز و گرووپی نیابەتی ساپۆرت و پشتیوانی بکات و وەک کارتی فشار لە مەیدانی جۆراوجۆر و یەک لەوان دژ بە ئامریکا و ئیسرائیل بەکاریان بێنێ، بەڵام لە نێوخۆی وڵاتدا لەگەڵ نەیارێکی بەهێز و گەورەی وەک خەڵکی ئێران ڕووبەڕوویە. خەڵک لە نێوخۆی وڵات کە لەمێژە بە بەرزکردنەوەی دروشمی "نە غەزە، نە لوبنان" یەکی لێبڕاونەیان بە سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە لە ناوچەکە وتووە، نەتەنیا پشتیوانی لە هەڵوێستەکانی لە شەڕی حەماس و ئیسرائیلدا ناکەن، بەڵکوو لەهەر ئەگەرێک و دەرفەتێکدا کە بۆیان هەڵبکەوێ، ئامانج و ڕەساڵەتی شۆڕشی ژینا کە یەکگرتوویی نێوان گەلانی ئێران و تێپەڕین لەم نیزامە دیکتاتۆرەیە، بەجێ دەگەیەنن.

لە مەسەلەی بڵاوکردنەوەی هەواڵی مەرگی ئارمیتا گراوەند و شێوازی ناشتنی تەمەکەیدا، زۆر بە ڕوونی دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی باش ئاگادارە کە لە ناخی کۆمەڵگەی ئێراندا چ هێزێک لە ڕق و بێزاری دژ بەو نیزامە بوونی هەیە و لە دەرفەتێک دەگەڕێ کە بە ڕوویدا بتەقێتەوە. ئەم ترسە بە هەڵوێستەکانی ڕێژیمەوە لە پێوەندی لەگەڵ شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیلەوە دیارە و خامنەیی باش دەزانێ کە چووکەترین هەڵە و هەڵخلیسکان، دەبێتە هۆی گەشانەوەی ژیلەمۆی ڕق و بێزاریی خەڵک و بەرەو هەڵدێر و نەمانی دەبات. بۆیە لەگەڵ پاراستنی شەڕ و دنەدانی هێز و گرووپە نیابەتییەکانی بۆ بەگژداکردنی ئەمریکا و ئیسرائیل، لە ترسی ڕاپەڕینی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، خۆ لە تێوەگلانی شەڕەکە دەپارێزێ.

**فتقی خەزەڵوەری ٢٧٢٣**

---

# دۆڕانی کۆماری ئیسلامی لە وتەکانی حەسەن نەسروڵڵادا



سمایل شەرەفی

دوای سێ حەوتوو لە بێدەنگبوونی حەسەن نەسروڵڵا، سەرۆکی حیزبوڵڵای لوبنان لەسەر هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و وڵامدانەوە توند و وێرانکەرەکانی ئیسرائیل، پڕوپاگاندایەکی زۆر لەسەر جۆری دەرکەوتنی ناوبراو کرا. بەجۆرێک کە چاوەڕوان دەکرا لانیکەم بە پێچەوانەی ئەوەی دەرکەوت و گوتی، خەت و نیشان بکێشێ ورە بە "بەرەی موقاوەمەتییەکان" ببەخشێ. بەتایبەت میدیا توندڕەوەکانی نزیک لە بەیتی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، هاوچەشنی ڕۆژنامەی "کەیهان" کە ئیدیعایان دەکرد "بێدەنگیی سەید نەسروڵڵا، بۆتە کابووسێک بۆ ڕێبەرانی ئیسرائیل و ڕۆژاوا و ئەمریکا"، چاوەڕوانییەکی سەیریان لە شکاندنی ئەم بێدەنگییە و جۆری هاتنەدەنگی حەسەن نەسروڵڵا ساز کردبوو.

لە کۆتاییدا ڕێبەری حیزبوڵڵا دەرکەوت و وەک دەڵێن "کێو ترەکی و مشکی بوو". ناوبراو نەتەنیا نەیتوانی شان و پیل بکێشێ، بەڵکوو لەگەڵ بێبەریکردنی خۆی و حیزبەکەی لە هێرشەکەی حەماس، هەوڵی تەبرەئەکردنی دایکی ڕۆحی و مەعنەویی خۆیانی وەک بەرەی موقاوەمەت دا و گوتی؛ "کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هیچ ئاگایەکی لە کردەوەکەی حەماس نەبووە" و هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە پەیامی کۆتاییهێنان بە شەڕ بڵاو بکاتەوە.

دەقـی قسـەکانی نەسـروڵڵا دوو خوێنـدنەوە هەڵـدەگرێ کە لە هەردووکیـاندا، "بێدەسـەڵاتبوون" و "ترسـەنۆکی"ی کۆمـاری ئیسلامیی ئێرانـی لەم دۆخەدا لـێ دەردەکەێ. ئەگەر حەسـەن نەسـروڵڵا، مەتنـی ئەم قسـانەی بە هەماهەنگی لەگەڵ تـاران دارشتبێ، لەگەڵ دووپاتکردنەوەی وەفاداربوونی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەموو پێکەوە لە مەترسییەکانی ئەم شەڕە بـۆ سەر خۆیان گەیشتوون و دەزانن حەماس چ هەڵەیەکی کردووە کە خۆی لێ بێبەری نیشان دەدەن. چونکە عەلی خامنەییش لە یەکەمین قسـەکردنیدا لەسـەر هێرشـێ غەززە - لەگەڵ ئەوەی باسـک و نێوچـاوانی بەرپێـوەبەرانی پەلامـارەکەی مـاچ کـرد - بەڵام دەستبەجێ ڕایگەیانـد کە "ئێمە هیچ ئاگـاداریيەکی پێشوەختەمان لەم هێرشـە نەبـووە". هەر لەم پێوەنـدییەدا تیمی دیپلۆماسیی ڕێـژیم تـا ئێسـتاش هەمـوو هەوڵێکـی بـۆ ئەوەیە کە ڕێـژیمەکەی لەم شـەڕە دوور بخـاتەوە و بڵـێ بە پێچەوانەی ئەوەی تەواوی دنیا بیر لە ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لەم شەڕ و ئاژاوانەدا دەکاتەوە، ئەوان خوازیـاری ڕاوەستانی شەڕەکەن!!.
دوای هاتنەسەر خەتی ئەمریکا و وڵاتـانی ڕۆژاوایی، نەک هەر بۆ پشتیوانی لە ئیسرائیل، بەڵکوو بۆ ڕاوەسـتان بەرانـبەر بە تێرۆر و توندڕەوی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ماکەی ئەم چەمک و کـردەوانە ناسراوە، دەسـەڵاتدارانی تـاران تێگەیشـتن کە مەسەلەکە جیدییە. بـۆیە فـازێکی دیکەیـان گـرتە بەر و کەوتـنە خـۆ پـاک و دوورخسـتنەوە لە شـەڕەکە و تۆپەکەیـان لە مەیدانی هێزە نیابەتییەکانی ناوچەکەدا بەجێ هێشت کە پێدەچێ جیا لە پاسکاری شتێکی ئەوتۆیان لەدەست نەیە.

بەڵام ئەگەر نێـوەڕۆکی قسـەکانی حەسـەن نەسـروڵڵا تـایبەت بە خـودی نەسـروڵڵا و حیـزبەکەی بێـت و لە تـارانەوە دیکـتە نەکرابێ، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە جووڵاندن و بەکارهێنانی دەستوپێوەندییەکانی خۆی و هێـزە نیابەتییەکـانیدا خـاوەنی ئەو دەسـەڵات و ئۆتـوریتەیە نیـیە کە لێـی وێنـا دەکـرا. هـیچ گومـان لەوەدا نیـیە کە کۆمـاری ئیسلامی وەک بە قسـەکانی خامنەییشەوە دیار بـوو، بەرنـامەی ئەوە نەبـووە و نییە کە ڕاستەخۆ بەشداری شـەڕی ئێسـرائیل و حەمـاس بێت، بەڵام هەر بە پێـی قسـەکانی خـامنەیی لە دووهەمین حەوتـووی شـەڕەکەدا کە باسـی لە "درێـژەی جینایەتەکـانی ئیسـرائیل لە غەززە و بێسەبریی مسوڵمانان" کرد کە "ئەوان لەوەهـا حاڵەتێکدا نـاتوانن پێشیان پـێ بگـرن"، نەدەبـوا هێـز و گرووپەکـانی وەک حیزبوڵڵا خۆ لە ڕووداوەکە بێبەری بکەن و داوای ڕاگرتنـی شەڕ بکەن.!! بە واتـایەکی دیکە لانیکەم کۆمـاری ئیسلامی دوای ئەو هەمووە هەڕەشە و گوڕەشەیە، ئەم هەڵوێستەی لێ چاوەڕوان نەدەکردن.

ئێستا هێزەکانی ئیسرائیل لەگەڵ بوردمانی هەوایی غەززە و وێرانکردنی دالانە قووڵ و درێژەکانی حەماس، نەواری غەززەی بە دوو بەشی باکوور و باشوور دابەش کردووە و وەزیری دەرەوەی ئامریکاش لە سێهەمین سەردانیدا بۆ ئیسـرائیل و نـاوچەکە و دیـداری لەگەڵ وڵاتـانی عەرەبـی، لەگەڵ ڕاگرتنـی شـەڕ موخـالفە و بە قـازانجی حەماسـی دەزانـێ. لە بەرانـبەردا بە پێچەوانەی ئیـدیعاکانی کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران، "بەرەی موقـاوەمەت" و هێـزە نیابەتییەکـانی ئێـرانیش جیـا لە هێنـدێک جووڵەی کوێری وەک هێرشی ناوەناوەی بەرەی موقاوەمەتی عێراق بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی هاوپەیمانان لە سووریە، کرِ و بێکردەوەن.

هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل کە ئێستا تەنانەت بەشێک لە بەرپرسانی ئەم گرووپەش خۆی لێ بێئاگا و بێبەری دەکەن، دۆخێکی تایبەتی بەسەر ناوچەکەدا هێناوە و زەرەرمەندیی سەرەکیی ئەم شەڕە خەڵکی مەدەنیی نەواری غەززەن. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەرچەند هەوڵی بێئاگایی خۆی و گرووپە هاوپەیمانەکانی لەم شەڕە بدات، ناتوانێ تاوانباربوونی خۆی لە بیروزەینی بیروڕای گشتیدا بسڕێتەوە. بە پێچەوانەی ئەوەی لە میدیاکانییەوە ئەوەیش تەنیا بۆ پاساوی سیاسەتە هەڵەکانی خۆی ئیدیعای دەکات، دۆڕاوی ئەم شەڕە کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەموو ئەو هێز و لایەنانە بەستراوانە بن کە پێدەچێ تازە لە پیلان و مەرامەکانی ئەم ڕێژیمە گەیشتبێتن.

١٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و ئەخلاقی جیهانی دەرەوە



**حەسەن قارەمانی**

ڕێژیمی ئێران جارێکی دیکە بە ڕووداوێکی دیکەی دڵتەزێن مۆمی ژیانی کچێکی تری کوردی کوژاندەوە و ژیانی لێ ستاند. کۆماری ئیسلامیی لە جینایەتێکی دیکەدا "ئارمینا گەڕاوەن" کیژۆڵەی تازەلاوی کوردی خەڵکی کرماشانی کوشت و تەنانەت ئیزنی نادا تەرمەکەی لە زێدی باب‌وباپیری ئەسپاردە خاکی کوردستان بکرێ . کارەساتێک کە تیشک دەخاتە سەر دەرئەنجامی کوشندەی ئایدۆلۆژی و نیزامێکی سیاسی و بەڕێوەبەریی سەرکوتگەر کە درێخی ناکات لە بەکارهێنانی هیچ چەشنە توندوتیژییەک بەرانبەر بەو کەسانەی لەگەڵ قاڵبی تەسکی بیرکردنەوەی ئەواندا ناگونجێت.

لەم وڵاتەدا جۆری جلوبەرگ، ڕەگەز و نەتەوە هۆکارێکن بۆ ئەوەی بتکوژن و ئەمە تەنیا یەکێک لە چەندین نموونەی تراژیدییەکانی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ستەمکار لە ئێرانە و ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ دەرئەنجامە ئازاردەرەکانی ژیان لەژێر حوکمی حکوومەتێکدا کە ڕێز لە فرەچەشنی و ئازادیی تاک و کۆمەڵ ناگرێت. هەروەها مەرگی ئارمیتا بەڵگەیەکی زیندووی مناڵکوژی و بەردەوامیی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

شەهیدکردنی دڵتەزێنی ئارمیتا دەرئەنجامە قووڵە کارەساتبارەکانی دەسەڵاتێک دەردەخا کە نەک هەر مافەکانی تاک پشتگوێ دەخا، بەڵکوو سیستماتیک ئەو کەسانە سەرکوت دەکا کە لە پێناسە تەسکەکەی خۆیاندا جێیان نابێتەوە.

ڕێژیمی ئێران لەلایەک هاواری پشتیوانی بۆ گەلی فەلەستین و خەباتیان بۆ دادپەروەری بەرز دەکەنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا چەک بۆ سەربازانی ڕووسیە بۆ داگیرکارییەکانیان لە ئۆکراین دابین دەکەن. دەسەڵاتێک وەک پارێزەری خۆبەخشی مافی فەلەستینییەکان، لە هەمان کاتدا دەبێتە سەرچاوەی چەوساندنەوە بەرامبەر بە گەلانی دیکە ئێران. سەرکوتکردن، یان تەنانەت نەهێشتنی مافی کەسانی دیکە، فۆرمێکی بێبەزەییانەیە، بۆیە گرنگە نەک هەر ئەم سیاسەتی دووفاقە و دووڕووییەی ڕێژیم ڕیسوا بکرێ، بەڵکوو لەدژی ئەو ڕێژیمە و سیاسەتەکانی هەڵوێست بگیردرێ.

پارادۆکسێکی تراژیدییە کە ڕێژیمێک بتوانێ بانگەشەی بەرگری لە مافی گلانی بندەستە لە دنیادا بکا و لە هەمان کاتدا بۆخۆی مافی گەلانی وڵاتەکەی پێشێل و خەڵکەکەی سەرکوت بکا.

شەهیدبوونی ئارمیتا تەنیا یەک نموونە لە قوربانییە زۆرەکانی ئەو ئایدۆلۆژیا ستەمکارەی ڕێژیمی ئێرانە و کاتی ئەوە هاتووە جیهان چاوی بەڕووی بێ‌مانایی ئەم دۆخەدا بکاتەوە. وەڵامدانەوەی ڕەفتاری قبووڵنەکراوی ڕێژیمی ئێران نەک هەروەک ئەرکێکی ئەخلاقی بەڵکوو وەک پێویستییەک بۆ پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری جیهانی سەیر بکرێت. بۆیە گرینگە جیهانیش کاردانەوەی هەبێت بەرامبەر بەم ڕووداوە، چونکی لەدەستدانی ئارمیتا تەنیا بۆ بنەماڵە و ئازیزانی کارەسات نییە، بەڵکو بۆ هەموو جیهان کارەساتە. بۆیە دیپلۆماسیی ئامانجداری نێودەوڵەتی دەبێ بە گوشارەکانی ڕێژیم ناچار بە گۆڕان لە ڕەفتارەکانیدا بکا.

بەردەوامیی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دۆخێکی خوڵقاندوە کە جیهان پێویستی بە دەنگێکی یەکدەنگ و بەهێز بێت بۆ ئەوەی لە بەرانبەر تاوانخوڵقێنییەکانی ڕێژیمی ئێراندا بوەستێت. ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دەبێ لەو پێوەندییەدا خۆی بە ئەرکدار بزانێ و بەحەق و بەهێز نوێنەرایەتیی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی ئێران بکا. بۆ سەرکەوتنی ئەو خەباتە زۆر گرنگە دەنگەکان یەکگرتوو بن و هێز و وزە خەباتگێڕییەکان یەک بخرێن. پێویستە خەڵکی ناوەند و گەورەشارەکانی دیکە قورسایی خەبات دژی ئەو ڕێژیمە لەسەر شانی کورد و بەلووچ سووک بکەن، چونکی خەبات دژی ڕێژیم بەرپرسایەتییەکی هاوبەشە و پێویستە هەموو نەتەوە و ئایینزا و جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگە پێشترێتی بە خەبات بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و چێکردنی نیزامێکی سیاسیی دێموکرات و پلۆرال بدەن.

١٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# شەڕی مەزنگوتارەکان



شاڕوخ حەسەن زادە

ئەوە بۆ یەک مانگ دەچێ دوای هێرشەکەی حەماس (حرکه المقاومه الاسلامیه- بزووتنەوەی بەرگریی ئیسلامی) بۆ سەر حکوومەتی ئیسرائیل، شەڕێکی خوێناوی لە نێوان بەشێک لە فەلستینییەکان بە سەرکردایەتیی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی سەر بە بەرەی ئێران (حەماس، جیهادی ئیسلامی، حیزبوڵڵا، ئەنساروڵڵا و...) لە بەرامبەر جوولەکەکانی دەستەڵاتدار دەستی پێ کردووە. ئەو دوو بەرەیە خۆیان لە دوو مەزنگوتاری ئایدۆلۆژیاییدا دەبینەوە و بەو دەربیجەیە دەڕواننە یەکتر و بەردەوام دەگەڵ یەکتر بۆ لەنێوبردنی ئەوی دی، شەڕ دەکەن. گوتارێک بەناوی زایۆنیزم (Zionism)کە بزووتنەوەیەکی ئۆلی_سیاسیی جوولەکەکانە و پێداگرە لەسەر دامەزراندن، پاراستن و برەودان بە نیشتمانی "یەهوود" بەهەر شێوەیەکی مومکین کە لەبەر کۆمەڵێک هۆکار وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەرکام بە گوتاری تایبەتیی خۆیان بەتەواوەتی پشتگیری لێ دەکەن و تەنانەت هەر ئەوانیش وڵاتێکیان بە ناوی ئیسرائیل دامەرزاند. لەبەرامبەردا گوتارێک هەر لەژێر باوەڕی بەرامبەرەکەی_سیاسی-ئایینی کە بە چەندین قۆناغ دەرباز بووە و هەوڵی سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهان دەدا. ئەم گوتارە پشتی بە ڕیوایەتێکی دیکەش بەستوە کە لەبەرامبەر ئەوپەڕگوتاری پشت مەزنگوتاری زایۆنیسم هەڵکەوتووە کە زیاتر بە دوو بەرەی ڕۆژهەڵات بە ئایدۆلۆژیی چەپ لە بەرامبەر ڕۆژئاوا بە ڕوانینی لیبڕاڵ ناسراون.

لێرەدا دەمهەوێ بە ڕوانینێکی پەسامۆدێرن گەنگەشەی ئەو باسە بکەم. کۆمەڵێک لە بیرمەندانی وەک پووپێر، میشێل فۆکۆ و لیۆتار باس لەوە دەکەن کە؛ سەردەمی مەزنگوتارەکان (کلان ڕوایتها) بەسەر چووە و لە ئاکام دا ئەو گەورە ڕیوایەتانە ناتوانن دادپەروەری و ئازادی بە مانا ڕاستەقینەکەی دابین بکەن(١)، ئەگەرچی لە قۆناغە مێژووییەکان دا مەزنڕیوایەتی وەک مارکسیزم ڕەنگبێ خزمەتیشی کردبێ بەڵام لەسەردەمی ئێستادا ئەو بایەخەیان نەماوە و بۆ هەمووڵایەک سەلما ئیتر ناتوانێ دوای ساڵانێک ئەزموون و تەتەڵەکردنی گوتاری خۆی و تەنانەت دەستەڵاتیش بەستێنی دادپەروەری و ئازادی مسۆگەر بکات، یان هەموو ئەو گوتارانەی دیکە بەتایبەت لە بەستێنی ئایینیدا بە پێشکەوتنی جیهان و تێکنۆلۆژی و چاوکراوەبوونی خەڵک ئیتر وەک ڕابردوو ناتوانێ خۆی دەگەڵ وردەوێژمانە نوێباوەکان هاوتەریب بکا (پووپێر لە شوێنێکدا لەهەمبەر ئەو گوتارانە قسەیەکی هەیە کە دەڵێ: هەوڵدان بۆ سازکردنی بەهەشت لە سەر زەوی، بەردەوام جەهەنەم دەخوڵقێنێ).

لە "دۆخی پەسامۆدێڕن" (لیۆتار ١٩٧٩)، فرانسوا لیۆتار، شک و گومانێکی بەرچاو لەهەمبەر ڕەوشی پەسامۆدێڕن بەنیسبەت چۆنیەتیی ئەوپەڕگوتارەکان و متمانەیان بە جۆرێک "ڕاستیی بەرز و جیهانی" وێنا دەکات. هزرمەندانی وەک فۆکۆ و لیۆتار کە بە پەساپێکهاتەخواز ناسراون، بە هۆکارگەلێک ئەم ڕووداوە وەک پێشکەوتنێکی ئەرێنی دەخەملێنن، چوونکە سەرەتا مەیلیان دەگەڵ پێکهاتنی تیۆری مەزنگوتارەکان هەیە کە هەڕەج بەرەج و ئاڵۆزی لە جیهاندا دەسڕێتەوە. لیۆتار پێشنیاری ئەوەی هەیە ئەوپەڕگوتارەکان دەبێ ڕێگا بۆ وردەگوتارەکان (خۆجێی) لێژ بکەن، پەسامۆدێڕنیستەکان هەوڵ دەدەن هەتا تەکووزیی لەسەر بەستێنە خۆجێیە تایبەتەکان هەروەها جۆراوجۆریی ئەزمونی مرۆڤ بە جێگای ئەوپەڕگوتارەکان دابنێن، ئەوان بە جێگای تیۆریی مەزن و هەمەچەشن، لەسەر هەبوونی "زۆریی خاڵە تیۆرییەکان" پێ دادەگرن. ئەو بیرمەندانە کە لە نێو هونەر بەتایبەت وێژە قسەی زیاتریان هەیە، پێیان وایە کاتی ئەوە هاتوە پتر بەها بە وردەگوتارەکان بدرێ و لەم دەرفەتە بۆ بە قەولی ئیمانۆیەل کانت، ئاشتی ڕاوەستاو، یان هەرنەبێ سەرکەوتن و وەدەست هێنانی دادپەروەری و ماف لە گۆشەنیگای جیاوازەوە کەڵک وەربگیردرێ(٢). ئەو گرووپە لە بیرمەندان پێیان وایە بەشی هەرە زۆری کارەساتەکانی مرۆڤایەتی لە سەدەی بیستەم بە شێوەی گشتی و بەتایبەتی کێشە و گرفتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەجۆرێک؛ لە بەرهەمی ئەوپەڕگوتارەکانی ئەو بیرمەندانە شەقڵی گرتوە کە ڕوانینی گشتگیر لەهەمبەر مێژوو و کۆمەڵگەیان داهێناوە.

"ژان فرانسوا لیۆتار" وەک یەکێک لەو بیرمەندانە -ئەگەرچی لە بەستێنی ئەدەبیات ئەو خاڵەی بەکار هێناوە بەڵام هەروەک گوترا دەکرێ لە بەستێنی ڕامیارییشدا بە گێڕانەوەی لایەنی مێژوو وەک فۆرمۆلێک کەڵکی لێ وەربگیردرێ- پەسامۆدێرن وەک بێباوەڕی بە مەزنگوتارەکان پێناسە دەکات و لەبەرامبەردا باوەڕی وایە دەبێ وردەڕیوایەتەکان جێگایان بگرنەوە، واتە مەزن لەبەرامبەر بچووکدا. بە باوەڕی ناوبراو و هەروەها فۆکۆش لە پشت هەموو ڕاستییەک گوتارێک خۆی

حەشار داوە کە ئەوە وای لێکردووە لێی تێبگەین. فۆکۆ پێی وایە، ئەوەی پێی دەگوترێ "ڕاستیی مێژوو" ڕەنگبێ لە قۆناغێکی دیکەی زەمەنیدا وا نەبێ و بە جۆرێکی دیکە دەربکەوێ، کەواتە هەموو دەورانێک گوتارێکی تایبەتی گەرەکە کە ڕووداوە مێژووییەکانی پێ هەڵسەنگێنی و شەن و کەویان بکا.

لێرەدا ئێمە چەند ئەوپەڕگوتار یان مەزنگوتارمان هەن کە کەوتوونەتە بەریەک و جیا لەوەیکە بە پێی باوەڕ و نێوەڕۆکیان دژبەیەکن بەڵام لە پشت ئەمانیش دوو مەزنگوتار بەکاریان دێنن یان هەرنەبێ بوونیان هەیە.

گوتاری ئیسلامی_سوونە-شیعە، پان عەرەبیزم، وەک مەزنگوتارێک کە هەنووکە فەلستینییەکان کاری پێ دەکەن، شێوەی ڕواڵەتی باسەکەیە کە لە پشت ئەوە لە قۆناغی ئیستا دا زۆرتر و بەئاشکرا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی (لەو چەند ساڵەی دواییشدا تورکیە و قەتەریش) لە پشتە. لە بان ئەو گوتارەش، مەزنگوتارێکی دیکە بوونی هەیە کە دەبێتە ئایدۆلۆژیای بەرەی ڕۆژهەڵاتی و ڕوسیە و چین سەرافەتی دەکەن. بەڵام زایۆنیزم جیا لەوەیکە بە شێوەی سەربەخۆ مەزنگوتارە، ئەوپەڕڕیوایەتیکی سەربەخۆی دیکەشی لە پشتە کە دەبێتە بەرەی ڕۆژئاوا و زیاتر ئەمریکا سەرکردایەتیی دەکات.

لە دوای دامەزراندنی حکومەتی ئیسرائیل (١٩٤٨) و هەموو ئەو گرفت و گرژیانەی پێشتر لە نێوان دوو گەلی عەرەبی فەلستینی و جوولەکە -بەتایبەتی تریش لە نێوان جوولەکە و ڕۆژئاوای کریستیان- هەبووە، دەستەبژێر و چالاکانی سیاسیی فەلستینی بە جێگای دیالۆگ و دانوستان و کەڵکوەرگرتن لە زانستی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و یاسا نێونەتەوەییەکان، خۆیان بە چەند مەزنگوتار هەڵاوەسی هەتا مافی خۆیانی پێ وەرگرن. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلستین دوای ئەو هەمووە نەهامەتیانەی لەکاتی دامەزرانی وڵاتیک لە خاکی ئەوان بەسەریان هات، سەرەتا تەقڵی گوتارێکی دیکتاتۆری و بیرۆکەی پان عەرەبیزمیی سوننەی_سوسیالیستیی! جەماڵ عەبدولناسر، مەعمەر قەزافی، حافز ئەسەد و سەدام حوسێن بوون کە دەیانەویست بە پشتیوانیی نەتەوەی عەرەب و بە گوتاری پان عەرەبی وێڕای ئەوەیکە حکوومەتی ئیسرائیل لەنێو ببەن، مافی فەلستینییەکانیش بستێنن؛ کە دوای چەندین شەڕ ڕۆژی نەگبەتیان بەسەردا هات و نەک هەر شکان بەڵکوو پاشەکشەیان کرد و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی دەگەڵ ئیسرائیلییەکان ڕێککەوتن و ئەو سەرکردانەش هەروەک ئێستا دەزانین، تەنانەت حکومەتەکانیشیان یان بەرەو نەمان چوون، یان بە تەواوەتی ڕووخاون! دواتر بە هاتنە سەر دەستەڵاتی خومەینی-خامنەیی باوەڕی ئیسلامی_شیعە_ئێرانی جێگای بیرۆکەی پێشووی گرتەوە و ئەمجارە بەهێز و ئاوەزمەندانەتر بە پشتیوانیی مەزنگوتاری ڕۆژهەڵات، هەوڵی ئەوەیان دەدا هەموو جیهانی ئیسلام یەک بخەن و بە ستڵە ئاوێک ئیسرائیل ڕادەن و بیسڕنەوە.

بەڵام بیرۆکەی نێو ئاوەز و هزری ئێرانییەکان سەرەتا بە ڵولقاندنی گوتارێک بەناوی "ام القری" بە جۆرێک دایکی ئیسلام هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی بە وێرژێنێکی نوێ دا. لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو تێزە لەلایەن "محەمەد جەوادی لاریجانی" گەڵاڵە کرا کە خۆی لە "هەناردەکردنی شۆڕش"، "وتووێژی شارستانییەتەکان"، "ڕوانگەی بەستێنیی شارستانییەتی ئێرانی" و... فۆرمولە کرا. لاریجانی لە کتێبی "نظم بازیگونە"دا وێڕای دەربڕینی ڕوانگەی خۆی لەسەر چاخی بەرایی، باوەڕی خۆی لەسەر "یاریی جیهانی" بە پێی تەکوزییەکی "یارییئاسا" باس دەکا و دەڵێ: لە ڕەوشی نێودەوڵەتیدا بێپرەنسیپی و ئاڵۆزییەک ساز بووە کە تێدا لۆژیکی یاری و ستراتێژی ئەکتەرەکانی جیهانی گۆڕانی بەسەردا هاتوە. ئەو بەو ئاکامە دەگا کە دەبێ بەپێی دەفرایەتی ئارایی حکوومەتێک بە ئایدیایەکی تایبەت دابمەزرێت کە خاوەن ستراتێژی نەتەوەیی بێ. لاریجانی وێڕای ئیسلامی نابی محەمەدی باس لە بوونی ڕەگەزێکی ناسیۆنالیستییش دەکا کە ئەو ئایدیایەی پێ تۆکمەتر بکرێ و زیاتر برەوی هەبێ هەتا بیرۆکەی "ئاوەزمەندێتیی ئیسلامی" لە سیاسەتی دەرەکی ڕێژیم پتر پەرە بستێنێ و دەڵێ: لەسەر خەڵکانی خاوەن بیر و هزری ئومەتە، کە پێکهاتەی تیۆری ئەو بیرۆکەیە بنەخشێنن، بەردەوام پەرەی پێ بدەن و بەربڵاوی بکەنەوە و دەبێ خەڵکی شارەزای پرۆپاگەندەچی و ڕاگەیاندنکاریش شۆڕی بکەنەوە نێو کۆمەڵگە و بەکردەوە کاری پێ بکەن، جا بەم شێوازەیە پێکهاتەی مەدەنی لەسەر بنەمای ئاوەزی ئیسلامی دەرفەتی گەشەکردنی بۆ دەرەخسێ و شارستانیەتی ئیسلامی دەگووڕێ.

بیرۆکەی ئومولقەرای، تیۆرییەکە بۆ باسکردن لە ئامانجەکان و هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی و تەتەڵەی سنوورەکانی هێز لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا کە قورسایی ئەو ڕێژیمە لەسەر ئاستی جیهان بە تایبەت دنیای ئیسلام زیاتر دەکات. بەپێی ئەو بیرۆکەیە جیهانی ئیسلام یەک ئومەتە و بنەمای یەکگرتوویی ئومەت، سەرکردایەتییەکەیەتی، ئەگە وڵاتێک بتوانێت بە دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی ئاستی ڕێبەرایەتیی خۆی بۆ سەرووی سنوورەکانی بپەڕێنیتەوە، دەتوانێ وەک ئومولقورای جیهانی ئیسلامی لێ بێت. بە باوەڕی داڕێژەرانی ئەو بیرۆکەیە، ئێرانی دوای شۆڕش ڕێک دەتوانێ ئەو ڕۆڵەی هەبێ و بە دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامی بە پێوانەی ولایەتی فەقی، خومەینی، هەم ڕێبەری ئەو ڕێژیمەیە و هەمژی لە ئاستی ئومەتی ئیسلامدا ڕێبەرە (واتە دووجار ڕێبەرە)، کەواتە بەو شێوەیە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران جیا لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەبێ بیر لە بەرژەوەندی و سەرکەوتنی جیهانی ئیسلامیش بکاتەوە، لە بەرامبەریشدا دەبێ وڵاتانی دیکەی ئیسلامی بەرگریی لێ بکەن. هەر بۆیە خومەینی لە سەرەتاوە ئەو درووشمەی هێنایە کایەوە کە، ئازادیی قودس (فەلستین) لە کەربەلاوە تێدەپەڕێ.

شەڕی ئێران و عێراق، شەڕ و سەرکوتی گەلی کورد وەک تاکە هێزی دژبەری ڕاستەقینە لە بەرامبەر پەرەسەندنی ئەو تیۆرییە، کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتی ڕووخانی عێراق و بەهاری عەرەبی، دامەزرانی هێزەگەلێکی جێگرەوە لە وڵاتانی سووریە، عێراق، لوبنان، یەمەن بە ئایدۆلۆژیی تایبەت (بە شیعە و سوننییەوە)، بەربەرەکانی دەگەڵ هێزەکانی ڕۆژئاوا،

پشتیوانی لە ڕوسیە لە شەڕی ئوکراین، پێوەندیی ئابووری دەگەڵ چین و... هاوتەیب دەگەڵ سیاسەتەکانی دەرەوەی بە باشترین شێوە بەڕێوەچوون هەتا گەیشتە هێرشی حەماس بۆسەر ئیسرائیل بە چەندین مەبەستی جۆربەجۆر و بەرپەرچدانەوەی توند و بەدوور لە یاساکانی شەڕ لەلایەن ئیسرائیلەوە.

لەلایەکەی دیکەش، زایۆنیزم وەک هەویّتیی نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵەی جوولەکەی ئیسرائیلی ئەمرێکی هەژموونیکە. زایۆنیزم واتە ناسیونالیزمی پیشکەوتووی یەهوودی کە بەرهەمی سەدەی نۆزدەهەمە و وردەوردە بە پشتیوانیی ڕۆژئاوا (ئەمریکا و ئینگلیس، لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین)؛ بە خوڵقاندنی گوتارێکی هاوبەش، سەرنجی ڕای گشتی جوولەکەکانی بۆلای خاکی فەلستین ڕاکێشا و بە دامەزراندنی حکومەتی یەهوودی، وێرای پێدانی تەناهی بۆ جوولەکە کۆچەرەکان لەو نیشتمانە، ئایدیای ئەوپەڕ نیشتمانی لە نیلەوە هەتا فوراتیشی هێنایە گۆڕێ.

لەبەرداشی نێوان کەلانگوتارەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ئەوەی دەبێ بۆی بگەڕێینەوە چارەسەری خۆجێیی و لۆژیکی دامەزراندنی دوو وڵاتی هاوسێیە بە ناوەکانی فەلستین و ئیسرائیل کە دەبێ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانیان پێدا بنرێ. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ بۆ پەیماننامەکانی ئۆسلۆ یان گرێبەستی نێوان ئەو دوو مەزنگوتارە لە فەزای وردەگوتاری ئۆسلۆ بگەڕێینەوە کە ئاشتی و تەبایی لە نێوانیان دا ساز کرا و تەنانەت دان بە دامەزراندنی حکومەتی خودگەردانی فلستین نرا و بەستێن بۆ دوو وڵاتی خۆش دەکرا(ساڵەکانی ١٩٩٣، ١٩٩٥)؛ بەڵام دواتر ئەو ڕێککەوتنە بەهۆی دەستتێوەردانەکانی مەزنگوتاری زایۆنیزم و ئیسلامیی ڕادیکاڵ بە مەبەستی بەکارهێنانیان تێک چوو و دووکەڵەکەشی زیاتر چووە چاوی خەڵکی بێ تاوانی فەلستین. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەڵکاژۆی خۆی بۆ بەهێزکردنی وێژمانی ئیسلامی شیعە_ئێرانی لە ناوچەکە زیاتر کرد و لەم پێوەندییەشدا ڕەوتە ڕادیکاڵەکانی ئیسلامی بەتایبەت "حەماس"، "جیهادی ئیسلامی" و "حیزبوڵڵا" کە لەسەر خوانی خومەینی و ئەندیشەکانی دامەزرابوون، بەهێزتر کرد.

دواجار، ئەوەی بۆ دوارۆژی ئەو پەیوەندیانە دەبێ وێنا بکرێ ئەوەیە، هەردووک مەزنگوتاری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو گوتارەی نێوانیان کە ڕێژیمی ئێران سەرکردایەتیی دەکا و وەک دیوارێک لە نێوانیاندا کەوڵی خۆی ڕاخستووە، دەبێتە قوربانی و مەحکووم بە نەمانە، هەتا ئەوکاتیش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران یەک بە دوای یەک کارتەکانی (ڕەوتە ئیسلامییە توندئاژۆکان کە وەک هێزی جێگرەوەی سپای پاسداران چالاکی دەکەن) بە کار دێنێ کە سەرەتا بە حەماس دەستی پێ کردووە و ڕەنگبێ بگاتە ئەنساروڵڵای یەمەن (حوسییەکان)، حیزبوڵڵا و ... و بەم پێوانەیە و بەو دەستوورە، دوو وڵاتی نوێ بەفەرمی ئاڵا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە زۆرینەی دەنگ هەڵدەکەن و براوەی سەرەکی وردەگوتاری سازان و پێکهاتن لە دەوری جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و پیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبێ.


***

١- لە ئەدەبیاتدا بە ئەوپەڕگێڕانەوە یان مەزنڕیوایەت گوتراوە و لە سیاسەتیش دا دەکرێ وەک مەزنگوتار باسی بکرێ.

٢- میناکی ئەم باسە بە جوانی لە پێدانی خەڵاتەکانی جیهانیی ئاشتی نۆبڵ، ئۆسکار، ساخارۆف و... دەردەکەوێ. یان لە بەستێنی سیاسەتی ڕاستەقینەدا لە کوردستانی مەزن، باس لەوە دەکرێ هەرکام لە پارچەکانی کوردستان، تایبەمەندی و ڕێگەچارەی خۆی هەیە و جیاواز لە بەشەکان دەتوانرێ بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبێ.

١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# کۆماری ئیسلامی "ڕێژێمی سەهیۆنیست"ی بەڕەسمی دەناسێت




**دارسمە**

**باسی ئەم جارەمان باسی سێزدەی مانگی خەزەڵوەر یان وەک فارسان دەڵێن مانگی "آبان"ـە. باسکردنی ئەم سێزدە نەحسە، یان پێوەندیی بە منداڵانەوەیە یان خۆی ڕۆژێکی زۆر منداڵانەیە.**

**لێمان تێکنەچێت، منداڵان هیوای ئێستا و داهاتوومانن و پێشتریش ئەو ژن و پیاوانەی مردوون و ئەوانەی ماویشن، هەموویان لە خولی یەکەمی ژیانیاندا منداڵ بوونە.**

**لێرەدا بۆ ئەوەی بێڕێزی بە منداڵ نەکرابێت، لە ڕوانگەی خاوەنتەمەنانی "سەرزل"ـەوە دەڕوانرێتە وشەی "منداڵانە" و وەک ئێدیۆمێک بە مانای کامڵنەبوون و تێگەیشتن تێیهەڵدەڕوانین. جا بۆ ئەوەی منداڵان سەبارەت بەم بۆچوونەمان گلەییمان لێنەکەن، با خەریکی دەرس و مەشق و پلەستەیشن و کەڵەکەبڕێن و چاوشارکێی خۆیان بن و ڕێگە بدەن ئێمەی "بڵ" و "قانگ" و "شەختەئەنگاوتە"ی نامنداڵ زیاتر خەریکی کاری سەیر و سەمەرە و ناوازەی خۆمان بین.**

بەڵێ، باسی سێزدەی خەزەڵوەرمان دەکرد. دیارە دوو ڕۆژ بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەم بابەتەی بەرچاوتانیش هەر سێزدەی خەزەڵوەر بوو. ئەم سێزدەی خەزەڵوەرەش زۆر سەیروسەمەرەیە. ئەمەیان دەگەڵ ٢٢ی ڕێبەندان و یەک دوو ڕۆژی دیکە لە مەودای ٣٦٥ ڕۆژی ساڵدا "یەومولڵا"یان پێ دەگوترێت و، بە ڕۆژانی خوا دەناسرێن و بەمجۆرە ڕۆژانی دیکە هەموویان ڕۆژی شەیتانن. ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە ئەم پرسیارەیە خوا لەم هەموو ڕۆژەی ساڵدا بۆچی تەنیا چەند ڕۆژێکی بۆ خۆی گل داوتەوە و ئەم هەموو ڕۆژەی دیکەی ڕێک دە مستی شەیتان کردوە؟

سێزدەی خەزەڵوەر لە ڕۆژێکدا بەگرینگ وەسف کرا، حەمەی کوڕی ڕەزا دووهەمین شای بنەماڵەی پەهلەوی ١٣٤٣ی هەتاوی لەم ڕۆژەدا بە عەقڵێکی "ڤانگ"ـەوە حوکمی دەرکردنی خومەینیی لە ئێرانەوە بۆ دەرەوە دەرکرد و بەم جۆرە گێلە پیاوێکی سەیروسەمەرەی وەک دوژمنی خۆی و نەیارانی خۆی پەروەردە کرد.

١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨یش دوای گەڕانەوەی ئەو زەلامە بێخێرەی شای نەفام دەریکردبوو، بە داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران، بە دەستی کۆمەڵێک خەڵکی "بڵ"، نەحسبوونی ئەم ڕۆژە جارێکی دیکە سەلمێندرایەوە.

لەو کاتەوە دەسەڵاتدارانی ئێران لە ڕواڵەتدا دەهۆڵی دژە ئەمریکا و ئیسرائیلیان هەڵگرت و دەستیان بە خاپاندنی برایانی مسوڵمان کرد. خاپاندنەکە لە قوم و تاران و مەشهەدەوە بەرەو عێراق و سووریە و لوبنان و یەمەن پەلی هاویشت. ئێستاش لەکاتێکدا جەنگی کۆنی ئیسلام و جوو سەرلەنوێ گەرم بووەتەوە، دەسەڵاتدارانی ئێران بە مەبەستی مانەوەی خۆیان، پاڵ بە برایانی حەشدی شەعبی، حووسییەکانی یەمەن و جەماعەتی سووریە و حیزبوڵڵای لوبنانەوە دەنێن و دەیانەوێت ئەوانیش وەک حەماسی برا خەڵکی وڵاتانی خۆیان بە ئاگری شەڕی نێوان ئیسلام و جوو بسووتێن.

لەم بەینەدا ئەو کەسانەی بە تەمەنی گەورەوە منداڵانە بیر ناکەنەوە و تووشی "بڵایەتی" و "ڤانگبوون" و "شەخەتەئەنگاوتەیی" نەبوونە، کاتێک ئەم بەزمە دەبینن، لەبەر پێکەنین تووشی ژانەسک دەبن!

ڕێبەری موعەززەمی کۆماری ئیسلامییش دیارە لە هەموو کەس باشتر سەر لەم بەزمە دەر دەکات، بۆیە لە کۆبوونەوە دەگەڵ قوتابیان لە سەروبەندی ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵدا داوای کرد موسڵمانان ڕێگەی ناردنی نەوت و خواردەمەنی بەرەو وڵاتی جوولەکان بگرن.

هەموو ئەوانەی دەسەڵاتی جوولەکان بە سەهیۆنیست ناو دەبەن و دەڵێن پێویستە ناوی وڵاتی جوولەکان واتە ئیسرائیل لەسەر نەخشەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بسڕێتەوە، یەک بە ئێران و هەموو خۆرهەڵاتی نێوەڕاست خوار دەڕۆن و لە ژێرەوە

خەریکی فرت و فێڵی دیکەن. بۆ سەلماندنی ئەم خوارڕۆیشتنەش دەبێ بڵێین نەک ئێستا بەڵکوو لەمێژە دەسەڵاتی ئیسرائیلیان لە سەردەستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕەسمی ناسیوە.

هەر دوور نەڕۆین ڕۆژی هەینیی بەر لە لێدوانی خامنەیی بۆ قوتابیان، نوێنەری کۆماری ئیسلامی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگی بە بڕیارنامەیەک دا، بوونی دوو وڵاتی ئیسرائیل و فەلەستین لە تەنیشت یەکتر بەڕەسمی دەناسێت. دیارە ئەمە یەکەم دەنگدانی ڕەسمی بۆ مانەوەی دوو وڵاتی ئیسرائیل و فەلەستین لە تەنیشت یەکتردا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە نییە، بەڵکوو نوێنەری ئەم دەسەڵاتە بەپێی بەڵگەنامان هەر لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سێ جاری دیکەش لە ١٣ی ژوئێنی ٢٠١٨ و ٢٩ی مارسی ٢٠١٢ و ٢١ی دیسامبری ٢٠١٧ دەنگیان بە بەرنووسی ئەو بڕیارنامانە داوە، بە شێوەیەک لە شێوان دەسەڵاتی سەهیۆنیسم لەسەر بەشێک لە خاکی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و دەسەڵاتی ئیسرائیل بەڕەسمی دەناسن.

### دەکرێت ئەنجامی ئەم باسە ئەوا لێکبدرێتەوە:


١- سێزدەی خەزەڵوەری نەحس تەنیا بۆ بانگەشەی دەسەڵاتدارێتیی شتی چاکە.
٢- لە ماوەی ساڵدا ڕۆژانی خوا گەلێک لە ڕۆژانی شەیتان کەمترن و لێرەدا بەخشندیی خوا حاشا هەڵنەگرە.
٣- هەزاران هاووڵاتیی کورد و عەرەب و بەلووچ و تورک و ئازەری بە قوربانی تاڵەموویەکی ڕێژێمی سەهیۆنیستی بن.
٤- ئەوەندەی حەماس و ئیسرائیل زیاتریان لێ بکووژرێت، ئەوانی لە تارانن باشتر دەحەسێنەوە و، خەویان قووڵتر دەبێت.
٥- جارێکی دیکە یەوموڵڵای ١٣ی خەزەڵوەرتان پیرۆز بێت.

### لێکدانەوەی ئەو وشانەی ناوازەن:

بڵ: بە میوەی خراپگەیشتوو دەڵێن.
قانگ: ئەو تووەرەیە نێوکەکەی بۆش و بەتاڵ و بێتامە.
شەختەئەنگاوتە: ئەو بێستان و باخچەیە سەرمای سەرەتای زستان گەلا و بەروبوومی هەڵتەکاندوە.

١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# ئەدەبیاتی بەرگری و بەرگری لە ئەدەبیات



**جەماڵ فەتحی**

ئەدەبیـــاتیش وەکـــوو شـــێوەکاری، شـــانۆ، موســـیقا و .... یەکێـــک لە ژانـــرە هونەرییەکـــانە کە شـــارەزایانی ئەم بـــوارە بە کەلـکوەرگرتن لەو وشـە و ڕستانەی ڕۆژانە خەڵکێکی ئـاسـایی بـۆ تێپەڕانـدنی ژیانیـان بەکاریـان دەهێـنن، بە لەبەرکردنـی بەرگێکی ڕازاوە، لە شێوازی شێعر، چیرۆک و ڕۆمـان ڕۆخسـارێکی جوان و سەرنجڕاکێشیان لـێ دەئـافرێنن. ئەگەر پێداگری لەسەر ئەوە بکرێت ئەدەبیات لە ڕاستای مانەوەی هەر نەتەوەیەک ڕۆڵـی سەرەکی دەگێـڕێ و ئەوە ئەدەبیـاتە دواتـر دەبێـتە ئاوێنەی باڵانوێنی هەر نەتەوەیەک، پێداگرییەکە ناچێتە خانەی دەمارگیرییەوە؛ چونکە یەکێک لەو خـاڵانەی مێـژووی هەر نەتەوەیەکی پێ هەڵدەسەنگێنن، ئەدەبیات و هونەرە .

ئەدەبیات کە خۆی بەشێک لە هونەرە، چەندین فۆرم و پێکهاتەی لێ دەبێتەوە کە هەر کـامە خـاوەن تـایبەتمەنـدیی خۆیـانن و بـۆ دەربڕینـی بوارێـک و بابەتێـک دەشـێن. ئەگەرچـی وێـژە و ئەدەب ئۆفیانووسێکی بەریـنە و هەمیشـە بەرەو لێوارەکـانی جـوانی پەل دەهاوێـت، بەڵام هێنـدێ جـار لە ئەرکە سـەرەکییەکەی خـۆی لا دەدات و ئاراسـتەکان بەرەو شـوێنێک دەڕۆن کە لەڕاستیدا ئەرکی ئەدەبیات نییە و قورسایی بۆ دروست دەکەن.

یەکێک لەو ئەرکانەی ئەرکی ئەدەبیات نییە، بەکارهێنانی وشەی زبر و وشکە لەجیاتی وشەی نەرم و تەڕ و تازە. ئەگەر لە سەدەی ٨ی زایینیدا لە لایەن ڤیکتۆر هۆگۆ و شوێنکەوتووانی ڕێبازی ئەدەبیی "پارناسەکان" هاتە ئاراوە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە ئەدەبیات لەژێر باری سیاسی، کۆمەڵایەتی و زۆر باری دیکەدا پشتی چەمابۆوە و کەوتبووە هەناسەبڕکێ. ئەگەرچی ئەم بیرۆکەیە هەنووکەش لایەنگرانی خۆی هەیە، بەڵام لە دۆخی بندەستیدا کامە شاعیری دەروەستی نەتەوەی بندەست دەتوانێت لە هەمبەر خەمی نەتەوەکەی خەمسارد بێت و بە پێنووسەکەی بەرگری لە خاک و خەڵک نەکات و لە پاڵ هاژەی ڕووبار و بە بیستنی جریوەی باڵندە و شنەی دارەبی، شێعر بۆ کەژاڵی چاوکاڵی لێوئاڵ بهۆنێتەوە؟ ئەوەی کە ئەدەبیاتی هەر نەتەوەکەی چ ڕەنگ و ڕواڵەتێک لە خۆ دەگرن، پێوەندیی بە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووریی ئەو نەتەوانەوە هەیە. ئەگەر ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا لە ئێستەدا فۆرم و بیچمێکی نەرمونیانی هەیە و قژی کاڵ و باڵای نەونەمام لەجیاتی ئاڵا و سەربەستی لە شێعری شاعیرانیان شەپۆل دەدا، وەکوو ئێمەی کورد لە چوار لاوە پەلامار نادرێن و دڵێکی بە دوور لە خەمۆکی و دڵەڕاوکێیان هەیە بۆ دەبڕینی هەست و خۆشەویستی، وەکوو شاعیری بندەستی پەژارە لەدڵی کورد نییە کە خەمی نەبوونی و ئازادی و یەکسانی بڕستی لێ بڕیبێ.

## ئەدەبیاتی بەرگری:

"ئالفۆنز دوو لامارتین" شاعیری فەڕانسەیی دەڵێت: "لە کاتی ساوایی نەتەوەکاندا و کاتێ مێژوو و کۆنەست، خەیاڵ و هەقیقەت ئاوێتە و تێکەڵ دەبن، حەماسە و بەرگریی شێعری نەتەوەکانە و شاعیرانیش مێژوونووسی نەتەوەکانن". بۆ نەتەوەیەک هێشتا پێی نەگرتوە و ساوایە و شاعیرانی لە پرۆسەی پێگرتن و گەیشتن بە سەربەستیدا ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگ دەگێڕن و وەکوو سپایەک لە جەنگاوەران بەرەوڕووی دوژمن و ستەمکار دەبنەوە و بە شێعرە بەرگریکارییەکانیان خەیاڵی خاوی داگیرکەر بەتاڵ دەکەنەوە، "ئەدەبیات" و "بەرگری" دوو چەمکی دووانەن کە چەمکێکی نوێ بە ناوی ئەدەبیاتی بەرگری چێ دەکەن. نەتەوەی کورد لەم سەردەمەدا کە بە سەردەمی دەوڵەت - نەتەوە ناسراوە و گوتاری دەوڵەت پێناسەیەکە بۆ نەتەوەبوون، بە هۆی ئەوەی خاوەنی دەوڵەت نییە لە هەموو مافێک بێوەرییە و دەیان ساڵە لەلایەن چوار دەوڵەتی تازەسەرهەڵدراوەوە سەرکوت و کۆمەڵکوژ دەکرێ، بەڵام کورد هیچ کات نەچۆەتە ژێر باری ستەمی داگیرکەرانی کوردستانەوە و بەردەوام کوورەی خەباتی ڕزگاریخوازیی ئەم نەتەوە بڵێسەدار و بەتین بووە. لە پەنای جەنگاوەرانی ڕێگای سەربەستیدا، شاعیران و پێنووسە دەروەست و نیشمانپەروەرانێک هەبوون کە بە وشە یاخی و بوێرانەکانیان دژ بە ستەم و بێدادی وەستاونەتەوە و نەیانهێشتوە نەریتی کۆیلایەتی و بندەستبوون لە نیشتمانی کوردان پەرە بستێنێ و گەشە بکا. ئەم شێوازە ئەدەبییە کە بە "ئەدەبیاتی بەرگری" ناسراوە، زۆر شاعیر و خامەبەدەست لە خۆیدا جێ دەکاتەوە کە هەر لە باباسەرهەنگی دەودانییەوە بگرە هەتا ئێستە شاعیرانی کورد زۆربە لە دۆخی ئەدەبیاتی بەرگری و بەرگریی لە ئەدەبیاتی کوردیدا بوون. چ ئەو شاعیرانی بە وشە یاخییەکان بەرەنگاری دوژمن و داگیرکەر بوونەتەوە و چ ئەوانەی بە وشەی جوان و

ڕازاوە ئەدەبیاتی کوردییان لە فەوتان و لەنێوچوون ڕزگار کردوە، دەچنە خانەیەکەوە کە دوژمن پێی بێزار دەبێت. بەڵام لە نێوانیاندا کەسانێک خەمی خاک و نەتەوەکەیان وەها قورسایی خستۆتە سەر شانیان کە بەدەگمەن توانیویانە ئاوڕ لە سۆز و هەستی دەروونیی خۆیان بۆ خۆشەویستەکەیان بدەنەوە و لە ناخیاندا ئەگەریش جگە لە نیشتمان خۆشەویستێکی دیکە هەبێت لە کۆتاییدا هەر پەنا بۆ ئامێزی نیشتمان دەبەن و خۆشەویستی و ئەوین لەودا پێناسە دەکەنەوە.

### جەلال مەلەکشا، ئەو جەستە لاوازەی قورسایی نیشتمانێکی لەسەر شان بوو

مێژووی ئەدەبی کوردی گەلێک شاعیری دەرەوەستی بە خۆوە بینیوە، ئەو کەسانەی بە پێنووسەکەیان هەم بەرگرییان لە نیشتمان کردوە و هەم لە ئەدەبیاتی گەلەکەیان. بە حوکمی بارودۆخی کورد، شاعیری لەم چەشنەمان گەلێک زۆرن و زۆریان لە پێناو خۆشەویستی و سەربەستیی نیشتماندا ژیانیان فیدا کردوە و هەموو ئازار و ناخۆشییەکیان بینیوە، بەڵام لە نێوانیاندا کەسانێکی دەگمەن هەن کە کوێرەوەریی ڕێگای سەربەستیی نیشتمانیان گەلێک بەئازارتر و تاڵتر بووە. قانع، هەژار، هێدی و هێمن کە لە شاعیرانی سەردەمی کۆماری کوردستانن، وەکوو شاعیرانێک پێناسە دەکرێن کە لە ڕێگای سەربەستیی کوردستاندا سەرەڕای ئازار و ناخۆشییەکی زۆر بەڵام کۆڵنەدەرانە بە شێعر و خامەکانیان هەم داکۆکییان لە نیشتمانەکەیان کردوە و هەم بە خوڵقاندنی بەرهەمە جوان و ڕازاوەکانیان سیمایەکی جوانیان لە ئەدەبی کوردی پێشکەش کردوە. پاش ئەم شاعیرانە نەوەیەکی نوێ لە شاعیران لە گۆڕەپانی جوانی و بەرگرییەوە هەنگاویان هەڵگرتوە، کە سوارە، مارف ئاغایی، عەلی حەسەنیانی (هاوار)، شەریف حوسێنپەناهی، قاسم مۆئەیەدزادە (هەڵۆ)، فاتح شێخولئیسلامی (چاوە)، ڕەحیم لوقمانی، ڕابوون ڕۆژهەڵات و جەلال مەلەکشا سەرباشقەی ئەو کەسانەن کە وشەکانیان چەندە لە بەرانبەر داگیرکەردا تاڵ و تفتە، دوو هێندە لە باری جوانیناسییەوە دەگمەن و ڕازاوەن.

ئەگەرچی دۆخی کورد بە جۆرێکە ناکرێت شاعیرانی دەرەوەست پلەبەندییەکی ڕاست و دروستیان بۆ بکرێت، بەڵام لەو نێوانەدا جەلالی مەلەکشا تایبەتمەندییەکی دەگمەنی هەیە و لەگەڵ شاعیرانی دیکەی پێش خۆی و هاوسەردەمی خۆی جیا دەکرێتەوە. یەک لەو تایبەتمەندییانەی جەلال لە ئەدەبیاتی کوردیدا کە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران ڕووی تێ کرد، ئەوەیە لە هەموو بارێکەوە جەلال قەڵەمەکەی خستە خزمەتی دۆزی نەتەوەیی و تاکە خەمی ئەو خەمی نیشتمان بوو. ئەگەر جاروباریش ڕووی لە شێعری سۆزداری و ئاشقانە کردوە، بەڵام خەمی نیشتمان نەیهێشتوە سۆزەکەی بگاتە کۆتایی و لە دوادێڕەکانیدا پەژارە و خەم دایگرتوە و دەستی لە یەخەی خۆشەویستی و جێژوان کردۆتەوە.

جەلالی شاعیری نەحەساوە وەک چۆن شاملوو لە بارەیەوە دەڵێت: "داهاتووی ئەدەبیاتی فارسی لە قەڵەمی جەلال مەلەکشادا بەدی دەکەم"، لە ئەدەبیاتی کوردیدا چەند قات زیاتر ئازا و شارەزاتر دەرکەوت و وەکوو ئەستێرەیەکی گەش و

شۆڕەسوارێکی بێوێنە ئەسپی قەڵەمی تاو دا و ناوی خۆی لە سەردێڕی "ئەدەبیاتی بەرگری"دا تۆمار کرد. ئەم شاعیرە لێهاتووە هێندە بەئەمەگەوە ئەرکی ئەدەبی و نیشتمانیی خۆی ڕاپەڕاندوە کە تەنانەت لە بەندیخانەکانی داگیرکەرانیش کۆڵی نەداوە و "زڕەی زنجیری وشە دیلەکان"ی قانع ئاسایی وەکوو زێوەی شاهانە دەهاتە بەرچاو، و هەرچەندە "دیوارێکیان بە دەور شێعرەکانیا دەکێشا و پەرژینیان دەکرد"، بەڵام "شێعری هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیا بزۆز و شێت و لاسار بوو".
جەلال تەنانەت کاتێکیش دەیەویست گلەیی و گازندەیەک لە خۆشەویستەکەی و چارەنووسی خۆی بکا، گۆشەنیگایەکی هەر لە لای نیشتمان و نەتەوەکەیەوە بوو و ئەو کاتانەی کە بە دەستی تەنیایی و غەریبییەوە دەیناڵاند، تەنیایی و غەریبی خۆی دەبەستەوە بە چارەنووسی نەتەوەکەی کە وەکوو باوە ئادەم بەتەنیا لە "چوارڕێیانی گەردوونا ڕاوەستاوە ."

ئەم پێنووسە کۆڵنەدەرە کە بە هۆی لێهاتووییەوە لە زمانی کوردی و فارسی و لە ژانرەکانی چیرۆک، شێعر و وەرگێڕانەوە دەیتوانی ژیان و سامانێکی زۆر و دوور لە هەر فەرتەنەیەک بۆ خۆی دەستەبەر بکا، بەڵام ناخی پڕ لە داخی بۆ نیشتمانی لەتلەتکراوی قەت ڕێگای پێ نەدا بەڵێنیی بە خاکەکەی بشکێنێ و لە هەمبەر داگیرکەراندا سەری شۆڕ بکات و وەک خۆی لە شێعری "چەپکێ تیشک"دا دەڵێت:

دەپرسی بۆ
خۆم خستە ناو ئەم فەرتەنە؟
من دەمەوێ
بە گاسنی وشەی شێعر
وەرزی تازە بکێڵمەوە
بۆ چاندنی زەردەخەنە
بووم بە شاعیر
دەرد و ئازارم هەڵبژارد
لە کارگەی چەوساوانا
شێعرەکانم کردە تفەنگ
بەڵێنم داوە چەپکێ تیشک
لە خۆر بدزم بیدەم لە پرچی شەوەزەنگ

مەلەکشا کە خەمی گەورەی بێوڵاتییە، ئەم خەمەی زۆر جار بۆتە سووژەیەک بۆ لەدایکبوونی شێعرێکی بەهەست و لە ناونیشانی سەردێڕێک بە ناوی "بێوڵات"دا بەم چەشنە ئازاری دەروونی خۆی باس دەکات:

**چل ساڵە من**
**تەرمی خۆمم لە كۆڵ ناوە**
**دەیگێڕم و ئەشك ئەڕێژم**
**ڕێگای دووری تەمەن ئەبڕم**
**بستێ خاكم دەست ناكەوێ**
**ئەم جەستە پڕ لە ئازارەی**
**تیا بنێژم!**

**ئەگەرچی باس و هەڵێنجانی شێعرەكانی جەلال مەلەكشا زۆری دەوێ و تەنیا بە وتار و بابەتێك ناكرێ هەموو مافی خۆی پێ بدرێ، بەڵام ئەگەر تەنیا جارێك بە هەستەوە شێعر (زڕەی زنجیری وشە دیلەكان) و چیرۆكە (كارەسات) كوردی و هەروەها فارسییەكانی بخوێندرێتەوە، دەزانی كە ئەم پێنووسە پڕ لە ئازار و جوانییە چەندە بەتوانا و لە هەمان كاتدا چەندە دەروەستی ناخی پڕ لە هەستی شۆڕشگێڕانەی خۆیەتی، كە هەم توانیویە بە ئەدەبیاتەكەی بەرگری لە ستەملێكراوانی وڵاتەكەی بكا و هەم بەرگری لە ئەدەبیاتێك بكا كە سەدان ساڵە لەژێر ناوی سیستەمی دەوڵەت - نەتەوەی داگیركەرەوە هەوڵی لەنێوچوونی بۆ دراوە.**

**لە كۆتاییدا بڵێین جەلال مەلەكشا بە جەستەیەكی لاواز خەمی قورسی نیشتمانێكی لەسەر شان بوو و بە هەمان جەستەی لاوازییەوە قەڵافەتێك لە ئەدەبیاتی بەرگری و بەرگریی لە ئەدەبیاتی نەتەوەكەی بوو.**

**١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣**

## ڕەمزی ناوت بووە ڕوونیی هەرچی پەیمانە (شەهید هادی شامرادی)




**برایم چووکەڵی**

ئاوڕدانەوە لە ژیانی ئەو ڕۆڵە لەخۆبوردووانەی هەموو تەمەنیان بۆ بەختەوەریی نەتەوەکەیان دانا کارێکی بەنرخە، چونکی ئەوانە هەموو تەمەن و ژیانیان بۆ سەربەستیی گەلەکەیان بەخشی. لەنێو ئەو قارەمانانەدا زۆر هەبوون کە توانیان لە خەباتی چەکداری و پێشمەرگانەدا وەک فەرماندەر حەماسەخوڵقێنی بکەن و بە سەدان کەس لەو قارەمانانە تا ئاخرین دلۆپی خوێنیان ئەو ئەرکە قورسەیان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەڕێوە برد. ئەوان لە هیچ کەند و کۆسپێک نەپرینگانەوە و بەردەوام بۆ بەرەوپێشبردنی خەبات لە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچاندا بوون. یەکێک لەو سەدان فەرماندە قارەمانە شەهید "هادی شامرادی"یە کە تا دوا هەناسەی ژیانی و تا ئاخرین دلۆپی خوێنی دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خەباتی کرد و لە پێناو ئازادی وسەربەستیی گەل و نیشتمانەکەیدا سەری دانا.

هادی شامرادی ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە گوندی قۆجەی سەر بە ناوچەی هەوشاری خوێناوی چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. ئەو لە بنەماڵەیەکدا چاوی بە دنیا هەڵێنا کە هەژاری و ڕەنج و تاڵیی ژیان تەنگی پێ هەڵچنیبوون. سەرەڕای ئەوەش هادی لە تەمەنی ٧ ساڵیدا کتێبی لەبن هەنگڵی نا و وێڕای منداڵانی هاوتەمەنی چوو بۆ قوتابخانە. بەڵام هەموو

خوێندنەکەی هەتا پۆلی ٥ی سەرەتایی بوو. بارودۆخی ژیانی بنەماڵەیی وای کردبوو ئەو لە خوێندن و هاوپۆلییەکانی هەڵبڕێ و ڕێگای مووچە و مەزرا بگرێتە بەر و شانبەشانی باوکی و بنەماڵە دەست بە کار و کاسبی بکا.

کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران بە خەباتی یەک پارچەیی هەموو چین و توێژکانی کۆمەڵی ئێران سەرکەوت و حیزبی دێموکرات تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ کردەوە، هادی دەستی دایە چەکی شەرەف و لە هێزی شەهیدانی هەوشار بەرگی پڕ لە شانازیی پێشمەرگایەتی کردە بەر. هادی هەر لە سەرەتای هاتنی بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبدا، دڵسۆزی و ڕاستی و ئیمان و بڕوایەکی پتەوی لێ بەدی دەکرا، کوڕێکی زەحمەتکێش و لاوێکی تێکۆشەر بوو و لە دڵ و دەروونی هاوسەنگەرانیدا بەباشی جێی خۆی گرتبوو. هادی جارێک لە شەڕ لەگەڵ دوژمنانی کوردستاندا بریندار بوو، بەڵام برینەکانی گەرمایی و تینی خەباتی لەنێو دڵ و دەروونی پڕ لە هەستیدا بەتین و بەهێزتر دەکرد.

هادی شامرادی پێشمەرگەیەکی ژیر و ڕوحسووک بوو، هەموو وجوودی هەستی جوانی شۆڕشگێڕانە بوو، ئازا و بەجەرگ و نەترس بوو، ئیمانێکی قووڵی بە سیاسەتەکانی حیزب و ڕەوایی بزووتنەوەی گەلەکەی هەبوو. بەنەزم و دیسیپلین بوو، لە شەڕەکاندا هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بوو. شەڕە حەماسییەکانی "تورکان بلاغ"، "نێو شاری تیکاب"، "نێو شاری سایینقەڵا"، "گرتنی پێگەکانی ئاوبارە"، "ئەسکەندەری میانە" و ... نموونەیەکی چووکەن لە فیداکاری و قارەمانەتیی هادیی شامرادی.

ئازایەتی ناوبراو بوو بە هۆی ئەوە وەک سەرپەڵ و پاشان فەرماندەری لک و فەرماندەری عەمەلیات دیاری کرێ. هادی بە هۆی نەترسی و ئازایەتی و لێوەشاوەیی لەو بەرپرسایەتییەش سەرکەوتوو هاتەدەر. ئەو تێدەکۆشا نەزم و ئینزباتی شۆڕشگێڕانە لە نێو پێشمەرگەکاندا جێگیر بکا و لەو ئەرکەشدا ئەوپەڕی دڵسۆزی و لێوەشاوەیی لە خۆی نیشان دا. هادی دوو برای بە ناوەکانی عەلی و محەممەد شەهید بوون، بەڵام لەدەستدانی دوو براکەیە ئەوی لەسەر خەبات بۆ وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەی سوورتر کرد و نیشانی دا کە لە ئاست دوژمندا قایمترە و قارەمانانە هەڵمەت دەبا و شێلگیرانە لە بەرگری شەرەف و کەرامەتی گەلەکەی دەکا. ئەو ئامادەیە گیان بەخت بکا، بەڵام سەر بۆ دوژمنی فاشیستی کۆماری ئیسلامی نەوی نەکا. هادی لە مەیدانی کردەوەدا ئەم ڕاستییەی بۆ هاوسەنگەرانی سەلماند کە لەسەر داوای ڕەوای خۆی شێلگیرە و ئەوینداری ئازادی و ڕزگاریی گەلەکەیەتی و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پیرۆزە قارەمانانە تێدەکۆشێ و خوێنی براکانیشی کردۆتە چرایەکی دیکەی ڕێگای تێکۆشان.

هادی شامرادی پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرزی لەنێو خەڵکدا هەبوو، خۆشەویستی خەڵک بوو و زۆرجار کیشەکانی خەڵکی چارەسەر دەکرد، ئەو لە ڕاستیدا کوڕی نێو خەڵکو هەڵقوڵاوی نێو کۆمەڵانی خەڵک بوو. ئەو لە گەڵ هاوسەنگەرانی

لەسەرەخۆ و ڕووخۆش بوو، هەمیشە لەسەر سیاسەتە نەگریسەکانی دوژمنی وێرانکەری کۆماری ئیسلامی بۆیان دەدوا و، هەمیشە ناو و ئازایەتیی هادی لە سەر زاری خەڵک بوو.

هادی بەڵێنی دابوو شەو بخاتە سەر ڕۆژ و هەدا نەدا و نەسرەوێ. ئەو ڕێچکەی برا شەهیدەکانی بۆ سەربەستی مرۆڤایەتی گرتبووە بەر و، نیگای تاسەباری پیرەپیاوانی پشتچەماو، ڕەنجەڕۆیی دایکانی جەرگسووتاوی ڕۆڵە کوژراو، هانی دەدا کۆڵ نەدا و ورەی هەروا بەرز بێ.

مخابن ڕۆژی ٢٨ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦١ ئاخرین قارەمانەتی و فیداکاری فەرماندەی خەباتگێڕ هادی شامرادی بوو. هێزەکانی پێشمەرگە لەم ڕۆژەدا لە نێوان ئاواییەکانی "کووچەتەڵا" و "ئایاخچی" لە حەمەسایەکی کەموێنەدا زەبرێکی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند، بەڵام خوێنبایی ئەو سەرکەوتنە شەهیدبوونی هادی بوو کە خوێنی لەگەڵ خوێنی هاوڕێ و هاوسەنگەرێکی دیکەی بە ناوی وەهاب ڕەزایی تێکەڵ بوو، و چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە.

١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# ئاپارتایدی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی دژی نەتەوەی کورد




د. مەجید حەقی

**ئاماژە:**

ئاپارتاید (Apartheid) لە ڕوانگەی فەرهەنگی وشەوە بە واتای جیاکردنەوە و جیاوازیدانانە، کە لە سیاسەتیشدا بە هەمان واتا دێت. "ئاپارتاید" زۆرتر بۆ ئەفریقای باشووری لە مەڕ بەکاربردنی سیاسەتەکانی ڕەگەزپەرەستانە دژی ڕەشپێستەکانی ئەو وڵاتە بە شێوەی دەوڵەتی، سیستماتیک و یاسایی بەکار دەهات. دەرئەنجامی ئەو هەڵاواردنە ڕەگەزپەرەستانەیە سەرهەڵدانی جووڵانەوەی دژی ئاپارتایدی بوو کە سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٩٠ دوای چەندین ساڵ خەبات و تەریککەوتنەوەی ڕێژیمی ڕەگەزپەرەستی ئەفریقای باشووری، نێلسۆن ماندێلای خەباتکاری ڕێگەی ئازادی دوای ٢٧ ساڵ لە بەندیخانە ئازاد کرا و کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا ساڵی ١٩٩٤ لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا. نێلسۆن ماندێلا تا ساڵی ١٩٩٩ وەک سەرۆک کۆماری ئەفریقا باشووری هەڵبژێردرا و بوو بە هێمای خەبات دژی ڕەگەزپەرەستی و ئازادی و لە ٥ی دێسەمبری ٢٠١٣ کۆچی دوایی کرد.

هەمان سیاسەت و کردەوە لە ئێراندا دژی نەتەوەی کورد و نەتەوە بندەستەکان جێبەجێ دەکرێت. هەرچەند بۆ جیهانی

ڕۆژاوا و لەوانەیە بەشێکی زۆر لە ئێرانییەکانی سەر بە نەتەوەی سەردەست ئەم ڕاستییە نەبیندرێت. ئاپارتاید زۆرتر وەک "ڕەگەزپەرەستی" ناسراوە، بەڵام لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئاپارتاید بەرگێکی دەوڵەتی، سیستماتیک و یاسایی و ئایینی بەخۆیەوە پۆشیوە.

ئێمە بۆیە باس لە "ئاپارتاید" لە ئێراندا دەکەین، چونکە بەشێکی زۆر لە هەڵاواردنەکان لە ئێراندا هەم لە دستووری و لە سەر بنەمای یاساکانی پەسەندکراوی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و بڕیارنامەکانی دەوڵەتی بەڕێوە دەچن. لە ڕاستیدا هەڵاواردن (تبعیض) لە ئێراندا بە شێوەیەکی یاسایی و ڕێکخراو بەڕێوە دەچێ.

### ئاپارتاید لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا:

ئاپارتاید لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا لە دستووری ئەو وڵاتەوە دەست پێ دەکات. "کۆماری ئیسلامی" کۆمارێک کە نە مرۆڤی بەڵکوو ئایینیە و ئایینەکەش "ئیسلامە" و بەپێی ماددەی ١٣ی دستووری ئێران مەزهەبی ڕەسمیی ئەو وڵاتە "شیعەی اثنی عشری"یە و ئەم ئەسڵە "هەتاهەتایی و نەگۆڕە". واتە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژێمی ئیسلامیدا شتێک بە ناوی مرۆڤ نییە، هەروەک چۆن لە ئەفریقای باشووری ئەوە "مرۆڤ" نەبوو کە مافی هەبوو بەڵکوو "ڕەگەز" و "سپی پێستە"کان بوون کە خاوەنی هەموو مافێک بوون.

ئاپارتاید لە یاساکانی ڕێژیمدا بە ڕوونی دیارە: دەوڵەتی ئێران ئەندامی بەشێکی زۆر لە کۆنڤانسیۆن و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤە کە دەبێ بە شێوەی سروشتی لە ڕووی یاساییەوە پابەندی ئەو پەیماننامانە بێت و جێبەجێیان بکات. بەشێک لەو پەیماننامانە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو و بەشێکیان دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی واژۆ و پەسەند کراون. ئێران ئەندامی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بەتایبەت پەیماننامەی مافی مرۆڤ (جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، و کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی، سیاسی، ئابووری،کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی)ی نەتەوە یەکگرتووەکانە و یاساکانی وڵاتی ئێران دەبێ لە چوارچێوەی ئەو پەیماننامانەدا ڕێک بخرێن. لەگەڵ ئەمەشدا لە ڕۆژی دامەزرانی ئەو ڕێژیمە، هەم دستووری وڵات و هەم یاساکانی دیکەی ڕێژێم پێچەوانە و تەنانەت دژی نێوەڕۆکی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانن. ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕێژێمی پێشوو پەیماننامەکانی بەبێ مەرج قبووڵی کردووە و ڕێژێمی کۆماری ئیسلامییش دوای هاتنەسەرکار لە پەیماننامەکان نەکشاوەتەوە و بەوپێیە ئەرکدارە بە جێبەجێکردنی نێوەڕۆکی ئەو پەیماننامانە.

یاسای بنەڕەتیی ئێران، یاسایەکی "مەکتەبی و ئیسلامی"یە. واتا لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژییەک داڕێژراوە و هەموو

بڕگەکانی دستوور و یاساکانی ئێران پێڕەوی لەو بنەمایە دەکەن. بەو واتایە بەپێی یاسای ئێران کەسانێک کە ئینتیما و گرێدراویی "مەکتەبی"یان نەبێ، بۆ نموونە شیعەی ١٢ ئیمامی نەبن و بڕوایان بە "ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهـ" نەبێ، بە هاووڵاتیی پلە یەکی ئێران دانادرێن و لە زۆربەی مافەکانی هاووڵاتیبوون بێبەش دەبن. دستووری ئێران نەتەنیا بووەتە هۆی هەڵاواردن و ناپارتایدی سیستماتیک دژی ژنان، ئایین و تەنانەت ئایینزاکانی دیکەی ئیسلامیش، نەتەوە بندەستەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان، بەڵکوو بووەتە هۆی کێشە و ناکۆکی لە نێوان دەزگا جۆراوجۆرەکانی نێو دەسەڵاتی ڕێژێمیشدا؛ بە هۆی ئەوەی کە هەرکام لە لایەنەکان بەپێی تێگەیشتنی خۆیان لە ئایین یاساکانی کۆماری ئیسلامی شی دەکەنەوە. گرینگترین ناوەندێک کە مافی ئەوەی هەیە دستوور و یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێران شی بکاتەوە "شوڕای نیگابان"ە، کە هەموو بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەو لەلایەن "ولیی فەقیهـ" واتە خامنەییەوە دیاری دەکرێن.

نێوەرۆکی دەستووری ئێران نێوەرۆکێکی ئاپارتایدی بەواتای هەڵاواردن لە نێوان شارۆمەندانی وڵاتە. هەموو بەرپرس و کاربەدەستانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لە خوارەوە بۆ سەرێ دەبێ "شیعە" بن و بڕوایان بە "ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهـ" هەبێت. بەو پێیە ئایینـدارەکانی دیکە و لەوانە سوننییەکان و ئەو شیعانەی کە بڕوایان بە "ویلایەتی فەقیهـ" نییە، ناتوانن بەشداری بن لە پرۆسەی بڕیاردان و بەڕێوەبەریی وڵاتدا. بەپێی ماددەی ٤ی یاسای بنەڕەتیی ئێران هەموو یاسا و ڕێساکانی وڵات دەبێ لە سەر بنەما و پێوەرەکانی ئیسلامی دابڕێژرێ و بەپێی ماددەی ١٢ی یاسای بنەڕەتی دەبێ یاساکان لەسەر بنەمای مەزهەبی شیعەی "جعفری اثنیعشری" دادەرێژرێن.

ئەرتەش و سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هێزی چەکداری و مەکتەبین. واتە ئەرکی ئەرتەش تەنیا پارێزگاری لە سنوورەکانی وڵات نییە، بەڵکوو ئەو دوو هێزە وەک پارێزەری شۆڕش ئەرکیان سەرکوتی "دوژمنانی خوا و ئیسلامە" کە مەبەست لێی هەموو ئەو کەس و لایەنانەی دژی دەسەڵات بن. بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئێران ئەرتەش و سپاس لەسەر بنەمای ئەو ئایەتەی **قورعان**- وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لا تُظْلَمُونَ- واتە:

"هەر هێز و توانایەکتان بێت لە دژی ئەوان ئامادە بکەن و بۆ ئەوەی بەو هێزە دوژمنی خوا و دوژمنەکانتان و هتد لە ناو ببەن" ئەرکدارن دوژمنانی خوا لە نێو ببەن. لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ ئایەتوڵڵا خومەینی بە دەرکردنی فەرمانی جیهاد دژی نەتەوەی کورد، ئەو نەتەوەیەی بە کافر و دوژمنی خوا ناو برد. لەو ڕووەوە دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەتەنیا لەسەر بنەمای فەرمانی جەهادی خومەینی و "ولی فقیه"ە، کە دەسەڵات و فەرمانەکانی بالاتر لە یاساکانن بەڵکوو بە پێڕەوی لە ئەسڵی "ویلایەتی موتڵەقەی فەقیه" دوژمنایەتی نەتەوەی کورد دوژمنایەتییەکی سیستماتیک و دستوورییە.

سیستەمی دادی (قضایی) ئێران بە پێی دستووری کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای پێشگیری لە "لادانەکانی نێو ئومەتی ئیسلامی" دامەزراوە. بەو پێیە هەموو زیندانیکردن، ئەشکەنجەدان و کوشتن و تەنانەت تیرۆری دژبەرانی ئەو ڕێژیمە بەتایبەت چالاکانی کوردستان بە بەشێک دەبیندرێت لە پاکڕاگرتنی "ئومەتی ئیسلامی" جێبەجێ کردنی دادپەروەرییە و بە وتەی خۆیان پێڕەوی کردن لەو ئایەتەی قورعانە "و إذا حکمتم بين الناس أن تحكموا بالعدل."

## ناپارتایدی ئابووری

بە پێی بەندی سێزدەهەمی ئەسڵی سێهەمی دستووری کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەرکی دەوڵەت "دارشتنی ئابوورییەکی دروست و دادپەروەرانە و بە پێی بنەماکانی ئیسلام لە پێناو دامەزراندنی خۆشبژێوی، بنەبڕکردنی هەژاری و لەناو بردنی هەرجۆرە بێ بەشی و مەینەتی لە پێوەندی لە گەڵ بوارەکانی خۆراک، نیشتەجێبوون، کار، تەندوروستی و گشتاندنی بیمەیە." کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەڕای یاسای بنەڕەتیی خۆی، بە شێوەی سیستماتیک هەڵاواردنی ئابووری دژی کوردستان و نەتەوە بندەستەکان لەوانە بەلووچستان جێبەجێ دەکات. بە پێی ئامارە فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٤٠٠ دا دوای سیستان و بەلووچستان نرخی هەژاری لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەوەی ئاستی نێونجی ئێرانە. نرخی نێونجی هەژاری لە ٣١,٤ لە سەدە. لە سیستان و بەلووچستان ئەم ڕادەیە ٦٢ ٪ و لە پارێزگاکانی کوردستان واتە پارێزگاکانی ئیلام، کرمانشان، سنە و ورمێ نرخی هەژاری بە شێوەی نێونجی ٤٢٪ بووە. هەمان نرخ بۆ پارێزگارە فارسنشینەکان بە شێوەی نێونجی ١٧,٣ لە سەد بووە. بۆ نموونە لە تاران نرخی هەژاری ١٩ و لە سمنان و یەزد ١٧ و ١٦٪ بووە. بەرزبوونەوەی دابەشبوونی هەژاری بەشێوەیەکی سیستماتیک لە پارێزگاکانی کوردستان و سیستان و بەلووچستان سەرەڕای بوونی سەرچاوەکانی ژێرزەمینی و کۆمەڵگەیەکی گەنج و خوێندەوار بۆ چەند ئامانج دەگەڕێتەوە:

**یەکەم**: کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دابەشکردنی هەژاری بەسەر کوردستاندا دەیهەوێ گەنجان و هێزی کاری کوردستان ناچار بکات ڕوو بکەنە نێوخۆی ئێران و بەوە کوردستان لە هێزی کاری و لاو و دینامیک کە دەتوانێت ببێتە هۆی ئاوەدانی هەرێمەکە بێ بەش بکات. لە لایەکی دیکەوە ڕێژێمی ئێران بەکردەوە ڕێگەی وەبەرهێنانی بۆ بەرهەمهێنان لە کوردستان بەربەست کردوە و قەدەغەکرانێکی ڕانەگەیەندراوی سەرمایەدانانی بەسەر کوردستاندا سەپاندوە، بۆیە چاکترین بەرهەمهێنەر و سەرمایەدارەکانی کوردستان ڕوویان کردۆتە دەرەوەی کوردستان بۆ نموونە لە تاران و ناوچەکانی ناوەندی ئێران خاوەنی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی دیکەن.

**دووەم**: بەچۆڵ کردنی کوردستان وکۆچ بۆ ناوەندی ئێران، پلانی ئاسیمیلاسیۆنی سیستماتیکی دەوڵەتی دژی زمان و چاندی

کوردی بە شێوەیەکی پرۆسەیی نێوان نەوەکانەوە جێبەجێ دەکرێت و هەستی کوردایەتیی ڕۆڵەکانی کورد دادەمرکێت و پرۆسەی بەفارسکردنی خەڵکی کورد لەنێو ئێراندا خێراتر جێبەجێ دەبێت. ئەمە جۆرێک لە پاکتاوکردنی نەتەوەیی پێی دەگوترێت.

**سێهەم**: هاوکات لەگەڵ چۆڵکرانی کوردستان لە هێزی لاو و گەنج، تەمەنی نێونجی بەساڵاچوویی لە کوردستان بەرز دەبێتەوە و نەوەیەک نامێنێت بۆ بەرهەڵستکردن و بەڕێوەبردنی خەباتی نەتەوایەتی و ڕزگاری کوردستان و بەوە پرۆسەی یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک فەرهەنگ و یەک ئاڵای ئێران کە لە سەردەمی ڕژێمی پەهلەوییەوە بەشێوەیەکی سیستماتیک بەرنامەی بۆ داڕێژراوە بە شێوەیەکی نەرم جێبەجێ دەبێت.

ئەو کەسانەی کە ئامادە نین کوردستان بەجێ بێڵن، ناچارن مل بدەنە ئەو کارانەی بۆیان پەروەردە نەکراون و لەڕاستیدا گەنجان و بنەماڵەکان دوای تەمەنێک سەرمایەگوزاری بۆ خوێندن و پەروەردە هەست بە فیڕۆچوونی تەمەن دەکەن. ئەمەش نرخی نەخۆشییە دەروونییەکان و خۆکوژی لەنێو خەڵکی کورددا بەرزتر لە بەشەکانی دیکەی ئێران دەکات. ئەوانەی کە ڕوو لە کاری پڕچەرمەسەری و پرمەترسیی کۆڵبەری دەکەن لەپێناو بژێوی وەڵامدانەوەی پێویستییە ئابوورییەکانی بنەماڵەیان ناچارن گیانی خۆیان بخەنە مەترسی. بەراورد دەکرێت ڕۆژانە یەک تا سێ کۆڵبەری کورد لە لایەن هێزە چەکدارەکانی ئێران دەکوژرێن و بریندار دەبن. ئەمە جگە لە ئاماری کەوتنەخوار لە بەرزایی یان ڕەقبوونی کۆڵبەران لە سەرمای زستاندا و قڕکردنی ئەسپ و بەتاڵانبردنی بار و کەلوپەلەکانیان کە لە ساڵدا پتر لە سەدان میلیارد تمەنە.

بەرهەمی گشتی نێوخۆیی (GDP) وەک پێوەرێکی کاریگەر بۆ پێوانی ئاستی خۆشبژێوی و دابەشکردنی ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگەدایە. بەپێی بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمی گشتی نێوخۆیی چاوەڕوانی ئەمەیە کە ئاستی خۆشبژێوی خەڵکیش زیاد بکرێت. بۆیە زیادکردنی بەرهەمی گشتی نێوخۆیی وەک یەکێک لە ئامانجە هەرە گرینگەکانی وڵاتان لە سیاسەتدا دادەنرێت. بە بەراوردکردنی ئاستی ناوەندی بەرهەمی گشتی وڵاتی ئێران و پارێزگافارسەکان و پارێزگاکانی کوردستان دەبیندرێت کە سیاسەتی گشتی و ستراتێژیی دەوڵەت هەژارکردنی خەڵک و ڕێگەنەدانە بە گەشەی بەرهەمی نێوخۆیی لە کوردستان. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی تاران(١) لە ساڵی ١٤٠٢ دا ئاستی نێونجی بەرهەمهێنانی گشتی لە پارێزگاکانی کوردستان تەنیا ١،٣٨٨ لە سەد بووە لە کاتێکدا پارێزگاکانی فارسنشین ئاستی بەرهەمهێنانی گشتی ١٣،٥٩٣ و ئاستی ناوەندی سەرانسەری وڵات ٣،٢٢٥ بووە. واتە ئاستی بەرهەمهێنانی گشتی کوردستان نیوەی ئاستی ناوەندی هەموو وڵات بووە. لەو بەراوردەدا بەرهەمهێنانی نەوت کە لە هەموو وڵاتدا دابەش نەکراوە لە بەرچاو نەگیراوە. لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی تاران دەسەلمێنن کە کۆچبەری لە پارێزگاکانی نەتەوە بندەستەکان لەوانە کوردستان و بەلووچستان بەرەو "ناوەند" یەکێکی دیکە لە گەشەی بەرهەمی گشتی نێوخۆییە. هەر لەو توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت کە کۆماری ئیسلامی

ئێران بە شێوەیەکی سیستماتیک هەوڵی داوە پۆتانسیەلە ئابوورییەکانی کوردستان لەناو ببات و ڕێگە نەدات گەشەی هاوسان و پایەدار بکات و پۆتانسییەلە ئابوورییەکانی لەپێناو خۆشبژیوی خەڵک بەکار بهێندرێت.

ئەسڵی نۆی (٩)ی دستووری ئێران بەناوی پاراستنی "تەواویەتیی ئەرزی ئێران" بەکردەوە باسکردن لە هەرجۆرێک مافی نەتەوایەتی لە نەتەوەکانی ئێران قەدەغە دەکات. هەروەها یاسای سزای ئێران (قانون مجازات تبلیغ تبعیض نژادی مصوب 1356.4.30) بەکردەوە باسکردن لە هەڵاواردنی ئایینی، ڕەگەزی و نەتەوەیی قەدەغە دەکات و هەروەها یاسای "چاپەمەنی"یش بەکردەوە باسکردن لە جیاوازییە نەتەوەییەکان و ستەمەکانی کۆمەڵایتی و نەتەوایەتی بە دژایەتی لە گەڵ "تمامیت ارضی"ی وڵات دادەنێت. بەوە ستەمی نەتەوایەتی و چەوساندنەوە لە ئێران لە ڕێگەی پرۆسەیەکی یاساییەوە بەڕێوە دەچێت و کەسیش مافی نییە دژی ئەو ستەمانە دەنگ هەڵبرێت. چونکە دژایەتیکردن لەگەڵ ئەو ستەمانە بەواتای لە مەترسی خستنی "ئاسایشی نەتەوەیی" (بڕ. قانون حدود قصاص) و "تمامیت ارضی" وڵات (بڕ ئەسڵی ٩ی قانون اساسی جمهوری اسلام) لە قەڵەم دەدرێت.

## ئاپارتایدی زمانی

ئاپارتایدی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی ئێران دژی زمان و شوناسی نەتەوەیی خەڵکی کوردیش دەبیندرێت: ناوە کوردییەکان بە گشتی لە ئێراندا تۆمار ناکرێن یان ئەگەریش تۆمار بکرێن دەبێ ناوێکی عەرەبی (ئیسلامی) لەگەڵ خرابێت. ساڵی ١٣٩٩ بودجەی "ادب فارسی" لە ئێراندا ٢٦ میلیارد تمەن بوو. بۆ سازکردنی هەر وشەیەکی فارسی دەوڵەت ١١ ملیۆن تمەنی بەکار دەهێنا. لە کاتێکدا زمانەکانی دیکەی جوغرافیای سیاسی ئێران بریتی لە تورکی ئازەربایجانی، کوردی، تورکمانی، گیلەکی، عەرەبی، بەلووچی و زمانەکانی دیکە نەتەنیا هیچ بوودجەیەکی بۆ بەرچاو نەگیراوە بەڵکوو چالاکانی فەرهەنگی ئەو زمانانە کە بەشێوەیەکی دڵخوازانە و لەسەر حیسابی خۆیان لە پێناو گەشەی زمانی خۆیاندا چالاکییان دەکرد دەستگیر و زیندانی دەکرێن. هەر ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی زمانی کورد، تورک و گیلەک و بەلووچی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندان و بە تاوان جیاوازی خوازی و پەرەسەندنی "نژادپرستی" لە ئێراندا سزا دراون. زارا محەممەدی نموونەی هەرە ناسراوی ئەو بوارەیە کە ساڵی ١٣٩٩ پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرابوو. بوودجەی دەوڵەت لە ساڵی ١٤٠١ دا بۆ گەشەی زمانی فارسی لە جیهانی مەجازیدا ٦٥٣ ملیۆن تمەن بووە و هاوکات ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێشگیری دەکات لە دامەزراندن و گەشەکردنی زمانەکانی دیکە بەتایبەت کوردی لە ئاستی جیهانی مەجازیدا.

## ئاپارتایدی سیاسی

بەکاربردنی توندوتیژی لە ئاست کۆمەڵگەدا یەکێکی دیکە لە دیاردەکانی پرۆسەی ئاپارتاید دژی نەتەوەی کوردە. لە

وتاری "تیرۆریزمی دەروونی" (ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٥٦)دا توندوتیژییەکانی سیاسی و دەروونیی ڕێژێم دژی نەتەوەی کورد ئاماژەی پێ کراوە. بە کورتییش بێت تەنیا لە ماوەی شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا دوای کوژرانی ژینا ئەمینی لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە ٥٦٪ی کوژراوەکانی خۆپێشاندانەکان لە کوردستان و بەلووچستان بوون. بە پێی ئامارەکان زیاتر لە ٧٠٪ ڕێژەی زیندانیە سیاسییە ئێعدامکراوەکان کوردن و زیاتر لە ٥٠٪ی زیندانیانی سیاسی سەرانسەری ئێران کوردن. لەکاتێکدا کورد تەنیا ١٤٪ لە دانیشتووانی ئێران پێک دێنێت.

لە گۆڤاری " فصلنامە مطالعات دفاعی استراتژیک" سەر بە زانکۆی سەربازی "دفاع ملی" دا زیاد بوونی ژمارەی دانیشتووانی "سوننە" (بخوێننەوە نەتەوەکانی نافارس) وەک هەڕەشەیەکی ئاسایشی ناوبراوە. لەو ڕووەوە کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵی داوە لە ناوچەکانی وەک ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سیستانی بەلووچستان کارێک بکات کە ڕادەی مردن، خۆکوژی، کوژرانی بە ڕووداوی هاتووچۆ و کوشتنی کۆڵبەر و "سوخت بر" پێشی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی ئەو نەتەوانە بگرێت. بە پێی توێژینەوەکانی دەزگاری بەڕێوەبەری توێژینەوەکانی وەزارەتی تەندوروستی (معاونت تحقیقات وزارت بهداشت) ئاستی شێرپەنجەی کۆئەندامی سەرەوەی گەدە و ڕیخۆڵە بەتایبەتی گەدە و سورێنچک لە پارێزگاکانی کوردستان لە هەموو ئێران بەرزترە. لە کاتێکدا دەرمانی ئەو شێرپەنجەیە لە کوردستان ئەگەر ناومکین نەبێت زۆر زەحمەتە و تووشبووانی ئەو نەخۆشییە دەبێ ڕوو بکەنە شارەکانی تەورێز، تاران و ئیسفەهان. هۆی سەرەکی ئەو شێرپەنجەیە دەگەڕێتەوە بۆ زەختی ئابووری و سیاسی و لە ئەنجامدا بڵاو کردنەوەی سیستماتیکی مادەهۆشبەرەکان لە ناو خەڵکی کوردستاندا.

### ئاپارتایدی یاسایی دژی کەمایەتییەکان لە ئێران

جیا لە بابەتەکانی سەرەوە ئاماژە کراو دستووری کۆماری ئیسلامی ئێران ئاپارتایدی سیاسایی و سیستماتیک بە شێوەکانی خوارەوە جێبەجێ دەکات: جیاوازیی نێوان موسوڵمان و ناموسوڵمان، جیاسازی ناموسوڵمانەکان (بۆ نموونە: مەسیحی، جوو، زەردەشتی، یارسنای و بەهایی و بێئایین)، جیاوازیی مەزهەبی شیعەی اثنی عشری و مەزهەبەکانی دیکەی ئیسلام، جیاوازی موسوڵمانانی جەعفەری اثنی عشری بە خۆیی و ناخۆیی، جیاکردنەوەی ژن و پیاو و لەوانەشدا جیاوازیخستن لە نێوان ژن و مێردی موسوڵمان و ژن و مێردی ناموسوڵمان، ....

ئایدیۆلۆژی پاکتاوکردنی شوناسەکانی جگە لە شوناسی فەرمی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران و پێش لەویش ڕژێمی پاشایەتی بۆخۆی لە ئامانج داناوە بەشێوەیەکی سیستماتیک و یاسامەند بەڕێوە دەچێت، ئەو ئەو سیاسەتەی کە لە ئەفریقایش باشووریش دژی ڕەشپێستەکان بەڕێوە دەچوو. هەموو یاساکانی پێوەندیداری کۆماری ئیسلامی ئێران دژی پەیماننامەکان و جاڕنامەکانی مافی مرۆڤن کە ئێرانیش واژۆی کردوە و لە ڕووی یاساییەوە دەبێ پابەندی بێت. ئێران بۆ یاساکانی خۆی

هەوڵی داوە بیانووی "فقهی" و "شەرعی" بۆی بدۆزێتەوە و لەو ڕێگەیەوە ئاپارتاید بکاتە ڕەوتێکی ئایینی و بەشێک لە "جیهادی بە ئیسلامی کردنیّ" نەتەوەی کورد. کاتێک ڕێبەری ڕژێمێک دژی نەتەوەیەک فەرمانی جەهاد دەردەکات، ئەوا بە واتای دەرکردنی ئەو نەتەوەیە لە ئایینی ئیسلام دێت و ئەرکی ئوممەتی ئیسلامییە یان ئەو نەتەوەیە لەسەر گۆی زەوی پاک بکاتەوە یان بە زۆر بیکاتە موسوڵمان.

***

١- (محمد مولائی قلیچی؛ مجید ڕمضانی مهریان؛ حمیدرضا طهوری:، سطح‌بندی استان‌های ایران بر مبنای سهم آن‌ها در تولید ناخالص داخلی منطقه (GDPR) با روش CoCoS ، انتشار آنلاین از تاریخ ١٨ خرداد ١٤٠٢

١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# کاتی هاتووە بایدن ستراتیژییە لاوازەکەی بەرانبەر بە ئێران بە باڵادەستیی دەسەڵاتدارانە بگۆڕێتەوە



و: کەماڵ حەسەنپوور

فیدراڵیست – چاک دەڤۆر

ڕووداوەکانی ئەو دواییانە پێویستیی خێرای پێداچوونەوە بە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوەکان بەرانبەر بە ئێران پشتڕاست دەکەنەوە. لە وەڵامی هێرشی بەردەوامی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ سەر بنکەکانی ئەمریکایی، کە بووە هۆی بریندار بوونی دەیان کەس و کوژرانی کەسێک لە هێزی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەمریکا فڕۆکەی شەڕکەری ئێف-١٦ و ئێف-١٥ی ناردن تا جبەخانەی چەکوچۆڵی پەیوەندیدار بە باسکی سەرەکیی تێرۆری ئێران، واتە سوپای پاسداران بوردومان بکەن. بەڵام ئەو وەڵامە خەواڵوویانەیە پێش بە شەڕانشۆیی ئێرانییەکان لە لایەن هێزە بەکرێگیراوەکانی ناگرێ و، وێدەچی ببێتە هۆی قووڵتر کردنەوەی کێشەکە لەگەڵ ئێران، ئەویش لە کات و شوێنی دەستنیشانکراو لەلایەن ئێرانەوە. وڵاتە یەگرتووەکان مێژوویەکی دووروردرێژی لە وەڵامدانەوە بەو جۆرە ورووژاندنانە بەگوێرەی ستراتێژیی ڕێژەیی هەیە کە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ترسی وەزارەتی دەرەوە لە تەشەنەکردنی کێشەکە. بەڵام تەنیا لەبەرچاوگرتنی

ستراتیژی ڕێژەیی بەس نییە. چەمکی باڵادەستیی دەسەڵاتدارانە دەبێتە هۆی وەرسووڕانێک لە شێوەی هەڵسوکەوتی وڵاتە یەکگرتووکان لەهەمبەر ئێراندا.

کاتێک سیاسەتی دەرەوەی سەرۆککۆمار جۆ بایدن، لە خەوە بەئانقەستەکەی هەستێ، یان دەکەوێتەوە سەر ڕێچکە هەڵەکەی پێشوو یان جێبەجێکردنی تیۆرییەکی ماڵوێرانکەری کەتوارگەرایانە کە دەبوو لە هۆڵەکانی فێرکاریدا بمێنێتەوە.

### تێگەیشتن لە باڵادەستیی دەسەڵاتدارانە

باڵادەستیی دەسەڵاتدارانە لەو بیرۆکەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەوڵەتێک دەبێ هەم توانایی و هەم ویستی کۆنترۆڵکردنی قووڵبوونەوەی دوژمنایەتیی بەدەستەوە بێ. بە کۆنترۆڵکردنی خێرایی و پانتایی قووڵبوونەوەی گرژییەکە، دەوڵەتێک دەتوانێ بە شێوەی کاریگەر پێش بە دەستدرێژیی بگرێ و بەرانبەر بە ئاسەوارەکانی دەستدرێژیی کاردانەوەی هەبێ و هەڕەشەکان پووچەڵ بکاتەوە. مرۆڤ ناتوانێ تەنیا بە وەڵامدانەوەی ئاسەوارەکانی دەستدرێژیی یان کایەی تۆڵە بە تۆڵە لەگەڵ دوژمنەکانی باڵادەستیی دەسەڵاتدارانە بسەپێنێ. دەسەڵاتداریی ڕاستەقینە دەخوازێ ماکەی کێشەکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بکەیە ئامانج.

بڕوانە ئەو ستراتیژییەی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە بەکرێگیراوانی ئێران وەکوو حیزبوڵڵای لوبنان و میلیشیای جۆراجۆر لە سووریە، ڕەچاوی کردوە. ئەو ستراتیژییە دەبێتە هۆی دەوری بێکۆتاییی توندوتیژیی، بەبێ چارەسەرکردنی پرسە سەرەکییەیە: واتە خودی ئێران. لە کاتێکدا کە هێرشی سنووردار دژی بەکرێگیراوانی ئێران ڕەنگبێ ببێتە هۆی دەستکەوتی تاکتیکیی کورتخایەن، ئەوە کاریگەریی لە سەر لێکدانەوەی ستراتیژیکی ئێران نابێ، هەرچۆنێک بێ، مەلاکانی ئێران زۆر حەز دەکەن تا دوایین ئەندامی میلیشیای حەماس و حیزبوڵڵا شەڕ بکەن.

لە هێندێک دۆخدا، ئەو کردەوانە تەنانەت بە قازانجی ئێران تەواو دەبن، چونکە ڕێگای پێ دەدەن درێژە بە چیرۆکی قوربانیبوون بدات و خەڵک لە دەوری حەزی ناسیۆنالیستی کۆ بکاتەوە.

ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان بە ڕاستی دەیهەوێ ئێران چاوترسێن بکات، دەبێ لەجیات جەختکردن لەسەر لێدانی بەکرێگیراوانی ئێران، کە تەنیا ئاسەواری ئامانجە شۆڕشگێڕانەکانی ئێرانن، خودی نەخۆشییەکە بکاتە ئامانج. ئۆپەراسیۆنی کوڵەی سەوز لە ١٩٨٨ نموونەیەکی باشە. ئۆپەراسیۆنە دەریاییەکە، ساڵی پێشووتر دەستی پێ کردبوو و چاوەڕوانی بەرپەرچدانەوەیەکی سەربازیی ئێران بەرانبەر بە هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو کە دەستی بە

ئیسکۆرتی پاپۆڕە نەوتهەڵگەرەکانی خاوەن ئاڵای ئەمریکایی لە کەنداوی فارس کردبوو.

لە کاتێکدا کە ئێران درێژەی بە دانانی مینی دەریایی لە ئاوی نێونەتەوەییدا دەدا و هێرشی دەکردە سەر کەشتیوانیی بێلایەن، پاپۆڕی جەنگیی یو ئێس ئێس ساموێل ب. ڕابێرت بە هۆی تەقینەوەی مینێک تووشی زیانی بەرچاو بوو و برینداربوونی ١٠ دەریاوانی لێ کەوتەوە. تەنیا چوار ڕۆژ دواتر، لە ئۆپەراسیۆنی کولەی سەوزدا هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان هێرشی کردە سەر ٩ بەلەمی ئێرانی و پێگەی سەربازیی پلاتفۆرمی نەوتیی لە دەریادا کە بووە هۆی نقومکردنی پێنج بەلەم و ٥٦ کەس لە ئێرانییەکان کوژران و دوو سەرنشینی هێلی کۆپتەری ئەمریکاییش گیانیان بەخت کرد. ئەوە بووە هۆی ئاڵوگۆڕێکی خێرا بەرەو ڕەفتاری باشتری ئێرانییەکان.

بە ئیفلیجکردنی هێزی دەریایی ئێران، وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو کردەوە ڕاستەوخۆیەی، بەگوێرەی مەرجەکانی خۆی، جێبەجێ کرد و دەسەڵاتی ئەمریکای لە دەریادا نیشان دا کە دەستکەوتێکی بەرچاوی هەبوو.

## شەڕی ئابووری وەک تەواوکەرێک

وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها دەبێ هەنگاوی ڕاستەوخۆی ئابووری دژی سامانە ژێنەکییەکانی ئێران بگرێتە بەر. ئەوە بەو مانایەیە کە تەنیا ئەو ئابلۆقانە نەسەپێنێ کە زەرەریان بۆ ڕایەڵەی بەکرێگیراوانی هەیە، بەڵکوو لە جیاتان جەخت بکاتە سەر هەناردە کردنی نەوتەکەی، کە دەماری ژیانی ئابوورییەکەیەتی. دروستکردنی زەختی ئابووری نێوخۆیی دەتوانێ وەک هاندەری ناڕەزایەتیی نێوخۆیی بێ کە بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی سنووردارکردنی خولیا ناوچەییەکانی ئێران . بەڕێوەبەرایەتی ترامپ بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەو سیاسەتەی جێبەجێ دەکرد بەڵام بایدن هەڵیوەشاندەوە. یەکێک لە لایەنە وەرەزکارەکانی بوخچەی گیروگرفتی ئێران، بەرنامە ناوکییەکەیەتی. لێرەش، ستراتیژیی باڵادەستیی دەسەڵاتدارانە دەبێ جێبەجێ بکرێ. لەجیاتی وەدوای وتووێژی دیاریکراو بۆ ڕێگەپێدانی ئێران بۆ کڕینەوەی کات بکەوێ، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ کاردانەوەی ڕوون و ئاشکرای بۆ هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی چەکی ناوکی ئاراستەی ئێران بکات کە تا بەستنی ڕێگای هەناردە کردنی نەوت بە تەواوی، بچێتە پێش.

## گۆڕینی دینامیزمی ناوخۆیی

لە کۆتاییدا، ستراتیژییەکی نوێی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ ڕیشەکێشکردنی نفوزی ئێران لە بازنەکانی دیاریکردنی سیاسەتی ئەمریکاش بگرێتەوە. بڕیاری دەستنیشانکردنی کەسەکان دەتوانێ بۆ دیاریکردنی ئاراستەی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە ئێران یەکلاکەرەوە بێ. وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە بڕیاردەرانێکە کە لە گرینگیی باڵادەستیی

دەسەڵاتدارانە تێبگەن، ئەوکوو کەسانێک کە لایەنگری نەرمی نواندن یان وڵامدانەوەی ڕێژەیین، یان وەکوو ئاشکرا بووە تەنانەت ڕێگا بەو کەسانە بدرێ کە تا ڕادەیەک بە مەلاکانی تاران وەفادارن.

ستراتیژیی وەڵامدانەوەی ڕێژەیی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەرانبەر بە ئێران دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەرکداریی ئایدیۆلۆژیکی بەرانبەر بە چارەسەرکردنی سیاسی و فرەلایەنی. ئەوەی دواتر ڕیشەی لە ڕەتکردنەوەی ڕیزپەڕیی ئەمریکادایە، بەو مانایە کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایی لە بەرژەوەندیی نەتەوە یان تاقمی دیکە گرینگتر نین و ڕەنگبێ بە لەبەرچاو گرتنی تاوانە خۆرسکەکانی ئەمریکا وەکوو کۆیلەتیی ڕەگەزپەرستی، سەرمایەداری و تاد کەم بایەختریش بن. ئەو هەڵوێستە لەگەڵ چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی دیموکراتەکان یەک دەگرێتەوە، کە لایەنگری وتوویژ و دروستکردنی هاوڕایی لەجیات کردەوەی سەربازیی یەکلایەنەیە.

وێدەچی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن وڵامدانەوەی ڕێژەیی وەک ستراتیژییەکی مامناوەندیی ڕەچاو بکات کە ڕێگا بە نیشاندانی هێز تا ڕادەیەک دەدا کە دەرگای دیپلۆماسیی دانەخات. مرۆڤ هیواداره بە وڵامدانەوە، ئەوکوو وڵامدانەوەی لە ڕادەبەدەر بە شەڕانشۆیی ئێران، بتوانن بالادەستیی ئەخلاقی بپارێزن و ئەگەری گێڕانەوەی ئێران بۆ سەر مێزی وتوویژ زیندوو ڕاگرن، بە تایبەتی لە ڕوانگەی بەرنامە ناوکییەکەیەوە، ئەگەرچی مێژوو لە ١٩٧٩ بەولاوە بێ ئاکامیی ئەو هیوایەی ئاشکرا کردوە. بەڵام ئەو ستراتیژییە لە ڕوانگەی تارانەوە نیشانەی لاوازییە. هەڵوێستی ڕێژەیی لە وەستاندنی لێکدانەوە ستراتیژیکییە درێژخایەنەکانی ئێران ناسەرکەوتوویە و ڕێگای پێ دەدا درێژە بە چالاکییە شەڕانشۆیانەکەی لە ناوچەدا، بە لانیکەمی ڕیسک بدا. بە پێچەوانە، ستراتیژییەکی پتەوتر کە ڕاستەوخۆ کەڵک لە هێزی دەریایی دژی سامانە ناسکەکانی ئێران وەرگیرێت دەرخەری ویستی دروستکردنی ئالنگاری بۆ کردارە ورووژێنەرەکانی ئێرانە. ئەو هەڵوێستە زۆرتر لەگەڵ دۆکترینی کەتوارگەرایانەی نەریتیی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان یەک دەگرێتەوە، کە پێشتریبەتی بە کەڵکوەرگرتن لە توانایی سەربازیی بۆ بەرگریی کردن لە بەرژەوندییە نەتەوەییەکان دەدا.

لە گەمەی ئاڵۆزی شەترەنجی ژیۆپۆلیتیکیدا، تەنیا ڕەچاوکردنی سیاسەتی ڕێژەیی لە بەرانبەر بەرهەڵستکارێکی وەک ئێران کەمی دێنێ. پەیڕەوکردنی سیاسەتی بالادەستیی دەسەڵاتدارانە ڕێگا بە وڵاتە یەکگرتووەکان دەدا جڵەوی ڕووداوەکانی بەدەستەوە بێ، ستراتیژیی سەرەکیی ئێران ناسەقامگیر بکات و ئەگەری گێڕانەوەی تاران بۆ سەر مێزی دانوستان بەو مەرجانەی بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بێ، زیاتر دەکات. ستراتیژییەکی ئەوتۆ، لەگەڵ شەڕی ئابووری و وریایی لە دەستنیشان کردنی سیاسەتی ناوخۆ دەتوانێ ڕێگای نوێ بەرەو سەقامگیریی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکاتەوە.

١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# ئوتووبانی دزی و گەندەڵی، وەپێشکەوتن ڕێگەپێدراو





**ڕەزا دانشجوو**

دزی، گەندەڵی، سپیکردنەوەی پارە و هەر وشەیەکی دیکە کە ئاماژە بە سیستەمێکی ئابووریی گەندەڵ بکات، بەتەواوی کاڵایەکە پڕ بە باڵای کۆماری ئیسلامی. ئەو دەسەڵاتەی کە ژیانی سیاسیی خۆی بە دەستبەسەرداگرتن و داگیرکردنی موڵک و ماڵی نەیارانی دەست پێ کرد، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توانایییەکی نوێی لەم بوارەدا نیشان داوە، وەک: گەندەڵی چەند هەزار میلیاردی، ونبوونی دەکەلی نەوت، بەرتیلوەرگرتنی چەند سەد هەزار یۆرۆیی، هۆڵدینگ و کۆمپانیاکانی چەند میلیۆن دۆلاری کاغەزی و ساختە و هتد.

کێبڕکێی دزی و گەندەڵی لە هەمان ڕۆژی دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کرد، کێبڕکێیەک کە تێیدا هەموو ڕۆژێک ژمارەی بەشداربووان زیادی کرد، کێبرکێیەک کە بە دەستبەسەرداگرتن و داگیرکردنی موڵکی نەیارانی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کرد، ساڵانێکە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ، پێشبڕکێیەکی پەتا و گشتگیر لە نێوان کەسانی گەندەڵ و دزی سەر بە دەسەڵات لە هەموو بوارەکاندا. ئێستا دزی و گەندەڵی لە چەند بانک و ڕێکخراوێکی تایبەتدا قەتیس نەماوە، ئێستا ئەو کێبڕکێیە گەیشتووەتە نێو سپای پاسداران و دامودەزگاکانی سەرکردایەتی و، گەندەڵی وەک شێرپەنجە

سەرلەبەری جەستەی بێگیان و لەرزۆکی کۆماری ئیسلامی تەنیوەتەوە. "گەندەڵیی سیستماتیک" ئەو نازناوەیە کە بۆ ئەم جۆرە حکوومەتە بەکاردێت. لەم جۆرە گەندەڵیەدا سیستمی حوکمڕانی خۆی گەندەڵە، گەندەڵیی سیستماتیک یان گەندەڵی ڕێکخراو دۆخێکە کە مانەوەی سیستەمەکان پەیوەستە بە بوونی گەندەڵی و لەم حاڵەتەدا، لە ڕێکخراوەکاندا، ڕێساکان و نۆرمەکان نەکهەر ڕێگر نین لە گەندەڵی بەڵکوو پێچەوانەوە هاوڕێ و یارمەتیدەرن. چەندین ساڵ لەمەوبەر "ئەحمەد تەوەکولی" سیاسەتمەداری دێرینی کۆماری ئیسلامی، بۆ یەکەمجار دانی بەوە دانا کە کۆماری ئیسلامی چووەتە قۆناغی گەندەڵی سیستماتیکەوە، هەرچەندە قسەکانی دواتر ڕووبەڕووی کاردانەوەی توندی خامنەیی بووەوە. خامنەیی باسی لەوە کرد کە گەندەڵی لە وڵاتدا هەیە، بەڵام سیستماتیک نییە و ئۆپۆزسیۆنی بە دروستکردنی کەشێکی دژی ڕژێم تۆمەتبار کرد. سیستەمی ویلایەتی فەقیهـ کە لەپێناو ڕێکخستنی بەکرێگیراوانی خۆی لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران، هەمیشە هەوڵی داوە ڕێگری لە هەر جۆرە شەفافیەت و ڕوونکردنەوەیەک لە کاروباری دامەزراوەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێبەری بکات خۆی گەورەترین هۆکاری گەندەڵییە. ئەو دامەزراو و ڕێکخراوانەی وەک ئۆختاپووس ساڵانێکە خەریکی تاڵانکردنی موڵک و ماڵی گشتین. لەدرێژەدا بەکورتی باس لە ڕۆڵی وێرانکەری ژمارەیەک لەو ڕێکخراوانە و مافیای پارە و دەسەڵات لە ڕێژێمی کۆماری ئیسلامیدا دەکەین.

## ڕێکخراوی "خاتم الانبیا"

لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق، بەشێک لە فەرماندەکانی سپای تیرۆریستی پاسداران بیریان لەوە کردەوە کە لە تواناکانی ئەم ڕێکخراوە بۆ پێشخستنی بنیاتنانی وڵات کەڵک وەربگرن! دواجار بە فەرمانی خامنەیی ڕێکخراوی خاتەم دامەزرا. ئەم ڕێکخراوەیە هەر زوو بوو بە شوێنی کۆبوونەوەی سەردارانی دز و گەندەڵکارانی سپای پاسداران، ئەم کەسانەی کە پێشووتر کاریان دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ڕێژیمی پەهلەوی یان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، ئێستا پێیان نابووە شوێنێکی زۆر پرقازانج تر، کێبڕکێی بێکۆتایی لە ڕێگای دزی و گەندەڵیدا. ڕێکخراوی خاتەم وردە وردە پێگەی خۆی لە هەموو پرۆژە گەورەکانی وڵاتدا کردەوە، ئێستا دەگمەنە لە ئێراندا پرۆژەیەکی گەورە بدۆزرێتەوە کە ئەم سازمانە و دەیان کۆمپانیای پێویست بەم تێیدا بەشدار نەبن.

لە ڕاستیدا ڕێکخراوی خاتەم یەکەم هەنگاوی سوپای پاسداران بوو بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئابووریی ئێران. ئێستا شوێنپێی کارتێلەکانی سپای ترۆریستی پاسداران لە هەموو شوێنێک دەبینرێت، لە پرۆژەی نەوت و گازی پارس، لە پیشەسازی فرۆکەوانی، لە " فولاد مبارکە" و هەروەها ڕێکخراوی خاتەم بووە شوێنی بەرزبوونەوەی پلە و پۆستی قاچاخچییەکانی سوپای پاسداران بۆ پۆستە باڵاکانی وڵات. "ڕۆستەم قاسمی" یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە فەرماندەیی ڕێکخراوی خاتەم دەستی پێ کرد و توانی لە چینەکانی سەرەوەی دزی و گەندەڵی لە سوپای پاسداران نزیک بێتەوە. دواتر بە پاڵپشتیی برا

قاچاخچییەکان! ڕۆستەم گەیشتە وەزارەتی نەوت لە حکوومەتی ئەحمەدینژاد کە یەکێک لە شاکارەکانی ڕۆستەم ونبوونی دەکەلی نەوت بوو! دواتر بەهۆی ئەو تۆمارە درەوشاوەیە لە کابینەی ڕەئیسیدا وەک وەزیری ڕێگاوبان و گەشەپێدانی شارەکان هەڵبژێردرا، دوای ماوەیەک هەواڵی دەستگیرکردنی یەکێک لە جێگرەکانی بەهۆی وەرگرتنی بەرتیلێکی چەند سەد هەزار یۆرۆیی بووە هەواڵی زۆرێک لە میدیاکان. لە کۆتاییدا ڕۆستەم قاسمی مرد و ئەجەل مۆڵەتی نەدا تا درێژەی بە گەندەڵکارییەکانی بدات!

## "بونیادی مستضعفان"

ڕێکخراوی کەمدەرامەتەکان یان بە زاراوەی جەماوەری بونیادی زۆرداران ڕێکخراوێکی دیکەیە لە ژێر چاوەدێری ڕێبەری کۆماری ئیسلامی کە ڕۆڵێکی گرنگی لە پرۆژەی سپیکردنەوەی پارە و گەندەڵیی ئابووریی ڕێژیمدا هەیە. ڕێکخراوێکی مەعاف لە ماڵیات و بە چوارچێوەکی تەواو ناڕوونی ماڵی کە تەنانەت دەیان جار کەوتۆتە بەر گلەیی و گازەندەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی خودی ڕێژیم. بونیادی بێئەنوایان و کەمدەرامەتان کە بە دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی کاربەدەستانی ڕژێمی پێشوو و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە فەرمانی خومەینی دەستی بە کارەکانی کرد، بڕیار بوو ئەو موڵکانە بەسەر خەڵکی کەمدەرامەتدا دابەش بکات! بەڵام تێپەڕبوونی کات دەریخست تاکە کەسانێک کە سوودمەند نەبوون لەم ڕێکخراوە، خەڵکی بێئەنوا و بێبەشەکانن.

دامەزراوەی "مستضعفان" کە گەورەترین دامەزراوەی ئابووریی ئێرانە لە دوای کۆمپانیای نەوت، یەکێک لە ئەرکەکانی سپیکردنەوەی پارەیە بۆ ڕێژیم. تەرخانکردنی پارە بۆ ڕێکخراوەکان و گرووپە تیرۆریستییەکانی سەر بە ڕێژیم، یەکێک لە چالاکییە هەرە گرنگەکانی ئەم ڕێکخراوەیە. پاسدار "پەرویز فەتاح"، بەرپرسی پێشووی ئەم ڕێکخراوەیە لە چاوپێکەوتنێکدا بەئاشکرا باس لە پێدانی مووچەی لەشکری "فاطمیون"ی سەر بە ڕێکخراوی تێرۆریستیی سپای قودس لەسەر داوای قاسم سولەیمانی لەلایەن ئەم دامەزراوە دەکات. دۆسیەی گەندەڵیی "مورتەزا ڕەفیقدووست" برای "موحسین ڕەفیقدووست" بەرپرسی ئەوکاتەی بونیاد، ڕەنگە یەکەم دۆسیەی گەندەڵیی دارایی بێت کە لە کۆماری ئیسلامیدا ئاشکرا بوو. ئەو دۆسیەیەی کە بووە هۆی لەسێدارەدانی "فازڵ خوداداد"، بەڵام براکەی ڕەفیقدووست سەرەتا سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێندرا و دواتر بە هۆی لێبوردنی ڕێبەری ئازاد کرا!

## مەڵبەندی جێبەجێکاری فەرمانەکانی خومەینی

ڕێکخراوێک کە نە حکومی و نە غەیری حکومی، کە بە فەرمانی خومەینی دامەزرا و کاری دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی خەڵکی بوو، هەر وەک بونیادی زۆرداران!

ئەم ڕێکخراوە لە سەردەمی خامنەییدا پێی نا قۆناغێکی نوێی چالاکییەکانی کە دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی زیندانیانی ئایدیۆلۆژی و سیاسی یان ناڕازییانی دژ بە ڕێژیم کە بە هەر هۆکارێک ناچار بوون لە ئێران هەڵبێن. ئەم ڕێکخراوەیەش لە دانی ماڵیات مەعافە و وەک هەموو ڕێکخراوەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێبەری لە بواری ماڵییەوە تەواو ناڕوون. ڕەنگە گرنگترین پەروەندەی دزی و گەندەڵیی ئەم ڕێکخراوەیە ئەدای گرووپی دەرمانسازیی "برکت" یەکێک لە کۆمپانیاکانی سەر بەم دامەزراوەیە بێت کە سەردەمی کۆرۆنا لە لایەن خامنەییەوە دەسەڵاتی تەواوی پێ درا بۆ بەرهەمهێنانی ڤاکسینێک بۆ ئەم نەخۆشییە. ڤاکسینێک کە هەرگیز دروست نەکرا و تەنها بۆ نمایشی گشتی پەردەی لەسەر لادرا! پرۆژەیەک کە جگە لە تێچووی دەیان ملیارد تمەن، بەهۆی قەدەغەکردنی هاوردەکردنی ڤاکسینی بیانی لەلایەن خامنەییەوە بووە هۆی گیانلەدەستدانی هەزاران کەسی بێتاوانی وڵات!

## "آستان قدس رضوی"

ڕێکخراوێکی تری سەر بە بەیتی ڕێبەرییە. هەرچەند باسی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە چیرۆکێکی تەواو جیاوازی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەک پێش ئێستا، بەڵام لە ڕێژیمی پێشوودا وەک کارگەیەکی ئابووری دەستی بە چالاکییەکانی کردوە و بووە بەشێک لە پرۆژەی سپیکردنەوەی پارە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا. ئێستا ئەم ڕێکخراوەیە خاوەنی دەیان کۆمپانیایە لە بوارە جیاوازەکاندا لە هەمان کاتدا هاوکاری و ئەوقافی گشتی وەردەگرێت. دەسەڵاتی ئەم دامەزراوەیە لە ڕاستیدا ئیدارەی گەورەترین پارێزگای ئێرانە لە ڕووی قەبارەوە. چ لە سەردەمی بەرپرسیارێتی "واعظ طبسی" چ لە سەردەمی دەسەڵاتی "ڕەئیسی" ئەم ڕێکخراوە ڕووبەڕووی دەیان دۆسیەی دزی و گەندەڵی بۆتەوە.

ئەوەی بەکورتی باسی لێ کرا، بەشێکی چکۆلە لە گەندەڵیی سیستماتیکی ئەو دامەزراوانەیە کە ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدان. هەرچەند ڕێکخراوی خاتەم لەژێر چاوەدێریی سپای پاسداراندایە بەڵام بەشێکە لەم سیستمە گەندەڵە. سیستەمێک کە کاری سەرەکیی سپیکردنەوەی پارە و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی دیکتاتۆرە نەک باشترکردنی بارودۆخی ژیانی خەڵک.

ئەوەی خاوەن سەرنجە هەموو ئەو ڕێکخراو و ئۆرگانانە لەژێر کۆنترۆڵی سەردارانی دز و قاچاخچییەکانی سوپای ترۆریستی پاسدارانن. ئەمەش لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی خامنەییدا بەڕوونی دیارە. هەموو سەرۆکی ئەم ڕێکخراوانە هەموویان فەرماندەی پێشووی سوپای پاسدارانن، هەڵبەت ئەوانەی کە وەفادارییان بۆ ڕێبەری ڕێژێم سەلمێنراوە. خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە بەهۆی ئەم پێکهاتە گەندەڵانە، دزی و گەندەڵی بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لەو ڕێکخراوانە. لەڕاستیدا دەکرێ بڵێین زۆر گەندەڵی و دزی لە بانکەکان و دامەزراوە دارایی و کارگێڕییەکانی دیکەش لە ڕێگەی ئەو دامەزراوانەوە

کــراون. لەم ســالانەی دواییــدا لەگەڵ فراوانبــوونی چالاکییەکــانی ئەو ڕێکخــراوە نــیمچە حکومیــانە، هەم ڕێــژەی گەندەڵکارییەکان زیادی کردوە و هەم مەودای کاتی نێوانیان زۆر کورتتر بووەتەوە. ئەگەر پێشتر کۆماری ئیسلامی ساڵانە جارێک پەردەی لەسەر دۆسیەیەکی گەندەڵی هەڵدەدا، ئێستا کەمتر ساڵێکە کە چەند دۆسیەیەکی گەورەی دارایی ئاشکرا نەبن! لە کاتێکدا گەندەڵکارانی کۆماری ئیسلامی هەرجارە زۆر بوێرانەتر لە ڕابردوو ژمارەیەکی نوێ لە درەوشاوەیی خۆیان لە کێبەرکێی دزی و گەندەڵی تۆمار دەکەن.

کۆماری ئیسلامی کە ساڵانێکە لە هەناردەکردنی تیرۆریستان بۆ دەرەوەی سنوورەکان سەرکەوتوو بووە، ئێستا پێشینەیەکی درەوشاوەی هەیە لە هەناردەکردنی گەندەڵکاران و دزەکان! ئوتووبانی دزی و گەندەڵی لە کۆماری ئیسلامیدا هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژانی پێشووتر ئاوەدانترە و شوێنی کێبڕکێی فەرماندە و کارتێلەکانی سپای پاسدارانی ترۆریستی ڕێژیم و باوەڕمەندانی مەکتەبی وەلایەتی فەقێیە. لەم گەورەڕێیانەدا وەپێشکەوتن تەواو ڕێگەپێدراوە. ڕێگا بێسنوورە و بێکۆتایە. بێگومان مافی بەکارهێنان و کەڵکوەرگرتن لەم ڕێگایە بۆ جەنابی دیکتاتورە و تێچووی بەشداربووان بەشی پشکی بەڕێزیان. ئێستا، ئەگەر هاتوو هەندێکجار چەند کەسێک کەوتنە سەرەوەی بۆ غەرامەدان ئەوە زۆر ئاساییە و ڕێگری لێ ناکرێت، ئەوان دەبنە قوربانیی کەسانی کۆنتر و خاوەن پێگەتر لە لای ڕێبەری، ئاخر کەسانێک هەن کە بیرو بۆچوونیان لە بۆچوونی دیکتاتۆر نزیکترە و شایەنی پشکی زیاترن لە موڵک و ماڵی خەڵک!

١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# عومەر باڵەکی: خەباتی پێشمەرگانەی کورد هەمووکات لە خزمەت ئامانجە سیاسییەکانی نەتەوەیەکی ڕزگاریخوازدا بووە



**دیمانە: "کوردستان"**

**ئاماژە:** "چەک بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کەرەسەیە نەک ستراتیژی" ناونیشانی وتارێک بوو بە قەڵەمی کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەری و یەکێک لە فەرماندەرانی بەناوبانگی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بڵاوبوونەوەی ئەو وتارە کۆمەڵێک باسی بەدووی خۆیدا هێنا و بەڕێز باڵەکی و تەنانەت حیزبی دێموکراتی بەرەوڕووی کۆمەڵێک پرسیار کرد. "کوردستان" بۆ زیاتر تیشکخستنە سەر ئەو بابەتە وتووێژێکی لەگەڵ کاک عومەر باڵەکی پێکهێنا:

**کوردستان:** تازەترین نووسینی ئێوە لەژێر ناوی "چەک بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد کەرەسەیە نەک ستراتیژی" لە نێو خوێنەران و بەردەنگەکان لە سۆسیالمیدیا کاردانەوەی زۆری هەبوو. بە زۆری ئەوەش بوو کە ئەندامێکی ڕێبەریی حیزب کە خۆی جەنگاوەر و فەرماندەیەکی ناوداری حیزبەکەی بووە، چۆن شتی وا دەڵێ؟ ڕوونکردنەوەی زیاترتان بۆ ئەوە چییە؟

**عومەر باڵەکی**: بۆ وڵامی ئەو پرسیارە پێم باشە لەسەر دوو دەستەواژەی "کەرەسە" و"ستراتیژی" بە کورتییش بێ باسێکمان هەبێ. کەرەسە لێرەدا بە مانای تاکتیکە و ستراتیژی ئەو ئامانجەیە کە ئەو تاکتیکەی دەخرێتە خزمەتیەوە. ستراتیژیی خەباتی مافخوازنەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەدستهێنان و دەستەبەری مافەکانیەتی لە چوارچێوە حکوومەتێکی دێموکراتێک و فیدراڵدا. بۆ بەئامانج گەیاندنی ئەو ستراتێژییەش جووڵانەوەی سیاسی-نەتەوەیی و شوناسخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو زەرفیەتییەکانی خەباتگێڕیی خۆی بە خەباتی چەکدارییشەوە کەلکی وەرگرتووە و وەردەگرێ. لێرەدا من ناتوانم و ڕەنگە دروستیش نەبێ باس لە ئامانجی ستراتێژیی حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم و نموونە بێنمەوە. بەڵام دەتوانم باس لە ئامانجی ستراتیژیی حیزبی دێموکرات بکەم کە لە بەرنامە و پێڕەوی خۆیدا بەڕوونی دەستنیشانی کردوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماددەی یەکەمی بەرنامەی خۆیدا باس لە ئامانج و پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دەکا و لە چەند خاڵدا کە لێرەدا ئاماژە بە دوو خاڵ دەکەین:**

١- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و شانبەشانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی کۆماری فیدراڵی لە ئێران و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا.
٢- دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردە لە کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ساڵانی ڕابردوو و لە ئێستاشدا قورسایی جووڵانەوەی نەتەوەیی و شوناسخوازیی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتۆتە سەر شان، ئامانج و ستراتێژییەکەی دیار و ڕوونە. لەلایەکی دی ئەوە مەیدانی خەبات و تێکۆشانە کە شێوازەکانی هەوڵدان و کارکردن بۆ وەدیهێنانی ئەو ستراتیژییە دیاری دەکا و هەر لەجێدا بەپێی کات و شوێن و ئیمکانی جێبەجیکردنیان لەلایەن ئۆرگانیزمی حیزبەوە پلانیان بۆ دادەڕێژرێ و کاریان لەسەر دەکرێ. ئەوەی لێرەدا گرینگە و نابی کۆڵی لێ بدرێ ئەوەیە خەباتکاران لە هەر قۆناغێکدا بن و بە هەر مێتۆدێک کار بکەن دەبێ ئامانجیان بۆ وەدیهاتنی ئەو ستراتیژییە بێ.

**کوردستان**: یانی پێتان وایە ڕەخنەگرانی بابەتەکەی پێشووتان بۆ بەرنامە و مێژووی خەباتی پێشمەرگانە نەگەڕابوونەوە و هەستەکی قسەیان لەسەر کردوە؟

**عومەر باڵەکی**: لەپێشدا سپاسی هەمو ئەو کەسانە دەکەم کە بە خەمخۆرییەوە لەسەر ئەو وتارە بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە.

بەڵام لە خوێندنەوەی بۆچوونەکاندا وام هەست کرد کە هیندێک لەو بەڕێزانە تەنیا سەردێری بابەتەکە سەرنجی ڕاکێشاون و کەمتر بایەخیان داوە بە نێوەرۆکی وتارەکە. لە هیچ جێگایەکی ئەو وتارەدا باس لەوە نەکراوە کە بەهێزکردن و تەیارکردنی پێشمەرگە باوی نەماوە، یا نابێ پشت بە هێزی چەکدار کە دیارە مەبەست پێشمەرگەیە ببەستین. بەڵکوو مەبەستی ئەو وتارە ئەوەیە لە داوی دوژمن و نەیارەکانمان نەکەوین کە هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە لە ڕێگای دەزگای ڕاگەیاندنەکان و تەبلیغاتی بەربڵاویی خۆیان، خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد کە پاشخانی دەیان ساڵەی هەیە و لەسەر چەند کۆڵەکەیەکی وەک مافی سیاسیی و مافی نەتەوەیی دامەزراوە، بە شەڕخواز و ماهییەتی گرووپێکی چەکدار بە جیهانی بناسێنن. چونکە خەباتی بەرگریکارانەی هێزی پێشمەرگە لە جووڵانەوەی مافویستی و شۆناسخوازیی خەڵکی کوردستان ناچێتە خانەی گرووپی چەکداری و میلیشیایی، بەڵکوو خەباتی پێشمەرگانە دەچێتە خانەی خزمەتی ئامانجە سیاسییەکانی نەتەوەیەکی ڕزگاریخواز.

هەر لەو نووسینەدا باس لە ڕۆڵی گرینگی پێشمەرگە وەک هێزی چەکدار کراوە کە توانیویەتی کورد لە تواندنەوە و پیلانەکانی دوژمنانی بپارێزێ. هەر لەجێدا کورد بۆ ئەوەی بتوانی لە گەردەلولی شەڕەنگێزیی نەیاران و دوژمنانیدا خاک و شوناسی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ، بەناچار دەستی بۆ چەک بردوە و هێزی نیزامیی خۆی ڕێکخستوە و ئەوە وای کردووە هەتا ڕادەیەکی باش بتوانێ پارێزگاری لە خاک و زمان و کولتووری خۆی بکا و پرسی کورد لە چەقی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەزیندوویی ڕابگرێ. ئەوەش نیشانەی بایەخمەندبوونی هێزی پێشمەرگە لە سەرکەوتنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەلای نووسەری بابەتەکە، لە ڕابردوو و داهاتووشە.

**کوردستان:** ئەوەی باستان کرد پتر لێکدانەوەیەکی سیاسی بوو یان ئەزموونی کەسێک کە ساڵانێکی زۆر فەرماندەی نیزامیی هێزی پێشمەرگە بووە؟

**عومەر باڵەکی:** دەبێ بڵێم لە هەموو ماوەی تەمەنی حیزباتی و پێشمەرگایەتیمدا لەسەر ئەو باوەڕە بووم کە هەموو کار و چالاکییەکانمان دەبێ لە خزمەت وەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی حیزب و گەلدا بێ. قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر ئەو باوەڕە نەبووم کە دەبێ شەڕ بۆ شەڕ بکرێ، بەڵکوو هەموو کات باوەڕم وابووە کە شەڕ دەبێ لە پێناوی وەدیهاتن و دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئارامی و دابینکردنی ئەمنییەت بۆ نیشتمان و خەڵکی کوردستان بێ. ڕەنگە ئەو بۆچوونە لە هەلومەرجی ئێستادا بە دڵی هەموو لایەک نەبێ کە پێم شتێکی سرووشتییە و ڕوانگە جیاوازەکان جێگای ڕێزن.

هەر لەجێشدا مەبەستێکی دیکەی من لەو نووسینەی باستان کرد ئەوە بوو کە بڵێم هەموو کات و بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا زۆرتر لە جارانیش پێویستمان بە خۆڕێکخستنە لەنێوخۆی وڵاتدا. ئێمە ئەگەر بتوانین ڕێکخستنێکی بەهێز و تۆکمە

لەسەر بنەمای شوناسی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک بخەین و شەقام بجووڵێنین، لە هەر هەلومەرجێکدا دەتوانین لە بواری چەک و کەرەسەی نیزامییەوە خۆمان تەیار بکەین. پێش هەموو شتێک ئەوی بۆ خەباتی چەکداری پێویستە ئامانجی سیاسی و ئیرادەی نەتەوەییە کە لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا هەم ئامانجە سیاسییەکە و هەم ئەو ئیرادەیە هەبووە و لە پیناوی ئەو ئامانجە سیاسییەدا خوێن و قوربانیی زۆر دراوە. ڕاستە سەرکەوتنی نیزامیمان بەدەست نەهێناوە، بەڵام جووڵانەوەکە لەسەر پێیە و هەنگاوی زۆر باشی بڕیون. باشە هەموو لایەکمان ڕاستییەکان ببینین کە لەگەڵ بوونی ئەو ئیرادەیە بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکان لە دنیای ئاڵۆزی ئەو سەردەمەدا هێندێک فاکتەر هەن کە جاری وایە کە لەبەردەستی بزووتنەوەکەدا نین. وەک: پشتیوانیی دەرەکی، پشتی جەبهە بۆ شەڕ و تەداروکات و کۆمەڵێک بابەتی دی کە لێرەدا من ئیزن بە خۆم نادەم باسیان بکەم .

**کوردستان**: لام وایە بەشێکی زۆری هۆکاری ئەو کاردانەوانە بۆ تێکەڵکردنی چەمکەکانی "شەڕ" و "چەک" دەگەڕایەوە. ئایا جەنابت مەبەستت ئەوەیە بڵێی کورد لاشەڕ بووە و زاتەن هەر مافخوازە و هیچ هەوڵێکی دەستدرێژی بۆ سەر هیچ نەتەوەیەکی دیکەی نەداوە، یان "چەک" بە فاکتەرێکی دیاریکردنی چارەنووسی کورد نازانن؟

**عومەر باڵەکی**: شەڕ درێژکراوەی سیاسەتە و چەک کەرسەی شەڕە، بەو مانایە هەر کاتێک پرسێک لەنێوان دوو لایەن بە وتووێژ و دانوستان بەئاکام نەگەیشت، هەر لایەنە لەبەر خۆیەوە بۆ وەدستخستنی ئامانجەکانی پشت بە هێزی نیزامیی خۆی دەبەستێ و لە ئەنجامدا شەڕ دروست دەبێ. شەڕ هەموو کات دوو حاڵەتی هەیە: یا لایەک لایەکەی دیکە تێک دەشکێنی و بەسەریدا زاڵ دەبێ کە لەو حاڵەتەدا ڕوونە لایەنی تێکشکاو هیچی بۆ نامێنێتەوە. حاڵەتی دوویەم ئەوەیە هەردوو لایەنی شەڕەکە دەگەنە ئەو ئەنجامە کە دەبێ کۆتایی بە شەڕی نێوانیان بێنن کە لەو حاڵەتدا ناچار دەبن ئیمتیاز بە یەکتری بدەن و پەیمانی ئاشتی لەنێو خۆیاندا بنووسن کە جووڵانەوەی گەلی کورد دەچێتە ئەو بازنەوە. چونکە نە ئێمە دوژمنەکانمان پێ لەنێو چووە و نە دوژمنەکانیشمان توانیویانە گەلی کورد و جووڵانەوەکەی لەنێو بەرن.

لە وەڵامی بەشی دوویەمی پرسیارەکەدا دەبێ بڵێم ناخی کورد وایە قەت شەڕخواز نەبووە. کورد دەگەڵ ئەوەی نەتەوەیەکی زولملێکراوە و خاکەکەی دابەش کراوە، بەڵام قەت هێرشبەر نەبووە بۆ سەر خاکی نەتەوەیەکی دیکە و ڕەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک فاکتەر کە لێرەدا جێگای باس نییە، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم کە بە تێگەیشتنی من گەلی کورد هەموو کات هەوڵی داوە لەگەڵ ڕاستییەکان مامەڵە بکا و بە دیتنی ئەو ڕاستییانەی دووربەری هەولی داوە تێبکۆشی و خەبات بکا بۆ وەدستخستنەوەی مافەکانی و، لە هەمان کاتدا بەو خەبات و تێکۆشانە هەوڵی داوە لە گەردەلوولی ڕووداوەکاندا ون نەبێ و تێدانەچێ.

ئەوە ڕاستە کە دەوڵەتەکانی زاڵ بەسەر کوردستان لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا هەر بە ئاور و ئاسن وڵامی داوکارییەکانی گەلی کوردیان داوەتەوە و گەلی کوردیش زۆر ئازایانە و بوێرانە توانیویەتی خۆی لەگەڵ هەلومەرجەکە ڕێک بخا و لە هەموو ڕەهەندەکانی خەبات کەلک وەربگرێ. زۆر جارانیش ئەو خەباتە هەتا لوتکەی سەرکەوتن ڕۆیشتوە، بەڵام فاکتەرێ جۆراجۆری وەک گەلەکۆمەکیی نێودەوڵەتی و یا نەبوونی هاودەنگی و هاوکاری نێو هێزەکانی کوردی و نەبوونی خوێندنەوەی دروست لە هەلومەرجە سیاسیی ناوچە و نێودەوڵەتی بوونە هۆی پاشەکشەی جووڵانەوەکە، بەڵام جووڵانەوە تێک نەشکاوە. چونکە جووڵانەوەی نەتەوەیەک بووە نەک هێزێکی سیاسیی و بۆیە دوای ماوەیەک بۆ جارێکی دیکە جووڵانەوەکە پێی گرتۆتەوە. هەروەها کە باس دەکرێ چەک وەک فاکتەرێکی دیاریکردنی چارەنووسی کورد دەبیندری یا نا؟ وا دروستە بە جێگای چەک باس لە فاکتەری هێزی گەل بکەین، هەر وەک لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا باسم کرد، حیزبێکی سیاسی بەتایبەتی کە لە حاڵی خەباتی سەخت و دژوار دایە، پێش هەموو شتێک پێویستە پێگەی جەماوەری لەنێو کۆمەڵگەی خۆیدا بەهێز بکا و ئەو پێگە جەماوەرییە بە شێوەیەک ڕێکبخرێ کە لە هەموو کاتدا بەدەنگ و ڕەنگ پشتگیریی هەڵوێستەکانی ئەو حیزبە سیاسییە بکا و لەو کاتەدا کە هێزی گەلت لە گەڵ بوو، لە هەلومەرجی پێویستدا هێزی پێشمەرگە دەتوانێ یەکلاکەرەوەی مەیدانەکە بێت.

**کوردستان**: کاک عومەر ئەو باسەی جەنابت لە کاتێکدا دەکرێ کە وڵاتە نادێموکراتیکەکان، میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییەکان بە شەڕ و توندوتیژی و بەکارهێنانی کەرەستەی شەڕی پێشکەوتوو توانیویانە هەم خۆیان بپارێزن و هەم تەنانەت پڕکێشییەکی زۆریش بکەن؛ کەوابوو چۆن جووڵانەوەیەکی دێموکراتیکی مافخوازانە دەتوانێ خۆی لەوە بێبەری بکا؟

**عومەر باڵەکی**: یەکەم نە باشە و نەدروستە جووڵانەوەی دێموکراتیک و مافخوازانەی گەلی کورد لەگەڵ میلیشیا و وگرووپە تێرۆریستییەکان بە بەری یەکتری بگرین. ئامانجی ئەو گرووپانە گەیشتن بە دەسەڵاتە لە ڕێگای توندوتیژی کە ئەگەر بگەن بە دەسەڵاتیش ناتوانن ئارامی و بەختەوەری و سەقامگیری بۆ کۆمەڵگەیەکیان بەدی بێنن. چونکە بنەمای کرداریان لەسەر ئیدئۆلۆژیی خۆفەڕزکردن، توندوتیژی و بناژۆخوازی دانراوە. ڕەنگە ئەو گرووپانە بەهۆی وەدەستخستنی چەکوچۆڵ لە مەیدانی کرداریدا هیندێک سەرکەوتن بە دەست بێنن و ببنە خۆراکی دەزگاکانی ڕاگەیاندن. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ئەو جۆرە سەرکەوتنانە کاتییە. چونکە ئەو گرووپانە ناتوانن ئیدیۆلۆژیی خۆیان بگۆڕن و خۆیان لەگەڵ ویستی خەلک و دنیای سەردەم بگونجێنن. بەڵام جووڵانەوەی گەلی کورد، جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی و شوناسخوازییە و بەخۆشییەوە لەو توندئاژۆییە بێبەرییە. ئەو شێوە خەباتەی گەلی کورد بۆ وەدستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی هەڵیبژاردوە دەرئەنجامی سیاسەتی پاوانخوازی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان و هەلومەرجە نێودەوڵەتی و ناوچەییە کە بە سەری داسەپاوە. بۆیە لە ماوەی لانیکەم نیزیک بە سەد ساڵی ڕابردوودا ئەو نەتەوە زوڵملێکراوە و هەوڵی داوە لە هەموو ڕەهەندەکانی خەبات بەپێی هەلومەرج بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کەلک وەربگرێ. ڕەنگە لای هێندێک لە دڵسۆزانی نیشتمان لە سەردەمی

ئێستادا وا وێنا بکرێ کە ڕێکخستنی خەڵک بۆ خەباتی مەدەنی ناتوانێ دەروازەی سەرکەوتن بە ڕووی گەلی کورددا بکاتەوە و سەرکەوتن لەو شێوە خەباتە دا بە خەونێکی شاعیرانە بزانن. بەڵام نابێ چاو لە ئاستی ڕاستییەکان لێک بنین. لەگەڵ ئەوەی بە ڕواڵەت جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە بە هۆکاری جۆراجۆر کە لێرەدا هیچ پێویست ناکا باس بکرێن ڕووی لە کزی داوە و وەک ساڵانی پێشوو ئەو حەرەکەت و جموجۆڵە دیار و بەرچاو نین. بەڵام ئەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و ژووره فکری و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم هەستی پێ دەکەن و دەیبینن زۆر جیاوازە لەوەی دڵسۆزێکی نیشتمان لای خۆی وێنای دەکا.

**کوردستان**: مەبەستتان پاڕادۆکسی گوتاریی ڕێژیمە لەبارەی جووڵانەوەی سیاسیی کوردەوە؟

**عومەر باڵەکی**: بەڵێ. ئێمە دەبینین لە بواری تەبلیغییەوە بۆ بیروڕای گشتی ئێران دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئەمنیەتی و نیزامیی ڕێژیم بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکەن کە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمێژ ساڵە کپ بووە و ئەو بزووتنەوە هەرسی هێناوە و نەماوە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە مەیدانی کردەوەدا تەواو بە پێچەوانەی ئەو تەبلیغاتەی خۆیان لەگەڵ پرسی کورد و حیزبەکانی کوردستان دەجووڵێنەوە. چونکە ئەوان دەزانن جووڵانەوەی شوناسخوازی گەلی کورد لەسەر پێیە و لە گەشەکردندایە و دەبێ ڕێگری بکەن لەو گەشەکردن و پەرەگرتووییە. بۆ ئەو مەبەستە هەر لە سەرەتای داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا هەوڵیان ئەوە بووە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەڵکی کوردستان داببڕن، بەڵام هیچ کات لەو پرۆسەیەدا سەرکەوتوو نەبوون. لەو ساڵانەی دواییدا بەهۆی جێگیربوونی بەشی ئاشکرای حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستانی -عیراق، دەسەڵاتدارانی تاران بەقسەی خۆیان بۆ ڕێگرتن لە چوونەوەی پێشمەرگە بۆ نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دابڕانی ئەو حیزبانە لە خەڵکی کوردستان، یەکەم هەنگاویان ئەوە بووە کە سنوور کۆنترۆڵ بکەن و بۆ ئەو کارە خودی فەرماندەی ویشکایی سپای پاسداران دەڵێ: "لەسەر سنووری دەستکردی ئێران-عێراق زیاتر لە دوو سەد مۆڵگەمان بە پێشکەوتووترین کەرەسەکانی شەڕ دروست کردوە." لە حاڵێکدا لەسەر ئەو سنوورە هیچ هەڕەشەیەکی دەوڵەتی دراوسێی لەسەر ئێران نییە و بە دانانی خۆیان تەنیا و تەنیا بۆ پێشگیری کردن لە هاتووچۆی هێزی پێشمەرگەیە و هەر ئەوە نیشانەی زیندووبوونی جووڵانەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستانە بە بوونی حیزبەکانی ئەو پارچە لە خاکی نیشتمان. بەڵام لە کرداردا ئەو ڕێکارە نەیتوانیوە خەڵک و حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێک داببڕێ و زیندووترین نموونە دەتوانین باس لە١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ دوای مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و ٦ی ڕەزبەری ساڵی ١٤٠١ دوای شۆڕشی ژینا بکەین کە بۆ جارێکی دیکە بنکە و شوێنی حەوانەوەی ژیانی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبەکانی کوردستان کەوتە بەر ئاوری مووشەکەکانی سپای پاسداران. بەڵام لە هەر دوو جاردا شاهیدی هەڵوێستی خەڵکی کوردستان بووین. خەڵکی کوردستان بە هاتنەسەر شەقام و مانگرتن پشتیوانییان لە حیزبە سیاسییەکانی خۆیان بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد و لێرە دایە کە دەسەڵاتدارانی

تاران بەتەواوی هەستیان بە شکانی خۆیان لە بەرانبەر جووڵانەوەی شۆناسخوازی و مافویستی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. بەڵام بۆیان نەبوو بە تەجروبە کە بەدوای چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورددا بڕۆن، بەڵکوو ئەوجار کەوتنە پیلانگێڕیی نێودەوڵەتی و واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئەمنی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق. ئەگەر لەو هەڵومەرجەدا پێناسەی ئەو کردارەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بکەین:

**یەکەم**. هەروەک گوترا ئەوە نیشانی زیندووبوونی جووڵانەوەی گەلی کورد و بوونی حیزبە سیاسییەکانیەتی لە گۆڕەپانی خەباتدا.

**دوویەم**. نابێ لەبیرمان بچێ ئەو حەرەکەتەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی جۆرێک لە شەڕە کە لەگەڵ جووڵانەوەی بەرحەقی خەڵکی کوردستان بەڕێوەی دەبا. لەو قۆناغە هەستیارەدا بۆ ئەوەی لەو شەڕەدا سەرکەوین، جووڵانەوەی گەلی کورد بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی پێویستی بە خۆ ڕێکخستنەوە و پاراستنی یەکڕیزی تەشکیلاتی و کارکردن لەسەر ڕەهەند جیاوازەکانی خەبات هەیە و لەسەر ئەو باوەڕەم کە جووڵانەوەی شۆناسخوازی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەپێی مێژوو و تەجروبە و دووربینیشی سیاسیی کە هەیەتی زۆر زوو دەتوانێ لەو شەڕەش لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی سەرکەوتن بەدەست بێنێ .

ڕەخنەیەک لە نووسینەکەی جەنابت ئەوە بوو کە چ ستراتیژییەک لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازیدا بەبێ چەک ئاکامەکەی سەرکەوتن بووە، ئایا نموویەک بووە؟ مەگەر ئەوە نییە کە چەک و خۆڕاگریی چەکداری هەتا ئێستاش کوردی لە توانەوە و فەوتان ڕزگار کردوە!

**یەکەم**: لە ڕوانگەی خۆمەوە پێم دروست نییە خەباتی ڕزگاریخوازی وڵاتێک بکرێتە نموونە بۆ ولاتێکی دیکە، دەنا خەباتی ڕزگاریخوازی زۆر وڵات لە مێژوودا هەیە بێ چەک سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. زۆر خەباتی ڕزگاریخوازیش لەگەڵ ئەوەی خاوەن چەکیش بوون تووشی شکان بوون.

**دوویەم**: هەلومەرجی نێوخۆی وڵاتەکان و ڕادەی تێگەیشتوویی خەڵکەکەیان و سیستمی حوکمڕانی و تەنانەت شێوازی تێڕوانینیان بۆ بابەتەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازی هەیە، بۆیە ناکرێ بکرێن بە ڕێنیشاندەر و ئۆلگوو. بەڵام دەکرێ لە سەرکەوتن و شکانی ئەو جووڵانەوانە تەجروبە وەربگرین. لێرەدا ئاماژە بەو خاڵە دروستە کە دڵسۆزانی  جووڵانەوە باشە بۆ سەرخستنی جووڵانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەدوای ئەو ڕێکارانەدا بڕۆن کە هاوسەنگی هەبێ لەگەڵ نیاز و تواناکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەبارەت بە بەشی دوویەمی پرسیارەکە، من لە هیچ جێگایەکی ئەو نووسینەدا باسم لەوە نەکردوە کە خەباتی ڕزگاریخوازی چ بە چەک یا بێ چەک سەرکەوتوو بووە یا نەبووە. باسەکەی من لانیکەم لەو وتارەدا ئەوە نەبووە و لە هەمان کاتدا باسم کردووە کە "ئاستی توندوتیژی لە خەباتدا، دوژمن دیاری دەکا." مادام شەڕمان بەسەردا سەپاوە بۆ بەرگری و پاراستنی خاک و زمان و کولتوور و فەرهەنگی نەتەوە ناچارین پەنا بۆ بەرگری چەکدارانە بەرین. لێرەدا پێویستە وەبیر بێنمەوە کە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە بەرگریی چەکدارانە یەکێک لە ڕەهەندەکانی خەباتە و ئەو حیزبە لەماوەی تەمەنی خۆیدا بەپێی توانا و هەلومەرجی کوردستان لەو ڕەهەندی خەبات بۆ بەئاکامگەیاندنی جووڵانەوەی گەلی کورد کەلکی وەرگرتوە و مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش شاهیدی بۆ ئەو بابەتە دەدا کە ڕۆڵە ئازاکانی و کادر و پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی حیزبی دێموکرات چەندە فیداکارانە لە بەرەوپێشبردنی ئەو شیوە خەباتە چالاک و هەڵسوور بوون و لە قوناغی ئێستادا ئاکامی ئازایەتی و گیانفیدایی پێشمەرگەکان لە بەرگری چەکدارانەدا لەسەر شەقام و لەنێو ئاپۆڕای جەماوەری کوردستان بە زەقی هەست پێ دەکەین. مەبەستی من لەو قۆناغەدا ئەوە بووە کە نەکەوینە داوی تەبلیغاتی ڕێژیم و دارودەستەکەی و بە کوردی دەست لە کراس بێنینە دەر و ڕەهەندەکانی دیکەی خەبات کە لە ئێستادا بەستێنی لەبار و گونجاویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە لەبیر بکەین.

**کوردستان**: ڕەخنەیەکی دیکە لە نووسینەکەی جەنابت ئەوە بوو کە ئەمجۆرە وێژمانە بێبایەخکردنی چەک و توانامەندکردنی خۆت وەک بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازییە، ئەویش لە کاتێکدا زلهێزەکان و وڵاتە دیکتاتۆرەکانیش لەپێناو مانەوەی خۆیاندا بۆمبی ئەتوم و مووشەکیان بەدەستەوەیە!

**عومەر باڵەکی**: لە وڵامی ئەو پرسیارەدا لە پێشدا با ئەوە وەبیر بێنمەوە کە لە وڵامی پرسیارەکانی دیکەدا بەوردی باسم کردووە کە مەبەست لە چەک لەو نووسینەدا چییە و لە هەمان کاتدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە لە هیچ جیگای ئەو وتارەدا دەستەواژەیەکی وا بەکار نەهاتووە کە باس لە بێبایەخکردنی چەک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا بکا و خۆم لام شتێکی سەیر بوو کە لای هێندێک لە خوێنەران ئەو خوێندنەوەیەی لێ کراوە. چونکە منیش هەموو کات بە ئێستاشەوە باوەڕم وایە و هەرواش دەمێنێتەوە کە لە هەموو کاتدا ئەوە هێزە هەموو پرسەکان یەک لا دەکاتەوە و ئەوەش پێویستی بە سەلماندن نییە. بەڵام گرینگە بزانین ئەو هێزە سەرچاوەکەی چییە، بۆ چ ئامانجێک بە کاردێ.

بە بوونی دەسەڵاتدارەتیی حکوومەتێکی سەرەڕۆی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران، بزووتنەوەی شوناسخوازی ومافویستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو قۆناخەکانی خەباتدا پێویستی بە بوونی هێزی نیزامیی (پێشمەرگە ) بەهێز و بەتوانا بۆ داکۆکیکردن لە شوناسی نەتەوەیی خۆی هەبووە وهەیە. ئەو هێزە نیزامییە هاوشان لە گەڵ بەرەو پێش چوونی ڕەهەندەکانی دیکەی خەبات لە کاتی خۆیدا دەتوانێ کاریگەری یەک لاکەرەوەی لەسەر پرسەکان هەبێ. بۆیە پێویستە ئەوە

دووپات بکەمەوە کە مەبەستێکی دیکە لەو نووسینە ئەوە بووە کە گەلی کورد بەگشتی و دڵسۆزانی گەل و نیشتمان بەتایبەتی نەکەوینە داوی شەڕی ڕەوانیی کۆماری ئیسلامی کە لە ماوەی ٤٤ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا پێ بە پێی شەڕ لە کوردستان، شەڕی ڕەوانییشی بردۆتە پێشی و بەتایبەتی لە یەک ساڵی ڕابردوودا دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تەبلیغاتیی نیزام بە هەموو توانای خۆیان ڕوو بە خەباتگێڕان و بنەماڵەکانیان شەڕێکی دەروونیی بەربڵاویان بەڕێوە بردووە و دروست نییە خەباتگێڕان و دڵسۆزانی خاک و نیشتمان بکەونە داوی ئەو شەڕە ڕەوانییە و خۆمانی پێ مەحکووم بکەن. چونکە هەموو لایەکمان باش دەزانین کە ئێرادەی درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو خەباتکاران و تێکۆشەران ونیشتمان پەروەرانی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەهێزی دایە و باوەڕم وایە بە بوونی خەڵک و خەباتگێڕان لە مەیدانی خەباتدا ئەو ئێرادە نەتەوەییە بەسەر ئەو قۆناخە و هەموو قۆناخە سەخت و دژوارەکاندا سەر دەکەوێ.

**کوردستان:** سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا.

**عومەر باڵەکی:** ئێوەش ماندو نەبن.

**١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣**

---

# لێیان تێک چووە!




**ئاسۆ مێنبەری**

لەم ڕۆژانەدا، هەواڵدەریی تەسنیم، سەر بە سپای پاسدارانی ڕێژیم ڕاپۆرتێکی لەژێر ناوی "پاراستنی بنەماڵە، گوتاری کاریگەر بۆ گۆڕینی ئاکاری ژنانی بێ حیجاب"، بڵاو کردەوە کە تێیدا باسی لە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە لە کۆمەڵگەی ئێراندا کردوە. خاڵی سەرنجڕاکێشی ئەم ڕاپۆرتە ئەوەیە بەبێ هیچ بەڵگە و ئارگۆمێنتێک، بەو ئاکامە گەیشتوون کە ڕەچاونەکردنی حیجاب هۆکاری سەرەکیی بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەدایە! ئاکامێک کە هیچ لۆژیک و پێوەرێکی زانستیی لە پشت نییە و تەنیا بە ئیدئۆلۆژیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەکرێ دەست کەوێ!

لەم ڕاپۆرتەدا، ئاماژە بە وتووێژ لەگەڵ تەهوورا نەورۆزی، بەرپرسی بونیادی میلیی عیفاف و حیجابی ڕێژیم کراوە و ئەم خاتوونەش، لە وڵامی ئەم پرسیارەدا کە بۆچی خیانەتکردن، یەکەمین هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوەیە، دەڵێ: بەو هۆیە کە، کەمحیجابی و نەبوونی حیجاب لە کۆمەڵگەدا پەرەی ئەستاندوە! لە درێژەشدا باسی لەوە کردوە کە ئەبێ گوتاری حیجاب لە کۆمەڵگەی ئێراندا وا کاری بۆ بکرێت کە بازنەیەکی گەورەتر لەخۆ بگرێ، بۆ ئەم بابەتەش ئاماژەی بە قسەکانی خامنەیی کردووە کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا وتی ئەگەر کۆماری ئیسلامیشتان قەبووڵ نییە، لەبەر ئێران دەنگ

بدەن! بۆیە ئەم خاتوونەش لە ڕێگەی ئەم ئێستدیڵالەوە بەو ئاکامە گەیشتووە دەبێ پرسی حیجاب بەربڵاوتر بکرێتەوە و لە ڕاستیدا باس لە خودی حیجاب نە، بەڵکوو باس لە بنەماڵە بکرێ چونکە بنەماڵە ساختارێکە کە هەموو کەس چ لایەنگری حیجاب بن و چ نەبن، چ دیندار بن و چ نەبن، گرینگیی پێ دەدەن.

لە ڕاستیدا قسەکانی ئەم بەرپرسەی ڕێژیم، هیچ لۆژیکێکی تێدا نییە، چۆن ئەکرێ دیاردەیەکی گرینگی وەکوو جیابوونەوە، بە پێوەری حیجاب هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ و بە هیچ ئارگۆمێنتێک، نەبوونی حیجاب بە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی خیانەت بزانرێ؟ چۆن ئەبێ هیچ هۆکارێکی گرینگی دیکە بۆ جیابوونەوە و تێکچوونی شیرازەی بنەماڵەکان نەبینرێ بەڵام، پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێک بەسەر شۆڕشێکدا کە هۆکاری سەرەکیی دەسپێکردنی هەر ئەو حیجابە بوو، ئەمە بە تەنیا فاکتەر بزانرێ؟

لە ڕاستیدا ئەمەش یەکێکی دیکە لە پەلەقاژەکانی ڕێژیم بۆ بەلاڕێدابردنی پرسە سەرەکییەکەی کۆمەڵگەیە و لەلایەکی تریشەوە دەیهەوێ، بە هێنانەئارای چەمکی بنەماڵە و گرینگیی ئەم ناوەندە کۆمەڵایەتییە، پێداگرییەکانی خۆی لەسەر پرسی حیجاب زیاتر بکاتەوە و بڵێ، ساڵێکە خەریکن لەسەر حیجاب شەڕمان لەگەڵ دەکەن و بە قەولی خۆیان، ئێغتشاش دەکەن، کەچی ئەوە حیجاب بووەتە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی خیانەت بە یەکتر بکەن و ژیانتان لێک هەڵوەشێتەوە!

لە کاتی خەسارناسی بۆ هەر دیاردەیەکی کۆمەڵاتیدا، کارگرووپی کارزان و پسپۆڕ، لەسەر بابەتەکە کار دەکەن و بە شیکاریی دیاردەکە و خەسارناسیی چڕوپڕ، هۆکارەکانی ڕوودانی دیاردەکە دەستنیشان دەکەن و پاشان بە داڕشتنی پلانی ڕێکوپێک، هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی دیاردەکە دەدەن. بەڵام لە چوارچێوەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، هەموو شتێک لەسەر پێوەری ئیدئۆلۆژی دەسووڕێتەوە، مادام کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتێکی ئیسلامییە و پرسی حیجاب، یەکێک لە بنەماکانی ئەم دەسەڵاتەیە، کەوابوو زۆربەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ هیچ هۆکارێکی زانستی، پێوەندییان بە ڕەچاونەکردنی حیجابەوە هەیە.

لە کاتێکدا کە ئەم بەرپرسەی ڕێژیم خەریکە باس لە بێحیجابی وەکوو گرینگترین هۆکاری جیابوونەوە دەکا، هەموومان دەزانین کە نالەباربوونی پرسی ئابووری چۆن باڵی بەسەر ژیانی خەڵکانی ئێراندا کێشاوە و چۆن وەکوو یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی بێهیوایی خەڵک بە بوونی داهاتووی گەش چاوی لێ دەکرێت، لەلایەکەوە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە و لە لایەکی تریشەوە وای کردوە کە بەگشتی ڕێژەی هاوسەرگیری لە ئێراندا ڕووی لە داکشان کردوە.

ئیدئۆلۆژیی ڕێژیم وا دەکا کە ئەم بەناو بەرپرسە، ئاماژە بە دیاردەگەلێکی دیکەی وەک منداڵ_هاوسەری، بە زۆربەشوودانی کچان، بێکاری، نەبوونی پەروەردەی دروست و کێشەی سۆزداری نەکات و هەموو شتێک لە پرسی حیجابدا قەتیس بکاتەوە، بۆچی؟ چونکە لەم قۆناغەدا پێویستە وڵامی پرسیارەکانی خەڵک کە بۆچی ژینا ئەمینی و ئارمیتا گراوەند بەو شێوازە گیانیان لێ ئەستێندرا، بە لۆژیکی کۆماری ئیسلامی بدرێتەوە!

ئەم بەرپرسەی ڕێژیم لەو بەشەدا کە باسی لە بەربڵاوترکردنی بازنەی حیجاب بە گرینگیدان بە بنەماڵە کردووە دەڵێ کە حیجاب پرسێکی گشتییە و تەنانەت لەو بنەماڵانەشدا کە ئیماندار نین، ئەم بابەتە گرینگیی پێ دەدرێ، ئەمە لەحاڵێکدایە کە بەگشتی پرسی حیجاب، پرسێکی تاکەکەسییە و هەرکەس بەپێی باوەڕەکان و پێخۆشبوونی خۆی گرینگی بەم بابەتە دەدات و هیچ پێویست ناکا، دەسەڵات ئەم پرسە گرێ بدا بە خۆیەوە و وەکوو پرەنسیپێک پێناسەی بکا کە پێشێلکردن یان ڕەچاونەکردنی، سزای کوشتنی بە دواوە بێ، وەک ئەوەی کە بۆ ژینا و ئارمیتا دیتمان.

لە ڕاستیدا بڵاوبوونەوەی ئەم چەشنە هەواڵ و ڕاپۆرتانە، لە پێگەیەکی وەکوو هەواڵدەریی تەسنیم، کە سەر بە سپای پاسدارانی ڕێژیمە و ئەویش لەم کاتەدا کە خەڵک لە کوژرانی ژینا و دووپاتبوونەوەی چارەنووسەکەی بۆ ئارمیتا تووڕەن و نیگەرانن کە ئەم ڕووداوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان کچەکانی تریش تووش بکات و بیانخاتە باوەشی مەرگەوە، نیشان لەو ڕاستییەیە کە ڕێژیم دەیهەوێ وای نیشان بدات کە وەکوو دەسەڵاتێکی ئیسلامی، ڕۆشنبیرانە خەریکە باس لەم پرسە دەکات و لەو ڕووەوە کە ئەم بابەتە بە هۆکاری سەرەکی بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە دەزانێ، گوایە بە مەبەستی دڵسۆزی بۆ خەڵک ئەیهەوێ بە فرتوفێڵ پەرە بە پرسی حیجاب بدات و لەلایەکی تریشەوە، بە شاردنەوەی هۆکارە ڕاستەقینەکان، خۆی لە وڵامدانەوە و بەرپرسایەتیی لە دۆخەکە دەرباز بکات.

بەرپرسانی ڕێژیم بەڕاستی لێیان تێک چووە کە خۆیان و ئیدئۆلۆژی و سیاسەتە هەڵەکانیان، گەورەترین هۆکاری نەهامەتی خەڵکانی ئێرانە و تا کاتێ ئەوان هەبن، دزێوترین دیاردەکانیش هەر بەردەوامن.

١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# فڕین بە ونبووندا هەتا مەیدانی شۆڕش



**سۆما ناسری**

**١٣ی خەزەڵوەر، ئەگەر شەهید نەبووبا سێوسێهەمین مۆمی تەمەنی دادەگیرساند**

**کاتێک داگیرکەر و جەبری هەڵکەوتەی جوغرافیای وڵاتەکەت دەست دەدەنە یەکتر و ستەم و داگیرکاری بە باڵات دەبڕن، بەرخۆدان و ڕاپەڕین دەبنە ئەرک و ئەوجار تاکە وشیارەکان دەبنە کاریزمای سەردەمی خۆیان و بە ڕەسمی جوامێران سەرلەپێناو و گیانلەسەردەست، بە خوێن پارێزگاری لە نیشتمان دەکەن و ڕۆڵی پێشەنگ دەگێڕن و وەک نموونەیەکی خاوەن کەرامەت و وڵاتپارێز بە ورەی پۆڵایین دژ بە ستەم و نادادی پێشەنگایەتیی گەلەکەیان دەکەن و لەو ڕێگەیەشدا بەرگی نەمری بە باڵای خۆیان دەگرن.**

**زۆرن ئەو لاو و ژنانەی لە "شۆڕشی ژینا"دا بوونە سەرقافڵەی دوژمنبەزێن و بە شەهیدبوونیان پێناسەی هەرمانی مێژوویان کردە خەڵاتی خۆیان و بوونە شانازی بۆ گەلەکەیان.**

مێژوو سەلماندوویە هەرکات داگیرکەر شیر و تیری زیاتر دەسوێ، کورد بە خۆڕاگری و بەرخۆدان بەرەنگاری دەبێتەوە و چۆکی پێ دادەدا.

یەک لەو لاوە سوورخەڵاتانەی شۆڕشی ژینا کە لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی ئەو شۆڕشەدا گیانی فیدا کرد و ناوی چووە ڕیزی نەمرانی مێژووی ڕۆژهەڵاتەوە، شەهید شەماڵ خەدیریپوورە.

شەهید شەماڵ ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٦٩ی هەتاوی لە شاری مەهاباد چاوی بە دونیا هەڵێنا و بە لەدایکبوونی نەمامی هیوای لە دڵی کاک حەسەنی باوکی و خاتوو زبێدەی دایکیدا ناشت. شەماڵ باڵای کرد و نێردرایە بەر خوێندن، بەڵام هەمیشە گوشاری ئەو بارە نالەبارەی ڕێژیمی ئاخوندی بە سەر ژیانی خەڵکی کوردستانیدا سەپاندووە، کاریگەریی زیاتر دەخاتە سەر دۆخی منداڵەکان و بەشێکیان لە درێژەدان بە خوێندن بێبەش دەکات. هەر ئەو دۆخە بوو بەهۆی ئەوەی شەماڵی دڵ پڕ لە ئاوات نەتوانێ زیاتر لە نۆ ساڵ بخوێنێت و بەناچار شانی دایە بەر بەرپرسیارەتی و دابینکردنی بژێوی ژیان و بە شاگردی لە کارگەیەکی میکانیکی دەستی پێ کرد و هەر ئەوەش بۆی بوو بە پیشەیەکی دایمی.

شەماڵی لاو وێڕای ئەوەی یاریزانێکی بەتوانای وەرزشی بۆکس بوو، و چەندین میداڵیای قارەمانی وەرگرتبوو، هاوکات هۆگرییەکی زۆریشی بە شاخەوانی بوو. زۆرجار لەگەڵ هاوڕێکانی بە شاخە بەرز و سەرکێشەکانی کوردستانی ئازیزدا هەڵدەزنا.

شەماڵی ئەویندار و ئاشق بە ژیان لە دڵی ئەشکەوتی چیا بەرزەکانی کوێستانی سەربەتەمی کوردستانەوە هەست و هەناسەی گەرمی ئاوێتەی تەزووی سەرمای ئەو سەرانە دەکرد و ئەسپی خەیاڵی بە دەم تەمومژەوە بەرەو جێژوانی لاوی تاو دەدا و نوقمی خەون و ئاواتەکانی لەگەڵ "ئارەزوو"ی هاوژینی دەبوو کە بە خۆشەویستی پێک گەیشتبوون و وێنای داهاتوویەکی پڕشنگداریان بۆ "سەنا"ی تاقانەیان دەکرد و وەک ئەوەی ئیلهامی پێ کرابێ کە پەرچەم و ئەگریجەی کیژی کورد دەبێتە ڕەمزی پیرۆزی شۆڕشێکی سەردەمیانە، سۆزی دەنگی تێکەڵ بە گۆرانیی "نازیلێ"ی گەورە هونەرمەندی کورد عەلی مەردان و نەجمەدین غوڵامی دەکرد.

شەهید شەماڵ و هەموو شەهیدانی کوردستان شەیدای گەشە و پێشکەوتنی نیشتمان و نەتەوەکەیان بوون، بۆیە بۆ گەیشتن بە بەهاری سەربەستی و ڕزگاری بە خوێنی خۆیان سرووشتی جوان و داری ئازادیی کوردستانیان ئاودێر کرد.

شەهید شەماڵ خەدیریپوور، لاوێکی خوێنگەرم و بەهەڵوێست بوو، لە ڕابوونی شەقامەکانی مەهاباددا ڕۆڵێکی بەرچاوی

هەبوو. چاونەترسیی شەهید شەماڵ لە ڕاپەڕینی ژینادا بوو بە هێمای ورە و باوەڕ بۆ لاوان و خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری پێشەوا.

ڕۆژی هەینی ٢٧ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، ئەو ڕۆژەی لاوان و خەڵکی تووڕەی مەهاباد تەرمی شەهید دوکتور "ئازاد حوسێن‌پووری"یان بە دروشمی ئاگرینی دژ بە جەنایتکاران بەرەو گۆڕستانی ئەو شارە دەبرد بۆ ئەوەی بە خاکی پیرۆزی کوردستانی بسپێرن، شەهید شەماڵ هاوشانی هێزی بەرگریی شەقام بۆ پشتیوانی لە لاوان و جەماوەری خۆپیشاندەر، ڕۆڵی پێشەنگیان دەگێڕا و ڕێی بەرەوپێشچوونیان لە داگیرکەر تەوق دەکرد و بە بەرد دوژمنیان ڕاو دەنا، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی خۆپیشاندەران جگە لە ورەی پۆڵایین و بەردی مشتیان هیچی دیکەیان بۆ بەرگری پێ نەبوو، بەڵام دوژمنی بەدخوو و غەدداری ئاخوندی بە تەقەی ڕاستەوخۆ و بە فیشەکی شەڕ هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەران و لە گەرمەی ئەو بەرخۆدانەدا شەماڵی بوێر و خولیای سەربەستی و چەند کەسی دی کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللەی ناحەزانی مێژوو. لەو هێرشەدا سنگ و سکی شەماڵ پێکرا و بەسەختی بریندار بوو. شەماڵ گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانەی ورمێ، بەڵام بە هۆی کاریبوونی برینەکانی کەمتر لە حەوتوویەک ژیا و ڕۆژی ٣ی سەرماوەز چووە ڕیزی سوورخەڵاتانەوە و بە شەهیدبوونی وەفاداری بۆ ئەو ڕێبازە سەلماند کە باوەڕی پێی هەبوو.

شەهید شەماڵ گەلێک وتەی جوانی لەبارەی ئازادی و خۆشەویستی بۆ نیشتمان تۆمار کردووە کە هەڵقوڵاوی ویستی دەروونیی خۆیەتی. بۆ نموونە لە لاپەڕەی ئینستاگرامەکەیدا نووسیبووی: "بۆ ئازادی پێویست نییە عەرز و ئاسمان بگرن، تەنیا خۆتان مەفرۆشن بەسە."

پۆشینی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی و هەڵگرتنی چەکی شەرەف، ئاواتی شەهید شەماڵ بوو، هەرچەندە بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی ژیانیەوە نەیتوانی ئەو ئاواتەی بێنێتە دی، بەڵام بەکردەوە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاریدا سەلماندبووی کە مرۆڤێکی تا بڵێی نیشتمانپەروەر و وڵاتپارێزە. هەڵگەڕان بەسەر چیای قەندیل و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە لووتکەی هەڵگورد ئاواتێکی جوانی دیکەی شەهید شەماڵ بوو.

شەهید شەماڵ گەشبینانە دەیڕوانیە ئاسۆی شۆڕشی ژینا و باوەڕی بە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە هەبوو، هەمیشە دەیگوت: "شۆڕش خوێنی دەوێ و ئامادەم خوێنی خۆم بکەمەوە خەڵاتی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە". شەماڵ بەکردەوە مردنی بە چۆک داهێنا و بە شەهیدبوونی بە نەمری مایەوە.

شەهید شەماڵ زۆر هۆگری سرووده حەماسییەکانی هونەرمەندی گەورەی کورد ناسر ڕەزازی بوو، لەهەر کات و شوێن و

هەلومەرجێکدا گوێی لە سروودی "ئەم خاکە خاکی کوردییە/ خۆ خاوەنی دیکەی نییە" دەبوو، بۆ ڕێزلێنان لە نیشتمان هەڵدەستا سەرپێ و دەستی هەڵدێنا و دەیگوت: "من گیانم فیدای ئەو خاکە دەکەم."

ئەگەرچی درەنگانی شەوی پێنجشەممە ٣ی سەرماوەز تەرمی شەهید شەماڵ خەدیریپوور بە بنەماڵەکەی درایەوە و لە کاتژمێرە سەرەتاییەکانی بەرەبەیانی ئەو شەوەدا لەژێر گوشاری ناوەندە ئەمنییەکان بە خاکی کوردستان سپێردرا و لەو بارەیەوە جەلال برای شەهید شەماڵ لە لاپەڕەی ئینستاگرامەکەیدا نووسی؛ "شەماڵمان لە شەوێکی ساردی پاییزیدا بە باوەشی سڕی زریان ئەسپارد"؛ ڕۆژی ١٢ی بەفرانبار و لە چلەی شەهیدبوونیدا، سەرەڕای گوشاری بەکرێگراوانی ڕێژیم سەدان کەس لەسەر گڵکۆکەی کۆ بوونەوە و بە گوتنەوەی دروشمی ئاگرینی دژ بە ڕێژیم پەیمانیان نوێ کردنەوە و پاڵپشتییان لە پەیامی ئارەزوو هاوسەری شەهید شەماڵ کرد و ڕوو بە دوژمن دووپاتەیان کردەوە کە هەرگیز لە خوێنی شەهیدەکان خۆش نابن.

"ئەوە شەماڵە دەڵێ:

هەر دێمەوە

دایە گیان هەر دێمەوە

پێ بکەنە دایەگیان لەو وڵاتەی گریان داگیری کردووە، پێ بکەنە کە پێکەنینت بزمارێکە تیژ ڕۆدەچێ بە تابووتی یەکە یەکەی سەردەمکوژان، ڕادەری قاقای دێزەی دێوەکانە، مەڵهەمە، ژارکوژە، ئومێدە بۆ هەرچی بوونەوەرە بۆ هەرچی ئینسانە...

من شەماڵم و دێمەوە، شەماڵم و سەر لەنوێ بە بەژنی شاخێکا هەڵدەچمەوە، دێمەوە دایە گیان، لەگەڵ ئەو پۆلە باڵندانەی بەلای گڵگۆی مندا تێدەپەڕن و بای دەشتی ئازادیان پێیە، دێمەوە هەتا چیرۆکی منالانی ئەم سەرزەمینە بەبێ هەبوونی کوشتن بنووسمەوە، ئەوە هەر خۆیەتی لە بەژنی دارە سێوەکانی ئەم دەڤەرەدا شکۆفەی داوە و شکۆیەک لە ماڵباتی جوانی بەم بەهارە بەخشیوە...

شەماڵ و هاوڕێیانی سەرلەنوێ لە ڕووبارەکانی ئەم وڵاتەدا هەڵدەقوڵێنەوە، دەبن بە متفەڕکی سەر و چاوی ئەو خوشکانەی جلوبەرگی ئەوانیان لەبەر کردووە، دەبن بە چەک و ڕەختی لە قەدهاڵاوی هەموو ئەو برایانەی بۆ مەرگی برا شینیان نەگێڕا و، شینیان کردنەوە، هەر وەک ئەو دارستانانەی مەرگ چۆکیان بۆ دادەدا".

**١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣**

# ئایا وڵاتانی ڕۆژئاوا جێبەجێکاری پیلانەکەی کۆماری ئیسلامین؟



**ئەلبورز ڕووبین‌تەن**

لانکەی شارستانیەتە کۆنەکان، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئیتر زیاتر بە هۆی شەڕ و نائارامی و دیکتاتۆرەکانی لە جیهاندا بە ناوبانگە. هۆکاری ئەوەش کە ئەو شەڕ و ئاڵۆزییانە چەندی بە هۆی وڵاتان و کاراکتەرەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە یا دەستی زلهێزان و وڵاتانی ڕۆژئاواشی تێدایە، مشتومڕێکی زۆری لە سەرە.

نامهەوێ وەک نەریتی باو بە تایبەتی وەک پرۆپاگەندەی دیکتاتۆرەکانی ناوچە بڵێم هەموو ئاڵۆزییەکان پیلانی ڕۆژئاوایە و ڕێگە ئاسانەکە بگرمە بەر، بەڵام نابێ ئەو ڕاستییەش لە بەرچاو نەگرین کە هۆکارێکی سەرەکی ئەو نائارامیانە دەرەنجامی سیاسەتی ڕۆژئاواییەکان لە ناوچە و بە تایبەتی سیاسەتەکانیان لە بەرانبەر وڵاتێکی وەک ئێرانە، چۆن؟

بەر لە ٧ی ئوکتۆبر دوای چەندین دەیە شەڕ ململانێ، ڕەوتی ئاشتیی عەرەب و ئیسرائیل بە خێراییەکی زۆرەوە بەرەو پێش دەچوو، تەنانەت هەبوونی دیالۆگ هیوایەکیشی بۆ چارەسەری گرفتەکانی نێوان فەلەستین و ئسرائیلیشی دروست کرد و، لەوانەیە هیچ کات بە ئەندازەی بەر لە ٧ی ئۆکتۆبر هیوای ئاشتیی عەرەب و ئیسرائیل ئاوا نەبووژابوە.

بێگومـان ئاشـتیی عەرەب و ئیسـرائیل لە ئاسـتی نـاوچەدا هاوکێشـەکانی بە جورێـک دەگـۆڕێ کە تەنیـا بە زیـانی کۆمـاری ئیسلامی دەشکایەوە، هەربۆیەش یەکێک لە نزیکترین میلیشیا و گرووپەکانی سەر بە سوپای پاسداران (حەمـاس) هێرشێکی لەپێشدا بەرنامەڕێژیبۆکراو دەکاتە سەر ئیسرائیل و بە یەکجار زیاتر لە هەزار کەسی ئیسرائیلی دەکوژێ و بریـندار دەکـات و دەڕفێنێ. لە بەرانبەردا دەوڵەتـی ئیسرائیل بڕیـاری هێرشێکی پێچەوانەی زۆر قـورس دەدات بـۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەک بووبێ سەبارەت بەو زەبرە قورسەی وێی کەوتووە تۆڵەی قورس لە حەمـاس بکـاتەوە و، جـارێکی دیکە هەمـوو ئەو هیـوایەی بۆ ئاشتیی عەرەب و ئیسرائیل گەشابوونەوە بەرەو داهاتوویەکی تاریک کووژانەوە.


تـۆ بڵێـی کە حەمـاس و ئێـران ئەو هێرشـەیان کـرد نەیانـدەزانی ئیسـرائیل وەڵام دەداتەوە؟ بێگومـان دەیـانزانی. دەی ئەگەر دەیانزانی بۆچی ئەو هێرشەیان بەو شێوەیە کرد؟ وەڵامەکە ڕوونە. بەڵام ئێران ڕێک ئەوەی دەویست، ڕێژیم دەیهەویست شەڕ و ئـاڵۆزییەکی زۆر گەورە دروست ببـێ، واتە ئیسـرائیل بەو شـێوەیە وەڵام بـداتەوە کە بتـوانێ پلانەکـانی دیـکەی لەسـەر جێبەجێ بکـا. هەربـۆیە حەمـاس تەنیـا بە کوشـتن و ڕفانـدنی ئیسـرائیلییەکان ڕانەوەسـتا و سـەرەڕای ئەشکەنجە و بێڕێـزی تەنانەت دەستدرێژییان کردە سەر ئیسرائیلییەکان و تا ئەو شوێنەی بۆشیان کرا لە ئاستی میدیایدا بڵاویان کردەوە.
ئەگەر لەبیرمان بێ کاتێک بەهاری عەرەبی دەستی پێ کرد و شۆڕش لە سووریە تـا لێواری ڕووخـانی ڕێژیمی دیکتـاتوری بەشار ئەسەد ڕویشتبوو، کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران بە دروسـتکردنی داعش و دەسـتێوەردانێکی بـێوێنە شـەڕێکی مـاڵوێرانکەری درێـژی دروست کـرد کە دەیـان میلیـۆن مـرۆڤ تێیـدا زیانیـان وێ کەوت و تەنیـا ئاکامەکەشی بـۆ ڕێـژیم مـانەوەی ئەسـەد و بەردەوامیی ئـاڵۆزی و شەڕ سەرکەوتنی ئێران بوو.

هەر ئەو شـەڕە بە جـورێکی دیکە لە غەزە بەرنـامەدرێژی کـراوە تـا لە پەنـا ئەو شـەڕەدا کۆمـاری ئیسـلامی بتـوانێ چەنـد ساڵێکی دیکە تەمەنی خۆی درێژ بکـاتەوە. لە بەرانبەردا وڵاتـانی ئورووپـایی و ئەمریکـا و تەنـانەت ئیسـرائیلیش سەرەڕای ئەوەی ڕۆڵی ئێران لەو شەڕەدا دەزانن، ئامادە نین دان بە بەرپرسایەتیی ڕاستەوخۆی ئێران دابنێن، کەچی ئامادەی شـەڕێکی درێژخایەنن لەگەڵ غەزە.

لێرەدا ڕوو لە وڵاتـانی ڕۆژئاوا ئەو پرسیارە دروست دەبێ: ئێـوە ئامـادە نین ڕووبەڕووی هۆکـاری سـەرەکیی هێـرش و شـەڕ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست -واتە کۆماری ئیسلامی- ببنەوە، بەڵام ئامـادەن بە تێچوویەکی زۆری گیـانی و مـاڵی شـەڕ لە بەرانبەر گرووپێکی سـەر بە ئێـران بەردەوام بـکەن، تەنـانەت ئەگەر لە شـەڕ بەرانـبەر ئەو گروپەشـدا سـەرکەوتوو بـن، بە دەیـان گرووپـی دیکە ئامـادەی سـەرهەڵدان لەم وڵات و لەو وڵاتـن. واتە درێـژە بە شـەڕێک بـدەن کە پیلانـی ئێـرانە و تەنیـا لە بەرژەوەندیی ئێراندایە و بەو پێیە ئایا وڵاتـانی ڕۆژئاواش پیلانەکانی ئێران جێبەجێ دەکەن؟

**١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣**

# واقعبینیی سیاسی و گرینگیی بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کورد



مەنسوور مروەتی

"ئێمە دروشمێک نادەین کە بۆمان جێبەجێ نەکرێ"
د. قاسملوو

ڕەنگە زۆر جار گوێمان لێ بووبێ کە لە وەسفی دوکتور قاسملوودا گوترابێ و دەگوترێ، "قاسملوو ڕێبەرێک بۆ هەموو وەرزەکان"، هەروەک ئەوەی جاری واهەیە بۆ ڕێبەرێکی دیکەش یان لە وەسفی کەسایەتییەکی ئەدەبی یان شاعیرێکیش ڕەنگە وا بگوترێ.

ئەگەر لە هەرکام لەوانە ورد بینەوە یان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، دەبینین قسەکە کاتێک دروستە، لەو لێکۆڵینەوەیەدا ڕیئالیزم یان واقعگەرایی ڕەگەزێکی بنەڕەتیی لێکۆڵینەوەکە بێت. بە واتایەکی دیکە ئەدیبێک تا کاتێک لەگەڵ کێشە و ئازارە چارەسەرنەکراوەکانی گەلەکەیدا دەڕوا، ئەوا ئەوەی دەینووسێ هەر تازەیە و لەلایەن خەڵکەوە وەردەگیرێ و دەبێتە وێردی سەر زمانان. بێگومان گرینگتر لە بابەتێکی ئەدەبی واقعبینیی سیاسییە کە ئەمەیان زۆر جار پێوەندیی بە چارەنووسی نەتەوە یان گەلێک لە وڵاتێکدا هەیە. لە دنیای پڕئاڵۆزی شۆڕشی کورد و پرسە چارەسەرنەکراوەکەیدا ئەگەر

لێکۆڵینەوە یان تەنانەت چاوێکی خێراش بە هەڵسوکەوت و بڕیار و وتارەکانی دوکتور قاسملوودا دەخشێنی، بەدەگمەن دەبینی وتار و ڕەفتارێکی سیاسیی دوکتور دوور لە واقعبینیی سیاسی بێت. بە واتایەکی دی دکتور قاسملوو لە دنیای سیاسەتدا جیاواز لە خەون و خەیاڵات و ئاواتەکانی سەبارەت بە چارەنووسی گەلەکەی هەمیشە لاقی لە سەر عەرز بووە و واقعبینیی سیاسی لە ڕەفتار و بڕیارەکانیدا کۆڵەکەیەکی گرینگ و کاریگەر بووە. بۆیە تا کاتێک کە سیستمی سیاسی لە ئێراندا هەروا بە داخراوی و عەقڵییەتێکی دیکتاتۆری بە سەر وڵاتدا زاڵ بێ، هەروەها پرسی کورد هەروا بە چارەسەرنەکراوی بمێنێتەوە، ڕوانگە ڕێئاڵەکانی دوکتور قاسملوو هەر نوێن و لەو سۆنگەوە دەکرێ بگوترێ قاسملوو ڕێبەرێک بۆ هەموو وەرزەکان.

ئەگەر هەر شۆڕشی ژینا و ڕووداوە سیاسییەکانی چەند مانگی سەرەتای پاش هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشە بە نموونە بگرین و لە سەر ئەو ڕووداوانەی کە هاتنە پێش هەڵوێستەیەک بکەین، چەندین نموونەی تێدایە کە دوکتور قاسملوو لانیکەم زیاتر لە ٣٥ ساڵ لەوەپێش قسەی لەسەر کردوون، لە حاڵێکدا ئێستاش پاش ئەو هەموو ساڵە ڕوانگەکانی هەر نرخ و بایەخی خۆیان هەیە و هەر دەڵێی بۆ ئێستا قسەی کردوە. بۆ نموونە، دوکتور قاسملوو لە وتووێژێکدا لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێک بە ناوی عەلی لیمونادی لە پاریس، بەوردی باس لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بەدژی کۆماری ئیسلامی، لە کات و شوێنێ جیاواز و لە ناوچە جیاوازەکان دەکا و هەموویان بە کاریگەر و شوێندانەر دەزانێ و بە پێی هەلومەرج هەر هەموو شێوازەکان لە خەباتی فەرهەنگییەوە تا خەباتی مەدەنی، سیاسی و چەکداری بە پێویست دەزانێ و تەنانەت لە بەشێک لە قسەکانیدا باس لە خەباتی ژنان بەدژی حیجابی زۆرەملێ دەکا کە لەلایەن ڕێژیمەوە بەسەریاندا سەپێنراوە دەکا و ئەوەش بە خەبات دەزانێ. وەکوو باس کرا کە گوێ لە وتووێژەکە دەگری، هێندە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای ئێران دێتەوە کە بیسەر وا هەست دەکا دوکتور قاسملوو ئەو قسانەی بۆ ئێستا کردووە و باسی ئێستای ئێرانت بۆ دەکات. نموونەیەکی دیکە کە لەم شۆڕشەی ژینادا دەرکەوت، هەوڵی پاشماوەکانی پاشایەتی لە ئێران بۆ بەئالتێرناتیڤکردنی کوڕی شای پێشووی ئێران و هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی سیستمی پاشایەتی بۆ ئێرانی داهاتوو بوو، کە دوکتور قاسملوو پێشتر لەو بابەتەشەوە قسەی کردووە و ڕوانگەکانی حیزبی دێموکراتی لەو بارەوە خستووتە ڕوو. ئەم بابەتەش لەبەر واقیبینییەکەی لەم شۆڕشەشدا بوو بە سیاسەتی نەگۆڕی حیزبی دێموکرات و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران، تا جێگایەک کە توانی پاشەکشە بەو فکرە بکات.

جیاواز لەو باسانە، لەم شۆڕەشدا وەک پێشوو ناوەندگەرا و پانئێرانیستەکان وەکوو پیشەی هەمیشەییان لە هەوڵی پەراوێزخستنی گەلانی دیکەی ئێران و ناوبردنیان بە قەوم و قەبیلە و شتی لەو بابەتە بوون و ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامییان بەو جۆرە کە خۆیان دەیانهەویست وێنا دەکرد. ئەوان لە خەیاڵی خۆیاندا جگە لە فارس، دان بە نەتەوەکانی دیکەی دانیشتووی جوغرافیای ئێراندا نانێن. ئەم بابەتە چلوسێ ساڵ لەوەپێششیش لەلایەن دوکتور قاسملووەوە بەرپەرچی

دراوەتەوە و جیا لە باسی واقعبینیی سیاسی نیشانەی توانایی ڕێبەری لێوەشاوەی کورد لە باسە تیۆریک و زانستییەکانە، و ئێستا و لەم شۆڕشەی ژیناشدا کوردێک نابینی کە ئاگاداری ئەو باسە نەبێ و وەکوو میللەت باس لە مافەکانی کورد نەکا.
نموونەیەکی دیکە بۆ واقعبینیی سیاسی دوایین قسەکانی دوکتور قاسملووە لە دوایین دانیشتنی لەگەڵ ئەو تێرۆریستانەی کە بەڕواڵەت بۆ دانیشتن و وتووێژ لە ڤییەن دوکتوریان شەهید کرد. لەودا دوکتور قاسملوو زۆر بەڕوونی باسی بەرپرسایەتیی ئێستای ئەوان و چارسەرکردنی پرسی کورد لە ئێران لە چوارچێوەی خوموختاریدا دەکا و دەڵێ ئێمە ئێستا باسی خودموختاری دەکەین بەڵام زەمانەتی ئەوە ناکەین نەسلی دوای ئێمە داوای سەربەخۆیی نەکەن. ڕێک ئێستا و لەم سەردەمەدا نەسڵێک هاتوونەتە پێش کە خوازیاری سەربەخۆیین و، ڕێک ئەوەی دوکتور پێشبینیی دەکرد ئێستا هاتووەتە دی.

ئەم چەند نموونەیەی باس کرا، مشتێک لە خەرمانێک بوو، دەنا باسکردن و نموونەهێنانەوە لە واقعبینیی سیاسی لە ڕەفتار و ڕوانگە سیاسییەکانی دوکتور قاسملوودا پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر وردتر و بەربلاوتر هە کە لەم کورتە وتارەدا جێگای نابێتەوە.

لەگەڵ واقعبینیی سیاسیدا یەکێک لەو بابەتانەی کە دوکتور قاسملوو هەوڵی بۆ دەدا، بەنێودەوڵەتیکردنی خەباتی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیەتی. دیارە بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد خۆی لە خۆیدا نیشانەی واقعبینیی سیاسییە؛ ئەگەر هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی هەوڵی بۆ بدات. چونکە هەم گەلانی ژێردەستە و هەم ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییەکان تا کاتێک کە سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ لای پرس و خەباتەکەیان ڕانەکێشن، شانسی سەرکەوتنیان کەمە. چونکە ئەو دەوڵەتانەی گەلانی ژێردەستیان داوای مافی خۆیان دەکەن وەکوو یاغی و سەرەڕۆ چاویان لێدەکەن و بەپێی یاسای نێوخۆیی خۆیان لەگەڵیان دەجووڵێنەوە، بەڵام ئەگەر گەلان و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییەکان بتوانن پرسی خۆیان بەنێودەوڵەتی بکەن و سەرنجی دنیای دەرەوە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، ئەوا یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان پشتیوانییان لێدەکەن و ئەوەش دەبێتە هۆی شەرعیەتدانێکی نێودەوڵەتی بە خەباتەکەیان و لەو سۆنگەوە کۆمەڵێک مافیان بۆ دەستەبەر دەبێ. یەک لەو مافانە مافی چارەی خۆنووسینە کە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چەندین بڕیارنامەدا پشتیوانیی لێکردوە، تا ئەو جێگایەی کە جەختی لەسەر شەرعیبوونی خەباتی چەکدارانەی گەلانی ژێردەستە بۆ گەیشتن بە مافەکانیان کراوەتەوە.
بێگومان ڕێبەری ناوداری کورد شەهید دوکتور قاسملوو بە تێگەیشتن لە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بەباشی ئاگاداری گرینگیی ئەم بابەتە بووە، بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە پرسی کورد لە پرسێکی نێوخۆییەوە بکاتە پرسێکی نێودەوڵەتی و لە دنیادا پشتیوان و دۆست و پارتنەر بۆ پرسی کورد پەیدا بکا.

ئەگەرچی پرسی کورد بە گشتی و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستاش بە چەند هۆکارێک شانسی ئەوەی نەبووە لە پرسێکی نێوخۆیی وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستانەوە بکرێتە پرسێکی نێودەوڵەتی، بەڵام بۆ ئەو مەبەستە لە لایەن

ڕێبەرانی کوردەوە هەوڵی زۆری بۆ دراوە و لەو نێوەدا بەتایبەتی جێی دەست و هەوڵەکانی دوکتور قاسملوو لەم بوارەدا دیار و بەرچاوە.

لەنێو دەوڵەتاندا بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە پێوەندیی دەوڵەتی فەڕانسە و کەسایەتییە سیاسییەکانی فەڕانسەوی بە بزووتنەوەی کوردەوە بکەین کە بناغەدانەرەکەی دوکتور قاسملوو و هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی ئەو بووە. هەروەها ڕاکێشانی سەرنجی ڕۆژنامەنووسانی بیانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی دوکتور قاسملوویە، کە بەشی زۆریان هەتا ئێستاش هەر پێوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کوردستان و ڕێبەرانی کوردەوە هەیە.

مەبەست لەو چەند نموونەیە، ئاماژەیەکی کورت بوو بە گرینگیی بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد و هەوڵەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بۆ ناساندنی پرسی کورد بە دنیای دەرەوە و هەوڵدان بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی ئەو پرس و خەباتە.

۱۹ی خەزەڵوەری ۲۷۲۳

---

# مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا
## (شۆڕشی مەشرووتە ١٩٠٦ی زایینی)



مستەفا مەولوودی

شۆڕشی مەشرووتە (١٩٠٦ - ١٩١١ز ) وەکوو ڕووداوێکی گرنگ لە مێژووی نوێی ئێراندا ڕووداوێکی لەپڕ و ناکاو نەبوو و لەخۆڕا هەڵنەقولا، بەڵکوو ڕیشەی لە ڕابردوویەکی دووری فیکری و سیاسیدا هەبوو. کۆمەڵە هۆیەک دەستیان وەدەستی یەکتر دا تا ببنە سەرچاوەی ئەو ئاڵوگۆڕە مەزنە کە گرنگترینیان بریتی بوون لە: ناڕەزایەتی توندی کۆمەڵانی خەڵک لە زوڵم و زۆریی دەسەڵاتدارانی قاجار و بەر لە هەمووان بێتوانایی پادشاکانی قاجار، دۆخی شپرزی ئابووریی وڵات و زۆربوونی گوشاری دارایی کە بە شێوەی باج و خەراج لە خەڵکیان دەستاند. ناکۆکیی نێوان کۆمەڵگەیەکی کلاسیک و پێوەندی ڕوو لە گەشەی فۆرماسیۆنی سەرمایەداری، کێشە و دووبەرەکیی نێوان شازادەکانی قاجار بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، داخوازی ڕووحانییەتی گەورەی تاران، قوم، مەشهەد و نەجەف بۆ بەشداری لە دەسەڵات، چالاکیی فیکری ڕووناکبیریی و شوێنەواری ڕۆژنامەکانی وەک «پریا»، «پرورش»، «حبل المتین» و «حکمت» و هاوکات ئەو کتێبە فارسییانەی لە ئەستەمبول لەچاپ دەدران، لە بردنەسەری ڕادەی وشیاری سیاسی و هەستی شۆڕشگێڕیی کۆمەڵانی خەڵک دەوری بەرچاویان هەبوو. شکستی ڕووسیە لە ژاپۆن (١٩٠٥) و شۆڕشی ساڵی (١٩٠٥)ی ڕووسیە و دەنگدانەوەی ئەو دوو

ڕووداوەش کاریگەریی خۆی هەبوو لەسەر ڕەوشی ئێران.

شۆڕشی مەشرووتە لەسەر بەستێنی ئەم هەلومەرجە لە دیسامبری ١٩٠٥ بە خۆپێشاندان و بەست دانیشتن (مانگرتن) و بەشداریی بەرینی کۆمەڵانی خەڵک لە تاران دەستی پێ کرد و لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی خۆیدا شەپۆلی شۆڕش شارەکانیتریشی وەک تەورێز، ئیسفەهان، شیراز و مەشهەد و زۆر ناوچەی دیکەی ئێرانی گرتەوە. ئامانجی ئەو شۆڕشە بریتی بوو لە: کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بێگانە و دامەزراندنی سیستەمێک کە تێیدا یاسا سەروەر بێت و خەڵک لە ڕێگەی پارلەمانەوە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، پادشایەتی نیهادێکی سیاسی بە دەسەڵاتێکی دیاریکراو بێت و دەسەڵاتیش لە میللەتەوە سەرچاوە بگرێت. سەرەنجام خەباتی خەڵک بەئاکام گەیشت و موزەفەرەدین شا لە بەرانبەر ویست و داخوازیی شۆڕشگێراندا پاشەکشەی کرد و فەرمانی مەشرووتە و دامەزراندنی پارلەمانی لە چواردەی ڕەجەبی ١٣٢٤کۆچی مانگی (١٩٠٦ز) دەرکرد.

ڕۆژی هەژدەیەمی مانگی شەعبانی ١٣٢٤ی کۆچی مانگی (١٩٠٦ز) پارلەمان بە ئامادەبوونی نوێنەرانی تاران کرایەوە و پاش گەیشتنی نوێنەرانی شارەکانی تر، دەستی بەکار کرد و گرینگترین ئەرکی پارلەمان نووسین و پەسندکردنی دەستووری مەشرووتە بوو، کە پارلەمان ئەو یاسایەی لە پەنجا و یەک مادەدا گوونجاندبوو، و لە چواردەیەمی زیلقەعدەی ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی مانگی (١٩٠٦ز) بە ئیمزا و پەسندی موزەفەرەدین شا و محەممەدعەلی میرزای جێنشینی گەیاند. بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو دەستوورە بەپەلە و بەخێرایی نووسرابوو و دەکرێ بڵێین وەرگێڕاوێکی لاوازی دەستووری چەند وڵاتێکی ڕۆژئاوایی بە تایبەت بێلژیک بوو، پێویستیی بە ئاڵوگۆڕ و پاشکۆ (متمم) هەبوو. هەربۆیە دواتر لە ١٠٧ ماددەدا، یاسای پاشکۆی دەستوور لە بیست و نۆهەمی شەعبانی ١٣٢٤ی کۆچی بە پەسند و ئیمزای محەممەدعەلی میرزا و پارلەمان گەیشت.

بەم جۆرە شۆڕشی (١٩٠٦ز) جێی بە فەرمانڕەوایی ئۆتۆکراتی چۆڵ کرد و حوکمێکی پادشایەتی مەشرووتەی لەجێ دانا، گەرای ناسیۆنالیزمی ئێرانیشیی داڕشت. گوتاری نەتەوەیی ئێران کە بەدەم بزووتنەوەی مەشرووتەخوازییەوە دژایەتیی دێموکراتیانەی گەلی لە ئاست ئۆتۆکرات وەڕوو خستبوو و زەق و گرینگی کردبۆوە، هاتە نێو دەربڕینی فەرمی سیاسییەوە. لە ماددەی بیست و شەشەمی پاشکۆی دەستووردا هاتووە: دەسەڵاتی مەملەکەت لە میللەت سەرچاوە دەگرێ.

لە ماددەی سی و پێنجەمی دەستووردا هاتووە: «سەڵتەنەت ئەمانەتێکە لەلایەن میللەتەوە بە پادشا ئەسپێردراوە.» واتە شا وەک سێبەری خودا لەسەر عەرز نەما و ئیتر سەرچاوەی دەسەڵاتی پادشا خوا نییە، بەڵکوو ئیرادەی خەڵکە. گوتاری «نەتەوەی ئێران» لە قانوونی بنچینەیی (دەستوور) دەوڵەتی تازەدا وەکوو سەرچاوەی سەروەری (دەسەڵاتی سیاسی) و ڕەوایی (مەشروعییەتی سیاسی) گونجێندرا.

بەم جۆرە لە ڕەوتی شۆڕشی مەشرووتە و ساڵەکانی دواتر، وردەوردە واتای نوێی «میللەت» لە بەرانبەر واتای «ڕەعییەت» وەک شوناسی نوێ دەرکەوت و واتای نوێ لە بەستنەوە بە شەریعەت و دین ڕزگاری بوو. میللەت وەک «دانەری یاسا» چ بەکردەوە و زۆرتر وەک تیۆری بەدوای گەڕان بۆ مافی کۆمەڵایەتیی خۆی مەشغووڵ بوو. ماددەی بیست و شەشەم و بیست و حەوتەمی دەستوور دەڵێ: «دەسەڵاتی مەملەکەت لە میللەت سەرچاوە دەگرێ و ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتە، دەستوور دیاریی دەکا. دەسەڵاتی مەملەکەت بە سێ بەش دابەش دەکرێ.» بەوتەی «ڕەزا داوەری» لێرەدایە ناسیۆنالیزم دەردەکەوێ، چونکە دەسەڵات بە میللەتە و میللەت یاسادانەر و سەرچاوەی حوکم و یاساش هەر بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

«نازمولئیسلامی کرمانی» مێژوونووسی ناسراو کە بۆخۆی لە دوو ساڵ پێش لە سەرکەوتنی سەردەمی شۆڕشی مەشرووتە، واتە لە ساڵی ١٢٨٣ی هەتاوی (١٩٠٤ز)بیەوە تێکەڵ بە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بووە و لە نزیکەوە شاهیدیان بووە؛ لە کتێبە بە ناوبانگەکەیدا بە ناوی «تاریخ بیداری ایرانیان» لە گێڕانەوەی پێشوازیی خەڵک لە ١٢٨٥ی هەتاوی بەرانبەر بە (١٩٠٦ز) لە ڕێبەرانی شۆڕش لە کۆچی ناسراو بە «مهاجرت صغری»دا دەڵێ: «ئەو کۆبوونەوەیە و ئەو ڕۆژە یەکەم کۆبوونەوە و یەکەم ڕۆژ بوو کە هاواری «بژی میللەتی ئێران» گەیشتە ئاسمان. ئەو کۆبوونەوەیە بۆ نوێنەرانی دەوڵەت وەک «ئەمیر بەهادور» و «نەسرولسەڵتەنە» و «شەمسولملوک» کە لەو شوێنە ئامادە بوون بە خۆشی تێپەڕ نەبوو، چون کەس ناوی نەهێنان و دروشمی بژی «میللەتی ئێران» بۆ یەکەمجار بەر گوێیان دەکەوت و مانای قەومییەت و میللەتیان نەدەزانی». هەتا ئەو سەردەم خەڵکی ئێران خۆیان لە شوناسی جۆراوجۆردا دەناسی و هەروەک دەبینین «شوناسی نەتەوەی ئێران» بۆ ئەوان زۆر غەریبە و وەفاداریی بە وڵات یا میللەت لە ئارادا نییە. ئێران لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە لایەن نووسەران و وێژەرانەوە وەک مەملەکەتی ئیسلام و «شا» وەکوو پادشای ئیسلام ناویان هاتوە. بێجگە لەمە دەنگهەڵبڕانی جووڵانەوەی چاکسازی کە شۆڕشی مەشرووتەی لێ کەوتەوە لەدژی دەستدرێژیی بێگانە بوو بۆ «مەملەکەتی ئیسلامی» و «موسڵمانان»، نەک «ئێران» و «ئێرانییەکان».

بیرۆکەی نەتەوەیی یا سەروەری لە جیهانی ئیسلامدا هیچ پێگەیەکی فیکری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی نییە، شای سەفەوی و دواتر قاجار و خەلیفەی عوسمانی لە ساڵەکانی ١٥٠٠ەوە و پێشتریش خەلیفەی موسڵمانان سەرپەرشتیی «ئۆمەتی» موسڵمانیان دەکرد کە بەسەر کۆمەڵگە و ئێتنیکە جیاوازەکاندا دابەش دەکران. مافی کەمایەتییەکانیش بەپێی حوکمی شەرع و یاسای جیهانگیریی ئایینی دیاری دەکرا. پاراستنی ئایینی ئیسلام و هەرێمە موسڵماننشینەکان ئەرکێکی هاوبەشی گشت ئۆممەتی ئیسلامی دەهاتە ئەژمار. بۆیە ڕێبەرانی ئایینی، دەسەڵاتی زیاتریان پێ دەسپێردرا و لەم ڕێگەیەوە پێناسەی ئیسلامبوون زیاتر برەوی پێ درا. بنەماڵە، هۆز و ئایین هەم لە ئیمپراتۆریی عوسمانی و هەم لە ژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکان و دواتر قاجاریش نیشانەی ناسنامەی سەرەکی خەڵک بوون. «سارا مەحموود»یش لەسەر ئەو ڕایەیە کە: «لەوانەیە تەنیا شوناسی هاوبەش لەو سەردەمە شوناسی ئایینی زۆرینەی شیعە بووبێ. سەید حوسێن کازمزادە کە بۆخۆی


لەو دەستە ڕووناکبیرانەی سەردەمی ڕەزاشایە و پرۆپاگەندەی بۆ ناسیۆنالیزمی ئێرانی دەکرد، لە گۆڤاری «ایرانشهر» کە لە بەرلین پێتەختی ئاڵمان چاپ و بڵاوی دەکردەوە، بەم چەشنە لە دەست لاوازیی وشیاریی نەتەوەیی خەڵکی ئێران، تەنانەت پاش شۆڕشی مەشرووتە دەناڵێنێ: «لە وڵاتێک کە ئێل و عەشایری تاڵانچی مرۆڤکوشتن و ئاوخواردنەوەیان بەلاوە یەکە، ماڵ و حاڵی خەڵکیان پێ ڕسق و ڕۆزیی سروشتیی خۆیانە و هەرچەند مانگ جارێک بە هاندانی هەتر، لە نیشتمانی خۆیان ڕادەپەڕن، لە شوێنێک کە بێگانەیی و ناتێگەیشتوویی بەو ڕادەیە گەیشتوە کە خەڵکی هەر ویلایەتێک لە شار یان ویلایەتێکی دیکە، خۆی بە غەریب دەزانێ و لە زۆربەی خەڵک ئەگەر ناوی نیشتمانەکەی (وەتەن)ی دەپرسی، شوێنی لەدایکبوونی دەڵێ. لە وڵاتێک کە ڕادەی تێگەیشتوویی خەڵک لە تێگەیشتنی مانای شار و ویلایەت و مەملەکەت پتر نییە و وشەی ئێران بۆ ئەوان وەک مەتەڵ وایە، چۆن هیوا و هۆمێد بە پێشکەوتن و ئاوەدانی دەبێ». عارف قەزوینی شاعیر و هونەرمەند دەڵێ: «ئەگەر ئەمن هیچ خزمەتێکم بە مۆسیقا و ئەدەبیاتی ئێران نەکردبێ، کاتێک میلۆدی نیشتمانیم دروست کرد کە خەڵک لە ئێران لە دە هەزار کەس یەک کەس نەیدەزانی «وەتەن» یانێ چی. تەنیا وایان دەزانی «وەتەن» شار یان گوندێکە کە مرۆڤ تێیدا لەدایک بووە.

لە یەک قسەدا شوناسی ورد و بچووک، پارچەپارچە و لێکبڵاو لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی ئەو سەردەمە بوو و لە نەبوونی ئایدۆلۆژییەکی شوناسپێدەر و یەکدەست، بە درێژبوونەوەی ستراکتۆری دەسەڵاتی پاتریمونیالی یارمەتیی دەکرد. ئەوە تەنیا لە سەردەمی مەشرووتە و پەهلەو دایە کە گوتاری پێویست بۆ بیچمگرتنی شوناسی سەرانسەری لە چوارچێوەی واتای»نەتەوەی ئێران» پێکهات. دارشتنی دەستووری مەشرووتەی ساڵی ١٩٠٦ دەسپێکی ئەم پرۆسەیە بوو. بەپێی ئەم دەستوورە شوناسی ئیتنیکیی دەسەڵاتی سیاسی فارسە، شوناسی زمان فارسییە و شوناسی مەزهەبی، شیعەی دوازدە ئیمامییە.

ماددەی یەکەمی پاشکۆی دەستووری دەڵێ: «مەزهەبی فەرمیی ئێران، ئیسلام و تەریقەتی حەقەی جەعفەری دوازدە ئیمامییە، دەبێ پاشای ئێران خاوەن و پەرەپێدەری ئەم ئایینە بێت.» هەروەها بەپێی ماددەی حەوتەم لە هەڵبژاردنی «ئەو کەسەی پاڵێوراوە بۆ پارلەمان، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەبێ خوێندەواریی نووسین و خوێندنەوەی زمانی فارسی بە ڕادەی پێویستی هەبێ«.

لە دەستووردا باسێک سەبارەت بە شوناسە کولتووری و زمانییەکانی دیکە (کورد، ئازەری، عەرەب، بەلووچ و تورکمان) نەکرابوو و خۆی لە ئاستیان گێل کردبوو. بەم جۆرە بنەمای دەستووری سەردەمی مەشرووتە لەسەر شووناسی یەکگرتوویی ئێرانی دامەزرا و لەدایکبوونی زاراوەی «نەتەوەی ئێران» کە زمان و کولتووری فارسی و مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی تایبەتمەندیی سەرەکیی بوون، ڕەسمییەتی پێ درا و کێشەی فرەنەتەوە (Nations Multi) بە چارەسەرنەکراوی مایەوە و لە هەمان کاتیشدا ڕەوایی بە ستەم و ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوایەتی بەخشرا.

# خێروبێری شەڕی غەززە بۆ کۆماری ئیسلامی




**عەلی بداغی**

قسەیەکی بەناوبانگی خومەینی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەیگوت شەڕ نیعمەتە و خێروبێرەکەی بۆ نیزام زۆرە، لە هەموو ماوەی تەمەنی ئەم ڕێژیمەدا یەک لە ستراتیژییەکانیان بووە.

شەڕ لەگەڵ عێراق لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی کە بە بڕیاری خومەینی بۆ ماوەی ٨ ساڵ درێژ کرایەوە، دەرفەتی بۆ ڕێژیم ڕخساند ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیه و جۆری نیزامیی سیاسیی خۆیان سەقامگیر بکەن، لە سۆنگەی ئەم شەڕەوە پاساو بۆ قەڵتوبڕ و کوشتاری ڕخنەگران و نەیارانی سیاسیی خۆیان دابتاشن، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران سنووردار و پێشێل بکەن و دەیان هەزار بەندیی سیاسی لە زیندانەکاندا لەسێدارە بدەن. ئێران لەو شەڕەدا شکستی خوارد، بەڵام ڕێبەرانی ڕێژیم کە دەسەڵاتەکەیان سەقامگرتوو کردبوو، خۆیان بە براوە دەزانی و هیچ بۆیان گرینگ نەبوو ٢٢٦ هەزار کەس لە خەڵکی ئێرانیان بە کوشت داوە، ٥٧٥ هەزار کەس بریندار و نقوستان بوون، ٦٢٧ میلیارد دۆلار لەو شەڕەدا لە سامانی گشتیی وڵات خەج کراوە و ٦٤٥ میلیارد دۆلاریش زیان و خەسار لە کەرتە گشتییەکانی وڵات دراوە.

دوای خواردنەوەی جامی ژارەکە و شکست لە هەموو بەرەکانی شەڕ، چ لە بەرەی شەڕی مەیدانی و چ لە بەرەی شەڕی ویژمانی کە دەیانگوت "ڕێگای قودس بە کەربەلادا تێدەپەڕێ"؛ مافیای شەڕ، واتە بەیتی ڕێبەری و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لەژێر ناوی "سازەندەگی"دا بوونە مافیایەکی ئابووریش و دەستیان بەسەر هەموو جومگەکانی ژیانی ئابووری و سامانی گشتیی وڵاتدا داگرت. مافیای شەڕ لە کۆماری ئیسلامی لەو قۆناغەشدا پاوانکردنی ئابووریی وڵاتی خستە خزمەتی سیاسەتی میلیشیاسازی لە عێراق، یەمەن، سووریە، لوبنان و فەلەستین؛ بۆوەی هەم شەڕی نیابەتیی ڕێژیم لەگەڵ وڵاتانی ناوچەیان پێ بکا، هەم لە شەڕی ساردی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا کە دەیان و سەدان جۆر سزا و گەمارۆی لەدژیم ڕێژیم بەدووودا هات، قازانجی ئابووریی تایبەت بە خۆیانیان هەبێ.

شەڕی غەززەش کە لە ڕۆژی ١٥ی ڕەزبەرەوە بە هاندان و بارهێنانی هێزەکانی حەماس لە ئێران و فەلەستین و، بە هێرشی ئەم میلیشیا نیابەتییەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل دەستی پێ کردوە، قازانجی بۆ ڕێژیم زۆر بووە کە گرینگترینیان ڕاگرتنی ڕەوتی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی وڵاتانی ناوچە بەتایبەت عەرەبستان لەگەڵ ئیسرائیلە. هەروەها کاردانەوەی توندی ئیسرائیل و ئەگەری تەشەنەکردنی شەڕ لە کەرتی غەززەوە بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی فەلەستین و بەوپێیە دروستبوونی کۆدەنگییەکی دی لەدژی ئیسرائیل لەنێو وڵاتانی ناوچە و جیهان دەسکەوتێکی دیکە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ. جیا لەو دەسکەوتە سیاسی، ئیدئۆلۆژیک و لەدواجاردا ئابوورییە مەزنە بۆ کۆماری ئیسلامی، قەیرانی دروستبوو لە دڵی ئەو شەڕ و تێکهەڵچوونانە کە کەلێن و کەلەبەری ژێئوپۆلۆتیکیی نێوان وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ چین و ڕوسیەی ئەوەندەی دیکەش گەورە کردەوە؛ قازانج و خێروبێرەکەی هەر کۆماری ئیسلامی هەڵیدەگرێتەوە. خۆ لێرەشدا گرینگ نییە کە چەند دە هەزار کەسی بێتاوان لە هەردوو بەرەی فەلەستینی و ئیسرائیلی دەکوژرێن و چەند دە میلیارد دۆلاری دیکە زیانی ئابووری بەر کەرتی غەززە دەکەوێ کە ڕیژیم سینگی خۆی بەدرۆ بۆ دادەڕێ؛ گرینگ ئەوەیە ئیدئۆلۆژی و هەژمۆنیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەیان باڵادەست و بەهێز هێشتۆتەوە!

**شەڕ لە غەززە هەتا ئێستاش دوو قازانجی دیکەی بۆ کۆماری ئیسلامی بووە:**

**یەکەم**. ئەو شەڕە لە سۆنگەی کارەساتە مرۆییەکانی کە هەردوو لایەنی شەڕ تێیدا تاوانبارن سەرنجی مێدیاکان و کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکانی لەسەر خۆی کۆ کردۆتەوە و ئەمەش ئەو دەرفەتەی بە کۆماری ئیسلامی داوە سووکباڵ و ئارخەیانتر لە جینایەتەکانی لە نێوخۆی وڵاتدا بەردەوام بێت. وەک چۆن لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا ئێعدامەکان لە سەرانسەری وڵات، کۆڵبەرکوژییەکان لە کوردستان و بەلوچستان، گرتن و بەندکردن و گوشارە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەر خەڵک چەند قات زیادیان کردوە، بێئەوەی بارگرانییەکی ئەوتۆی تووشی ڕێژیم کردبێ.

**دووهەم**. لایەنێکی دیکەی خێروبێری ئەو شەڕە بۆ ڕێژیم پووشبەسەرکردنی قەیرانە ئابوورییەکانی وڵات لە دۆخێ ئێستادایە. ئامارە ڕەسمییەکانی ڕێژیم خۆیان دەڵێن کورتیهێنانی بودجە هەتا ئێستا خۆی لە ٥٠٠ هەزار میلیارد تمەن داوە، هەڵێنجان و هەناردەی نەوت وەک سەرەکیترین داهاتی ریژیم هەر هاتوە و لە کەمیی داوە، توانای کڕینی خەڵک ئەمساڵ بەنیسبەت ساڵانی رابردوو سەتا ٤٠ دابەزیوە، لە هەر سێ کەس لە ئێران یەکیان لەژێر هێڵی هەژاریدان، سەروو سەتا ٣٠ی خەڵک لە کاولەکۆن و پەراوێزی شارەکاندا دەژین، وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن -سەرەرای ئەوەی بە گەورەترین بۆنگای بانگەشەی تەبلیغاتی-ئیدۆلۆژییەکانی ڕێژیم دادەنرێ- دەیان هەزار پۆلی خوێندنی بەبێ مامۆستای وانەبێژ ماوەتەوە، قەیرانەکانی ڕووداوەکانی کار و هاتوچۆ و خۆکوژی کە لە ٧ مانگی ڕابردوودا گیانی لە زیاتر لە ٥ هەزار کەس ئەستاندوە. ئەمانە و دەیان قەیرانی دیکەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵک و کۆمەڵگەی ئێران کە ڕێژیم لەژێر سێبەری شەڕی غەززەدا شاردوونیەوە.

شەڕ و نائارامی چ لە نێوان ڕووسیە و ئۆکراین، چ لە غەززە و چ لە ناوچەدا هەتا ئێستا بۆ کۆماری ئیسلامی ئاکامی دڵخوازی بووە، چونکی هەم قەیرانە نێوخۆییەکانی خۆی پێ داپۆشیوە، هەم لە نێو پێکدژیی بەرژەوەندیی وڵاتان و زلهێزەکانی جیهاندا دەرفەتی بژیو و بەردەوامیی بۆ خۆی ڕەخساندوە. ڕوون و ئاشکراشە کە هەتا ئەو ڕێژیمەش مابێ، شەڕ و قەیران لە وڵاتانی ناوچەدا تەواو و بنەبڕ نابن و ڕەوتی ئەمنییەت، سەقامگیری و بەرەو دێموکراسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا جێگیر نابێ. وەک چۆن هەتا ئێستا لە سۆنگەی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە قەیرانی سیاسی لە وڵاتانی یەمەن، سووریە، لوبنان، فەلەستین، عیراق و ئەفغانستان بەوپەڕی خۆی گەیشتووە و خەڵکی ئەو وڵاتانە بەهۆی دەستێوەردانەکانی ئێرانەوە تووشی کوشتار، خوێنڕشتن وماڵوێرانیی بەردەوام هاتوون.

**١٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣**

---

# خەڵکی ئێران و کۆماری ئیسلامی، دوو ئامانج و دوو ڕێباز



**سمایل شەرەفی**

سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە پرسی فەلەستین بە گشتی و بەتایبەت مەسەلەی ئەمدواییانەی نێوان حەماس و ئیسرائیل، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بۆچوون و ڕوانگەی خەڵکی وڵاتی ئێران یەک ناگرێتەوە. ئەگەر ڕوانگەی گەلانی ئێران بۆ ئەم پرسانە لە ڕێزگرتن لە ئیرادە و ماف و ویستی گەلانەوە سەرچاوە دەگرێ کە مافی ئەوەیان هەیە بەدوور لە شەڕ و ماڵوێرانی لە خاک و وڵاتی خۆیاندا بە ئازادی و بەختەوەری بژین، هەڵوێست و سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕاست پێچەوانەی ئەم تێڕوانینەیە. ئاژاوەنانەوە و پشتیوانی لە تاقم و گرووپە توندڕەوەکانی ناوچەکە و تێڕوانینی "سڕینەوەی دەوڵەت و نەتەوەیەک" و پشتیوانیی بەدرۆ لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیەکی دیکە، ماهییەت و چوارچێوەی سیستەمێکی ڕەشی ئیدئۆلۆژیکە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ٤٥ ساڵە لەژێر ناوی "هەناردەکردنی شۆڕش"دا پەیڕەوی دەکات.

کۆماری ئیسلامی لە هەموو ماوەی تەمەنیدا زۆری هەوڵ داوە خەڵکی وڵات بەم ئیدئۆلۆژییە پەروردە بکا و بەدوای سیاسەت و هەڵوێستەکانی خۆیدا پەلکێشیان بکات. بەڵام جیا لە مایەپووچی هیچی دەست نەکەوتووە. لە تازەترین تاقیکردنەوەدا

هەر لەم ڕۆژانەی گەرماوگەرمیی شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیلدا کە ڕێبەری ڕێژیم بەڕاشکاوی دەستخۆشیی لە چەکدارانی حەماس سەبارەت بە هێرشیان بۆ سەر ئیسرائیل و کوشتنی دەیان کەسی بێتاوان دەکرد، خەڵکی وڵات نەتەنیا کەمترین لایەنگرییان بە قسەکانی خامنەیی نیشان نەدا، بەڵکوو لە هەر دەرفەتێکی هەڵکەوتووی وەک؛ ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی ئارمیتای کوژراو بەدەستی هێزە سەرکوتکەرەکان و خۆپێشاندانە بەردەوامەکانی خانەنشینکراوەکان و زۆر بۆنە و دەرفەتی دی، خەڵک بە گوتنەوەی "نە غەززە، نە لوبنان"، "واز لە فەلەستین بێنە و بیرێک لە ئێمە بکەوە"، تەواوەتیی سیاسەتی کۆماری ئیسلامییان لەم پێوەندییەدا خستەژێر پرسیار و ڕەتیان کردۆتەوە.

هەر لە تاقیکردنەوەیەکی دیکەدا کە کاربەدەستانی ڕێژیم و دامودەزگای پروپاگەندای نیزام لەسەر داوای خودی بەیتی ڕەهبەری، نزیک بە یەک مانگ بوو خۆیان بۆ ئامادە دەکرد، خەڵک دیسان (نا)یەکی دیکەی گەورەیان بە هەڵوێست و سیاسەتەکانی ڕێژیم گوتەوە. لە "١٣ی آبان"ی ئەمساڵدا کە ساڵڕۆژی هێرشی خوێندکارانی پێڕەوی خومەینی بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران و داگیرکردنیەتی و لە ڕۆژمێری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە "ڕۆژی موبارزە لەگەڵ ئیستکباری جیهانی" ناودێر کراوە، سەرەڕای تەبلیغێکی بەربڵاو بۆ هاندانی خەڵک و بەشداریان لەم ڕێوڕەسمە، بە دانانی خودی بەرپرسانی ڕێژیم، لە تارانێکی ١٢ تا ١٣ میلیۆن حەشیمەتیدا، کەمتر لە ٥٠ هەزار کەس بەشدار بوون.

لە کەس شاراوە نیە ئەوەی ئەمڕۆژانە بەسەر غەززە و خەڵکە بێتاوانەکەیدا دێت، بەلای خەڵک و گەلانی ئێرانەوە کارێکی ناپەسەند و دوور لەهەر بەهە و نۆرمێکی مرۆییە. بەڵام بۆ هەمووانیش ڕوون و ئاشکرایە کە ئەوەی کۆماری ئیسلامی وا خۆ نیشان دەدات پشتیوانی خەڵکی غەززە و پرسی ڕەوای نەتەوەی فەلەستینە، جیا لە درۆ و "فرمێسکی تیمساح ڕشتن" شتێکی دیکە نییە. هەر بە پێی دوایین قسەکانی حەسەن نەسروڵڵا، سکرتێری گشتیی حیزبوڵڵای لوبنان، کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەکی مادی، تەسلیحاتی و مەعنەوی، یارمەتیدەر و پشتیوانی ئەو تاقم و گرووپە توندڕەوانەیە کە ئاکار و کردەوەیان، چارەنووسی ئەمڕۆی غەززە و خەڵکەکەی لێ کەوتۆتەوە.

سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکە نەتەنیا لەلای خەڵکی وڵات ناپەسەند و ڕەتکراوەیە و هیچ یارمەتییەک بە سەقامگیریی ئاسایش و ئەمنییەت لە ناوچەکەدا ناکات، بەڵکوو خودی دەوڵەتانی ناوچەکە، کە چ لەبواری نەتەوەیی و چ لە بواری مەزهەبییەوە، خەڵکی غەززە و بەگشتی فەلەستین بە بەشێک لە خۆیان دەزانن، ڕوانگەو بۆچوونەکانی ئەم ڕێژیمە نەک بە "چارەسەر" نازانن، بەڵکوو بە قەیرانخوڵقێن و ئاڵۆزکەر لە قەڵەم دەدەن. لە دوایین کۆبوونەوەی وڵاتانی ئیسلامیدا کە ڕۆژی شەممە لە ریازی پێتەختی عەرەبستانی سعوودی بەڕێوە چوو، سەرۆککۆماری چەفیە لە مل و"دەستوپابووسی حەماس"ی کۆماری ئیسلامی، بە ڕیزکردنی ١٠ خاڵی بە قەولی خۆی "چارەسەر" بۆ دۆخی غەززە، ڕوانگە و بۆچوونەکانی ڕێژیمەکەی خستە ڕوو. قسەکانی ناوبراو کە جیا لە دژایەتی و دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسرائیل و پێداهەڵگوتن

به حەماس و خۆبەخەمخۆرزانینی بەدرۆی خەڵکی غەززە، شتێکی دیکەی تێدا نەبوو، لەلایەن وڵاتـانی ئیسلامیی بە زۆرینه عەرەبەوە چووکترین بـایەخی پـێ نەدرا. لە کۆتاییـدا نێـوەرۆکی بەیاننـامەی کۆبـوونەوەکە دەریخسـت کە نەخشـەڕێگاکانی سەرۆککۆماری ئێران بۆ چارەسەرکردنی دۆخی نـاوچەکە، کەمترین شوێنی لەسەر هەڵوێستی وڵاتـانی ئیسلامی و عەرەبیـی ناوچەکەدا بووە.

ئاکامی ئەم سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکە و تەرخانکردنی سەروەت و سامانی خەڵکی وڵات بۆ پشتیوانی لە گرووپە نیابەتییەکان کە پێی وایە دەتوانێ بە بەکارهێنانیان، ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکان تووشی تەنگژە بکـات، تـا ئێستا جیـا لە لەهەژاریداهێشـتنەوەی خەڵکـی وڵات و خۆتەریکخسـتنەوە، بەرهەمێکـی ئەوتـۆی نەبـووە. درێـژەدان بەم سیاسەت و کردەوانە – بەتایبەت لە دۆخی ئێستادا – کە پێناچێت کاربەدەستانی کۆمـاری ئیسلامی بە کردەوە زیـاتری لـێ بچـنە پـێش، بە پـێچەوانەی بۆچوونەکـانی، محەمـمەد جەوادی زەریـف، وەزیـری دەرەوەی پێشـووی ڕێـژیم، لەپـێشدا چارەنووسێکی تاڵ و تاریکی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و کاربەدەستانی ئەم نیزامە دەبێت.

٢٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# بەردەوامیی تیرۆرەکانی ڕێژیم لەسایەی بێهەڵویستیی کۆمەڵگەی جیهانیدا



عەلی بداغی

ئێـوارەی ڕۆژی پێنجشـەممە، ٢٥ی خەزەڵـوەر سـۆراب ڕەحمەتـی، ئەنـدامی چـالاکی حیزبـی دێمـوکرات لەلایەن تیمێکـی تێرۆریستیی کۆمـاری ئیسلامیی ئێـرانەوە لە بەردەم مـاڵەکەی لە شـاری هەولێـر کەوتە بەر دەسترێژی فیشـەک و بەتوندی برینـدار بـوو. تـاوانی سـۆراب ڕەحمەتـی بـۆ ئەوەی ناوەنـدە ئەمنیەتییەکـانی ڕێـژیم ڕاسـتەوخۆ بڕیـاری کوشـتن و جێبەجێکـردنەکەی بـدەن هەم ئەنـدامەتیی چـالاکی لە حیزبـی دێمـوکرات و هەم چـالاکیی خۆبەخشـانەی لە کـردنەوە و بەدواداچـوونی چەنـدین پەروەنـدەی تێـرۆری چالاکـانی سیاسـیی کـورد لە هەرێمـی کوردسـتان لە دەزگـای دادی هەرێـمە. بەتـایبەت کە لە چەنـد پەروەنـدەی بەئاکامگەیانـدوودا تێرۆریسـتەکان دانیـان بەوە دانـاوە بەکرێگیـراوی ناوەنـدە سیخوڕییەکانی ئێران بوون و بە بڕیاری بەرپرسانی ئێرانی و لەبری وەرگرتنی پـارە پیلانە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمیـان لە خـاکی هەرێمـی کوردسـتاندا جێبەجـێ کـردوە و ئەم ڕیسـواییە پتـر هانـدەری ناوەنـدە ئەمنیەتییەکـان بـۆ کوشـتن و لەمەیدانوەدەرنانی ناوبراو بووە.

دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی لە پووشپەڕی ئەمساڵیشدا و لە دوو کردەوەی تێرۆریستی لە دوو شوێنی دیکەی هەرێمی

کوردستاندا گیانی لە سێ تێکۆشەری حیزبی دێموکرات -عادڵ موهاجیر، لوقمان ئاجی و سیامەند شابۆیی- ستاندبوو. حیزبی دێموکرات بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی وەک ئامانجی یەکەم و سەرەکیی دەزگای تێرۆری ڕێژیم و لە ئەساسدا بە مەبەستی لە زەبروەشاندن لە جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەردەوام کەوتۆتە بەر پەلامارە تێرۆریستییەکانی ئەم ڕێژیمە. لەم ساڵانەشدا تەقینەوەی شەوی یەڵدا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب (لە شەوزستانی ١٣٩٥دا)، تێرۆری چەند کادر و پێشمەرگەی حیزب (قادر قادری، سەباح ڕەحمانی و مووسا باباخانی) لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا، مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزب (لە هاوینی ١٣٩٧ و پاییزی ١٤٠١) و تێرۆر و ئێعدامی کۆمەڵێک تێکۆشەری دیکەی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات چەند نموونەیەک بۆ بەردەوامیی سیاسەتی نەگۆڕی کۆماری ئیسلامی و کردەوەی تێرۆریستیی ئەم ڕێژیمە دەرحەق بە حیزبی دێموکراتن. هەروەک گوترا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا بۆ زەبروەشاندن لە حیزبی دێموکرات و لاوازکردنی جووڵانەوەی سیاسیی کورد بەبەردەوامیی تێرۆری تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی چ لە نێوخۆی کوردستان، چ لە کوردستانی عێراق و چ لە وڵاتانی ئورووپاییش لە بەرنامەی کاری خۆیدا بووە و تەنانەت لە سەرووترین ئاستی ڕێبەریی ڕێژیمدا بڕیاری لەسەر تێرۆری ئاستبەرزترین ڕێبەرانی ئەم حیزبە، واتە د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی داوە. بۆیە تێرۆری نیزیک بە ٤٠٠ ئەندامی ئەم حیزبە لە نێوخۆی ئێران و کوردستانی عێراق تەنیا بەشێکی بچووک لە کارنامەی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی دژ بە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتن.

ڕاستە مێژووی تێرۆر لە سیاسەتدا بۆ سەردەمی کوژرانی ژولیوس سێزار بە دەستی بروتوس و هاودەستەکانی دەگەڕێتەوە و کەم حکوومەتی دیکتاتۆر و نادێموکراتیک هەبووە لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتەکەیدا بڕیاری کوشتن و تۆقاندنی دژبەرانی خۆی نەدابێت، بەڵام حەز و تامەزرۆیی کوشتن و خوێنڕشتن یەک لە تایبەتمەندییە سادیستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. تەنانەت ئەگەر لە زۆر حکوومەتی دیکتاتۆری و یاساشکێنی دنیای ئەمرۆشدا تێرۆر دوایەمین هەڵبژاردەی دەسەڵاتە، بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا بەردەستترین بڕیارە کە دەمودەست دەدرێ و پیلانی جێبەجێکردنەوەی بە دەزگای تێرۆر دەسپێردرێ. هەر ئەوەش وایکردوە کە شەقامی هیچ شارێک و پەرێزی هیچ وڵاتێک لەم دنیایە بۆ دژبەرانی کۆماری ئیسلامی ئەمن نەبێت.

مەسەلە ئەوەیە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەواوەتیی خۆیدا و بەپێی ئایدۆلۆژیی سیاسی و ئایینیی خۆی تێرۆر بە چەکێکی پێویست و کاریگەر پاکتاوکردنی دژبەرانی خۆی دەزانێ، هەروەها باوەڕیان وایە کە تەنیا بە توندوتیژی و سەرکوتی خوێناوی دەتوانن دەسەڵاتەکەیان ڕابگرن. بەڵام جێی داخ ئەوەیە لەکاتێکدا تێرۆر لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە بە دژەبایەخ و کردەوەیەکی قێزەوەن دادەنرێ، کەچی ساتوسەودا و سیاسەتی سازان و هەڵکردنی کۆمەڵگەی جیهانی لەگەڵ ئێران بەبەردەوامی یارمەتیدەری پێداگری و بەردەوامیی ڕێژیم لە کردەوە تێرۆریستییەکانی بووە؛ لەو سۆنگەیەشەوە "تێرۆر" و "باجئەستێنی" و بەکارهێنانی ئەو دووانەیە وەک چەکێک لە هاوکێشەی بەرژەوەندییەکانی وڵاتاندا هەتا ئێستاش بۆ

کۆماری ئیسلامی پڕدەسکەوت بووە. ئەوجۆرە مامەڵە و هەڵسوکەوتە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران تا ئەو ئاستە چۆتە پێشێ کە ڕێژیم لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ بەردەوامیی لە کردەوە تێرۆریستییەکانی لەدژی حیزبی دێموکرات و هەڕەشە و هێرشە مووشەکییەکانی بۆ سەر ئەم حیزبە، تەنانەت بیهەوێ بەئاشکرا بەرپرسایەتیی کردەوەکانیشی وەئەستۆ بگرێ.

**تێرۆی سۆهراب ڕەحمەتی جارێکی دیکەش پێداگری لەسەر دوو ئاکامگیریی سەلمێندراو دەکەن:**

**یەکەم**: ڕێژیم لە دەستەوەستانی لاوازیی شەرعییەت و گوتاری سیاسی و حوکمڕانیی خۆیەوەیەتی پەنا بۆ تێرۆر دەبا. ئەم ڕێژیمە ئامادە نییە دەسەڵات بۆ نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک جێ بێڵێ و لەپێناو مانەوەی زیاتردا وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی لە سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان، گرتن و کوشتنی ڕێبەران و چالاکانی سیاسی و ڕێکخەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و مافویستیی کۆمەڵانی خەڵک بەردەوام دەبێت.

**دووهەم**: هەتا ئەو ڕێژیمە لە دەسەڵاتدا بمێنێ؛ تێرۆر، کوشتن، دەستێوەردان و سنووربەزاندن و بێڕێزی بە یاسا و ڕێسای نێوخۆیی وڵاتان لەلایەن ڕێژیمەوە بەردەوام دەبێ. هەروەها هەڕەشە و هێرش و جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە تەنیا کاتێک لە کەمی دەدەن کە تێچووەکانی بۆ کۆماری ئیسلامی زیاتر لە قازانجەکانی بن، ئەوەش تەنیا بە گۆڕینی بڕیار و ئیرادەی کۆمەڵگەی جیهانی و بە کۆتاییهێنان بە سیاسەتی سازان و موماشاتیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی توند و بەرپرسیار و وەڵامدەرکردنی ڕێژیم لەهەمبەر جینایەتەکانی وەدی دێت.

**٢٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣**

# ڕاگەیەندراو لەبارەی تیرۆری ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر




**بۆ بیر و ڕای گشتی!**

**بە ئاگاداریی هەموو لایەک ڕادەگەیەنین سەر لە ئێوارەیٚ ئەمڕۆ پێنج شەممە ٢٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٢ی هەتاوی (١٦ی نوامبری ٢٠٢٣ی زایینی) سۆهراب ڕەحمەتی، ئەندامێکی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پارێزەر و نیشتەجێی شاری هەولێر و ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لە شوێنی ژیانی لە بەردەم "هانا سیتی" تەقەی لێ کراوە و بەتوندی بریندارە.**

**سۆهراب ڕەحمەتی کادری پێشووی حیزبی دێموکرات کە پارێزەری چەند پەروەندەی وەک تیرۆری شەوی یەلدای بەردەم دەفتەری سیاسیی حیزب (١٣٩٥- ٢٠١٦)، پەروەندەی تیرۆری شەهید قادر قادری (١٣٩٦ - ٢٠١٨) و پەروەندەی تیرۆری مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات (١٣٩٧-٢٠١٨) بووە، پێشتریش بە بەردەوامی لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەڕەشەی کوشتنی لێ کراوە،**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئەو کردوە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامی ڕادەگەیەنێ کە هێرشی تێرۆریستی بۆ سەر سۆهراب ڕەحمەتی دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە پشتە و، چاوەڕوانیی لە دەزگای داد و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە بەدواداچوون بۆ ئەو کردەوە تێرۆریستیە بکا، بکەرانی ئەم جینایەتە بدۆزێتەوە و لەگەڵ لە قاودانی ئەم جینایەتە تاوانبارانی سەرەکی بە سزای تاوانەکانی بگەیەنێ.**

**زانیاری و ورەکاریی زیاتر لە ڕاگەیەندراوەکانی داهاتوودا بڵاو دەکەینەوە.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ناوندی تەشکیلات**

**٢٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٢**

# دەروشانەوەی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا



**سمایل شەرەفی**

"ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ڕۆڵەکانمانە لە شۆڕشی ژینادا. شەهیدبوونیان پیرۆز بێت، ڕێگایان بەردەوامە. ئێمە دایکانی شۆڕش بە هیچ جۆرێک لە خوێنی ڕۆڵەکانمان ناگوزەرێین. تا دوا هەناسەمان دادخواهی خوێنی بەناحەقرژاوی ڕۆڵەکانمانین بە دەستی ڕێژیمی جمهووریی ئیسلامی ئێرانەوە. ڕێگای شەهیدەکانمان پڕ ڕێبوار بێت. ناسرەوین، نابەزین، سەردەکەوین."

ئەمە قسەی دایکی یەکێک لە شەهیدەکانی شۆڕشی ژینایە کە لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی کوڕەکەی و کۆمەڵێک لە شەهیدەکانی دیکەدا و لە کۆڕێکی دایکانی شەهیدانی شۆڕشی ژینادا کردنی. بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەگشتی لەگەڵ ئەوەی یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ڕێی ئازادی و سەربەستی لەبیر ناکەن، بە باوەڕەوە شانازی بە خۆیان و ئەو ڕێگایەوە دەکەن لە ئەوان گیانیان لەپێناویدا بەخت کردوە. ئەوان لەبیری ناکەن کە ڕێژیمێکی سەرکوتکەری دژبە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران و کوردستان، "بەناحەق" خوێنی ڕۆڵەکانی ئەوانیان ڕشت و هەروا بەئاسانیش نەتەنیا لە خوێنی ڕۆڵەکانیان چاوپۆشی ناکەن، بەڵکوو لێپرسینەوە و بەدواداچوون دەکەن و کۆماری ئیسلامی ئێران بە بکوژی ڕۆڵەکانیان دەزانن. بنەماڵەی شەهیدان و خەڵکی کوردستان کە دەرکیان بە ماهییەتی دژیگەلیبوونی ئەم

ڕێژیمە و وڵامدەرنەبوونی بەرانبەر بە ویست و داخوازی و "دادخواهی" کردوە، نەسرەوتن و نەبەزینیان وەک تەنیا ڕێگای سەرکەوتن هەڵبژاردوە و بە دەنگێکی بەرز دەیڵێننەوە "ناسرەوین، نابەزین، تا سەردەکەوین."

مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٤٠١ هەتاوی (ساڵی پار) بۆ کوردستان لوتکەی ڕاپەڕینێکی مافخوازانەی جەماوەریی پڕ لە گیانفیدایی بوو، لەم مانگەدا گشت شەقامی شارەکانی کوردستان جمەی دەهات لە ئیرادەیەکی یەکگرتووانەی جەماوەری. خەڵکی کوردستان لە درێژەی ڕەوتی شۆڕشی ژینادا و لە مانگی خەزەڵوەردا شەقامەکانیان کردبوو بە سەنگەرێکی جەماوەری دژ بە سیاسەتی سەرکوت و دیکتاتۆری. شەقامەکانی کوردستان هیوا و هومێدێکی دیکەی بە شۆڕشەکە بەخشیبوو. شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران بە چاوی هومێدەوە لە کوردستانیان دەڕوانی و کوردستان بۆ تاران و شارەکانی دیکەی وڵات ببوو بە "چاو و چرا". هەر لە تاران و شارەکانی دیکەوە ئاواتیان بە ئیرادەی بەرز و یەکگرتووانەی کوردستان دەخواست و لەو باوەڕەدابوون کە "ئەگەر شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوانیش وەک کوردستان بێت، ئێران دەبێتە گوڵستان". کوردستان ببووە وێردی سەر زاران و ئاواتی شاران.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە نەتەنیا قەت چاوی بینینی کورد و کوردستانی نەبووە و بە پێی سیاسەتی دژێگەلیانەی هەمیشە هەوڵی ناشیرین نیشاندانی ئەم خاک و نەتەوە هوشیار و مافخوازەی داوە، بە ئاشکرا دەیدیت کە کورد و کوردستان بۆتە کلاسی شۆڕش و نموونەیەک بۆ دەربازبوونی هەمیشەیی لەژێر سێبەری ڕەشی ئەودا. بۆیە ڕێژیم لە نیوەی هەمان مانگی خەزەڵوەردا ماشێنی سەرکوت و کوشتاری خۆی خستەکار و بە وەڕێخستنی دەیان هەزار هێزی سەرکوتکەر لە شوێنەکانی دیکەوە هێرشیان هێنایە سەر شۆڕشگێڕانی سەر شەقامەکانی کوردستان و لە ماوەی دوو حەوتوودا بە سەدان کەسیان لە لاوانی بەهەست و دڵ پڕلە هیوا و هومێدی ئەم نیشتمانە لە شارە جیاجیاکانی کوردستاندا شەهید و بریندار کرد.

لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ئەم شەهیدانەی شۆڕشی ژینادا، دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم ئیزنیان نەدا بنەماڵەکانیان و خەڵک بە ئامادەبوونیان لەسەر گڵکۆی شەهیدەکان، ڕێوڕەسمی یادکردنەوەیان بۆ بگرن. بەڵام بنەماڵە ئازا و چاونەترسەکانیان بە کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر، بەپۆشینی جلوبەرگی تایبەت و سیمبولیک و بە کەڵکوەرگرتن لە هێما نەتەوەیی و تایبەتییەکانی وەک ئاڵای کوردستان، جامانە و هەوری، یاد و بیرەوەریی شەهیدەکانیان بەرز ڕاگرت.

ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا بە دەیان جار بە زمانی هەڕەشە و گوڕەشەوە هەوڵیان داوە، بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا بێدەنگ بکەن؛ پێیان گوتوون مافی ئەوەیان نیە لەسەر گڵگۆی شەهیدەکان کۆڕوکۆبوونەوە بکەن، پێیان وتوون ئەگەر فیلم و ویدیۆی ڕێوڕەسمەکانیان بۆ میدیاکان بنێرن و بڵاویان بکەنەوە لێپرسینەوەی توندیان لەگەڵ دەکەن، هەڕەشەیان لێ کراوە کە نابێ وەک بنەماڵەی شەهیدان لە دەوری یەک کۆببنەوە و وتار بدەن و سروود و

گۆرانی بڵێن، تەنانەت هێندێکیان بانگ کردوون و تەماحی ماددی و ئیمتیازی جۆراوجۆری وەبەر ناون کە شەهیدبوونی شەهیدەکانیان بۆ جۆرێکی دیکە و پێچەوانەی ئەوەی بووە باس بکەن و بگێڕنەوە. بەڵام ئەوەی لە ماوەی یەک ساڵ و چەند مانگی ڕابردوودا لە کەس و کار و بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا بینراوە و بیستراوە، درەوشانەوەیەکی پڕ لە شانازی و شکۆیە.

ڕەفتار و هەڵوێستی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا جێگە و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە. لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا و بەتایبەت لەو قۆناغەدا کە کپی و ڕاوەستانێک بە شۆڕشەکەوە دەبیندرا و بەرەی "ئۆپۆزیسیۆنی فرسەتەڵەبی ئێرانی" لە فازی بێهیواکردنی خەڵکدا بوو، ئەوە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بوون کە بە پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕاوەستان بەرانبەر بە هەڵوێست و سیاسەتەکانی ڕێژیم، لە هەوڵی زیندووڕاگرتنی شۆڕش و دڕدان بە کەشی ناهومێدیدا بوون.

لەم پێوەندییەدا جێی خۆیەتی تایبەتی ئافەرین بنێرین بۆ ئەو دایک و خوشک و ژنانەی وەک کەس و کاری شەهیدان لە ڕیزی پێشەوەی ئەم هەڵوێستانەدا بوون و بە ڕەفتار و دەرکەوتنی ژیرانە و تەڕی لە پەیامی تایبەتیان بۆ دۆست و دوژمن، لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" دا وەک شایانی خۆیانە درەوشانەوە.

٢٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧٢٣ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی**



# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو هاوڕێیان بۆ نووسین و ئامادەکردنی نووسراو و بابەتەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" و "کوردستان میدیا"و کارو چالاکییەکانتان، دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

**ڕەحمان نەقشی**

